# بارزان و زێبار

## لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا

١٢٦٧-١٣٣٨ کۆچی

١٨٥١-١٩١٩ زایینی

بەرگی چوارەم

هەواڵنامەی کتێب

ئامادەکردن و پێشکەشکردنی:
**دکتۆر نەوزاد یەحیا باجگر**
وەرگێڕان: **ئاشتی ڕەحمان**

# بارزان و زێبار

## لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا

١٢٦٧-١٣٣٨ کۆچی
١٨٥١-١٩١٩ زایینی

**بەرگی چوارەم**

هەواڵنامەی کتێب

**بڵاوکراوەی زانکۆی جیهان**
**خانەی بەڵگەکان**

**٢٠١٨**

ئامادە و پێشکەشکردنی: **د. نەوزاد یەحیا باجگر**

وەرگێڕان: **ئاشتی رەحمان**

# پێرست


| زنجیره | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | پێشەکی | ٧ |
| ٢ | ڕونکردنەوە لە بارەی بەڵگەکان | ٨ |
| ٣ | وشەکان | ١٠ |
| ٤ | بەڵگەکان | ١٥ |


هەواڵنامەی کتێب

ناوی کتێب • **بارزان و زێبار** لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا

بەرگی چوارەم ۱۲۶۷-۱۳۳۸ کۆچی/ ۱۸۵۱-۱۹۱۹ زایینی

ئامادە و پێشکەشکردنی • د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر

وەرگێڕان (زمانی عوسمانی) • ئاشتی رەحمان

بەڕێوەبەری هونەری • بورهان سابیر

دیزاینی ناوەڕۆک • هێمن حەساری

بڵاوکراوەی • زانکۆی جیهان | خانەی بەڵگەکان

تیراژ • ۱۰۰۰ دانە

چاپ • یەکەم ۲۰۱۸ هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردنی (      )ی ساڵی ۲۰۱۸ی وەزارەتی رۆشنبیری



بۆ داونلۆدکردنی کتێبەکان: Download Books

www.NawzadBajger.net
www.NawzadBajger.org
chairman@cihanuniversity.edu.iq

تەواوی مافی
ئەم کتێبە پارێزراوە
بۆ زانکۆی جیهان

هەواڵنامەی کتێب

ئەو وشەو بیروبۆچوونانەی کە لەم پەرتوکەدا نووسراوەتەوە سەرچاوە کەی بەڵگەکانەو ئێمە لێی بەرپرس نین، لەبەر ئەمانەتی زانستیش لەکاتی وەرگێڕانی دەستکاری نەکراوە.

# پێشەکی

دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عوسمانی لەلایەن عوسمان غازی کوڕی ئەرتوغرول لە ساڵی ١٢٩٩، ئەو سوڵتانانەی عوسمانی کە یەك لە دوای یەك دەسەڵاتیان گرتە دەست، لە خەمی فراوان بوونی دەسەڵات و خاکی عوسمانی دا بـوون، تا گەیشتە ئەو رادەیـەی ئیمپراتۆریەتێکی گـەورە و فـراوان دروسـت بکەن، بێگومان فـراوان بوونی خاك و دەسەڵاتیش لەسەر حیسابی نەتەوە و خاکی میللەتانی تر هاتە دی.

عیراق بە گشتی و خاکی کوردستانیش یەکێك بوو لەو خاکانەی کە بوو بە بەشێك لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، دوای ئەوەش کاروباری کارگێری دەوڵەت و کاروباری سیاسی دەوڵەت گۆرانکاری بەسەرهات و لەسەر بنەما، یاساورێسای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی رێکخراو و بەرێوەچوو. ئەو ماوەیەش کە حوکم لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکان بوو، بێگومان لە ژێر ئەو حوکمەش چەندین هەوڵ و کۆشش درا و کرا بۆ ئەوەی ئازادی و سەربەخۆی بەدەست بێت، حوکمی خۆ بە خۆیی بونیاد بنرێت، بە دڵنیاییەوەش دەوڵەتی عوسمانی ئەو هەوڵ و کۆششانەی بە ئاژاوەگێر و چەتە ناوبرد، جگە لەوەش کەسانێك هەبوون ئەو تێکۆشانانەی قۆزتۆتەوە تا بە مەرامی بگات و نیازی خۆی جێبەجێ بکات، هەر بۆیە هەر رووداوێك لە ژێر هەر ئالایەك دروست بووبێت کەسەکان بە چەتە و ئاژاوەگێر لە قەڵەم دراون.

یەکێك لەو ناوچانەی کوردستانیش کە بە درێژایی مێژوو کەسایەتی ناودار تێدا سەری هەڵداو یەك لە دوای یەك لە هەوڵ و کۆششەکانیان بێزار نەبوون و بێ هیوا نەبوون، ئەویش ناوچەی بارزان بوو، تێکۆشانی سەرکردەکانی ئەو ناوچەیە وایکرد ئەو ناوچەیە لە رووداوەکـان بێبەش نەبن و دەوڵەتی عوسمانیش سڵی نەکرد بۆ ئەوەی ناوچەکە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی و شۆرش و راپەرینەکانی ئەو ناوچەیە دامرکێنێتەوە. هەر بۆیە ئەوەی لە بەڵگەکانی دەوڵەت چ ناوەخۆ بێت یاخود ئەوانەی دەرەوە باسیان لەم راپەرین و رووداوانـە کـردووە، بە تایبەتی بەڵگەکانی عوسمانی، چونکە ئەو خاکە بەشێك بووە لە خاکی عوسمانی، بە دڵنیاییەوە باسکردنی رووداوەکانیش بە گوێرەی بەرژەوەندی تاکەکان و وڵاتانی ناوچەکە گۆرانکاری بەسەردا دێت.

هۆزی بـارزان دەگەرێنەوە بۆ گوندی بـارزان کە لەو سەردەمە لە گوندێکی بچووك پێك هاتبوو، دامەزرێنەرەکەشیان شێخ محەمەدی بارزانی بوو، لە سەر تەریقەتی نەقشبەندی، هەرچی هۆزی زێبارە، کە لەم ناوچەیە دەژین، ناوچەکەیان دەکەوێتە باکووری شاری عەقرە، هۆزی زێبار لە گرنگترین هۆزەکانی بادینانن، بە ناوی ئەم ناوچەیە ناونراون کە تێدا دەژین، بەڵام لەم سەردەمەدا لە رووی کارگێرییەوە بارزان سەر بە قەزای زێبار بوو، مێژوونووسان لە بارەی ئاخۆ بارزان بەشێکە لە زێبار یاخود زێبار بەشێك بووە لە بارزان بیروڕای جیاوازیان هەیە، بەڵام ئەوەی لە بەڵگەکان دەردەکەوێت لە رووی کارگێریەوە زێبار بە قەزا هەڵبژێردراوە و مەرکەزەکەی بارزان بووە. هەروەك لە بەڵگەکانیش دەردەکەوێت لە سەردەمی عوسمانیەکان ئەو ناوچەیە هەرگیز ئارامی و جێگیر بوونی سیاسی بەخۆیەوە نەبینیوە، بەردەوام لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی یاخود هۆزەکانی ناوچەکە و دەوروبەر لە نێو خۆیان ناکۆکی و ململانێی سیاسی سەریهەڵداوە، ئەمەش وایکردووە هێزی سەربازی دەست لە کاروباری ناوچەکە وەربدات.

خانەی بەڵگەکانی زانکۆکەمان پێشووتر لە بارەی هەولێر ئەو بەڵگانەی پەیوەست بوون بەم شارە لە دوو بەرگ کۆی کردنەوە و خستیە بەردەستی توێژەران و پەیوەندیداران، ئەمرۆش لەبەر گرنگی بابەتەکە و زانیاری مێژووی ئەو سەردەمە وەکو خەمخۆری مێژوو ئەو بەڵگانەی کە پەیوەست بوون بە ناوچەی بـارزان و زێبار یاخود دەتوانین بڵێین ئەو بەڵگانەی ناوی ئەو ناوچانەی تێدا دێت، کۆکرانەوە و لە بەرگی سێیەم بە (٣٠٠) بەڵگە و ئێستاش لە بەرگی چوارەمدا زیاتر لە (١٧٠) بەڵگە خرایە بەر دەستی توێژەران.

د. نەوزاد یەحیا باجگر

سەرۆکی دەستەی ئەمینداریەتی کەمپەکانی زانکۆی جیهان

# چەند ڕوونکردنەوەیەك لە بارەی بەڵگەكان

1 • لە ناو بەڵگەکاندا هەڵەی ساڵ و مانگ و ڕۆژ کراوە؛ ئەوەی لە بارەی مێژووی ناو بەڵگەکانە ئەوا مێژووی کۆچی و ڕومی بەکارهاتووە، لە هەندێک بەڵگەشدا مێژووی ڕومي یا ئەوەتا کۆچیەکەی نووسراوەتەوە، بە تایبەتی لە ساڵە ڕومیەکە هەڵەی تێدا کراوە.

2 • جگە لەمەش هەڵەی ناوەکان هەیە، بۆ نموونە هۆز و ناوی کەسێتی، شوێن، لەبەر ئەوەی ئەو نووسەرەی نووسراوەکەی نووسیوەتەوە کوردییەکەی باش نەبووە، بە شێوازی سەر زاری خۆی ووشەکەی نووسیوەتەوە، یاخود لە بارەی ناوچە و شوێنەکانەوە شارەزاییەکی ئەوە تۆی نەبووە، زانیاری لە شێوەزاری ناوچەکەش نەبووە، ئەمەش وایکردووە بە هەڵە بینووسێتەوە، هەر بۆیە لە بارەی ناوەکانەوە هەروەکو خۆی نووسراوەتەوە، دەستکاری نەکراوە.

3 • لە بارەی وەرگێرانی بەڵگەکان ئەوا هەروەکو خۆی وەرگێردراوە؛ یەک ووشە زیاد یاخود یەک ووشە کەمی نەکردووە، تەنانەت هەوڵ دراوە لە کاتی وەرگێرانەکە دەستکاری دەستەواژە و ووشەکان نەکرێت، چونکە ئەگەر بە گوێرەی زمانەوانی کوردی دەستکاری دەستەواژە و ووشەکان بکرابووایە، ئەوا دەبووایە دەستکارییەکی زۆری دەستەواژەکان بکرێت، هۆکاری دەستکاری نەکردنەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بەڵگەکان ڕەسەنایەتی خۆیان لە دەست نەدەن، لە هەمان کاتدا خوێنەر و مێژوونووسان لە شێوازی نووسینی بەڵگە و شێوەزاری ئەو سەردەمەی نووسەران ئاشنا بن، کە ئەو بەڵگانە بە چ شێوازێک نووسراونەتەوە، جگە لەوەش کاری نووسەر و مێژوونووسانە لە کاتی لێکۆڵینەوە لە زانیاری ناو بەڵگەکان ڕوون کردنەوە و شی کردنەوە بۆ بابەتی ناو بەڵگەکەکان بکەن.

4 • لە هەندێک شوێن لە ناو بەڵگەکاندا بۆشایی هەیە، ئەوانیش بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن؛ هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە کاتی نووسینەوەی نووسراوەکە هەندێک ووشەی نهێنی هەبووە، نەویستراوە ئاشکرا بێت، بۆیە نووسەرەکە بۆشایی بەجێ هێشتووە، تەنیا ئەوەی نووسراوەکەی گەیشتۆتە دەستی لەم بۆشاییە تێگەیشتووە و زانیویەتی نووسەر یاخود لایەنی پەیوەندیدار مەبەستی چییە.

5 • لە چەند شوێنێکی کەمیش بۆشایی بە خاڵ خاڵ هەیە (...) مەبەستیش لەم بۆشاییە بە خاڵانە ئەوەیە کە ئەو ووشەیە نەتوانراوە بخوێندرێتەوە، زۆر جار ووشە هەیە خوێندنەوەی زۆر ئەستەمە کە نووسەرەکە بە شێوەیەک یاخود بە خەتێک نووسیویەتی ناتوانرێ بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی لە خوێندنەوەی هەڵە و لە ووشەی هەڵە دوورەپەرێز بین، بۆ ووشەکە بۆشایی بە خاڵ دانراوە.

6 • هەندێک ووشە یاخود ڕاستترە بڵێین زاراوە هەیە لەو سەردەمە بەکار هاتووە و مانای تایبەتی خۆی هەیە؛ ئەو مانایە نادەن کە ئێمە ڕۆژانە بەکاری دەهێنین و لێی تێدەگەین، جگە لەوەش وەرگێرانی ئەو ووشانە

بۆ کوردییەکەی لە نرخ و ماناکەی تێک دەدات و لە هەمان ئەو ئاستە نابێت، واتە مانای پڕ بە پێستی خۆی لە دەست دەدات، بۆیە نەکراوەتە کوردی و هەروەکو خۆی دانراوە، بەڵام بۆ ئەوەی خوێنەر و مێژوونووسان لە پێناسەی زاراوەکان ئاشنا بن، ئەوا لە (شیکردنەوەی زاراوەکانی عوسمانی) پێناسە کراوە و روون کراوەتەوە، لە هەمان کاتیشدا زاراوە هەیە، کە زانراوە لە ماناکەی ناگۆردێت، وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی.

• جگە لەوانەی کە باسمان کرد بەڵگە هەیە، لە چەندین لاپەڕە پێک هاتوون، ئەو چەند لاپەڕەیەش باسی
یەک بابەتی دیاری کراو دەکات، بۆیە لەناویان تەنیا یەک لاپەڕە وەرگێردراوە، چونکە هەموو لاپەڕەکان
7 هەمان بابەت باس دەکەن، جیاوازیەکی ئەوەتۆیان تێدا نییە، بەڵام ئەگەر ئەو چەند لاپەڕەیە باسی چەند
بابەتێکیان کردبێت، یاخود هەر هەمان بابەت بەڵام بە شێوازی جیاواز باس کرابێت ، واتە هەر لاپەرەیەک
بە شێوازێکی جیاواز باسی بابەتەکەی کردبێت، لێرەدا ئەگەر لە بابەتەکە جیاوازی بەدی کرابێت، هەمووی
وەرگێردراوە.

• دووبارە بوونەوەی بەڵگە، کەمێک لە بەڵگەکان هەندێک بابەتی دیاریکراو دووبارە بوونەوەی بەڵگەی
تێدایە؛ واتە هەمان بابەت لە جیاتی ئەوەی هەمان ژمارەی بدرێتی، وەکو ئەوەی لە سەرەوە باسمان کرد،
8 بابەتەکە لە چەند لاپەڕەیەک پێک هاتووە، ئینجا لە جیاتی ئەوەی هەمووی کۆ بکرێتەوە و هەمان ژمارەی
بدرێتی، کەچی بە پێچەوانەوە هەمان بابەت ژمارەی جیاجیایان دراوەتێ، لێرەدا بە ناچاری هەمان بابەت
کە لە ژمارەی جیاجیا پێک هاتووە، وەرگێردراوە، چونکە ژمارەیان جیایە و هەمان ژمارەی نەدراوەتێ.

• لە هەندێک بەڵگەدا لە کاتی نووسینەوەی ڕووداوەکان و زانیاری لە بارەی ناوچەکانەوە بە گشتی باسی
9 بابەتەکان کراوە، بۆ نموونە شوێنی عەرەب نشینیش باس کراوە؛ لێرەدا تەنیا ئەوەی پەیوەندی بە کورد و
ناوچەکانی کوردییەوە هەیە وەرگێردراوە.

• لە نێو بەڵگەکاندا دەستەواژەی دووبارە و ڕستەی دووبارەی تێدا بەرچاو دەکەوێت، لێرە دا نووسەر لە
10 کاتی نووسینەوەی نووسراوەکەدا هەمان زانیاری یاخود دەستەواژەی دووبارە کردۆتەوە و هەمان زانیاری
نووسیوەتەوە.

• لە بارەی ساڵی بەڵگەکان ئەوا بۆ ڕیزبەندی بەڵگەکان تەنیا ساڵی کۆچی بەکار هاتووە، پشت بە مانگ
و رۆژەکەی نەبەستراوە؛ جگە لەمانەش ساڵی ناو بەڵگەکان بە گوێرەی زانیاری ناو بەڵگەکە و ئەوەی
11 سەر بەرگەکەی گۆڕانکاری بەسەر دادێت، واتە نووسەر لە کاتی نووسینەوەی بەڵگەکەی ئەم ساڵەی
نووسیوەتەوە کە بەڵگەکەی تێدا نووسیوەتەوە، کەچی کە گەیشتۆتە لای پاشا ئەو ساڵەی نووسیوەتەوە
کە نووسراوەکەی تێدا بینیوە، هەندێک جاریش ساڵی جێبەجێ کردنەکەی لەسەر نووسراوە، واتە لە یەک
نووسراودا مەبەست بەڵگەکەیە چەند ساڵێکی جیاواز بەرچاو دەکەوێت.

**وەرگێر**

# وشەکان

| | |
|---|---|
| ئالّای (الای) | ئالّای بە مانای کۆمەڵ، قەڵەباڵغ دێت، لە زاراوەی سەربازیش ووشەیەکە لە سێ چوار تابور پێک دێت، هەروەها هەر ئالّایەک سەنجەقێکی لە ژێر دەستدا بوو. |
| ئەعیان (اعیان) | لە سەرەتا بۆ بەدواداچوونی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی میللەت ئەنجوومەنێکی تر هەبووە و ئەم ئەرکەیان پێ سپێردراوە، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ساڵانی ١٨٧٧ و ١٩٠٨ ئەندامەکانی لەلایەن حکوومەتەوە هەڵبژێردراوە. |
| ئەنبار | شوێنێکە بۆ هەڵگرتنی زەخیرە و هەموو کەلوپەلێک بەکارهاتووە. |
| ئەنجوومەنی والّا (مجلسی والا) | ئەنجوومەنی والّا لە ساڵی ١٨٣٧ دامەزرا، ئەم ئەنجوومەنە کاری ئەوە بوو، داواکاری نێوان دەوڵەت و خەڵک جێبەجێ بکات، لە ساڵی ١٨٦٧ هەڵوەشایەوە و لە شوێن ئەو شورای دەوڵەت دامەزرا. |
| ئستەبڵی عامیرە (اصطبل عامره) | تەوێڵەی کۆشکی پاشا. |
| ئۆچاقلق (اوجاقلق) | ئەو زەویـیـانـەن کـە جـیـاکـرابـوونـەوە و داهـاتـەکـانـیـان بـۆ پـارێـزگـارانی قـەڵا و کـۆگـای چـەک دەڕۆیـشـت. |
| ئۆن باشی (اونباشی) | ئـەو سـەربـازەیـە کـە قوماندانیەتی ١٠ نـەفـەری کــردووە، ئـەمـەش لـە نـێـوان نـەفـەر و چاوشـەکـە دەبـێـت. |
| ئیستیناف (استیناف) | دووبــــارە دەســـت پــێــکــردنــەوە، ئــەو بــڕیـــارەی لــە دادگـــای ســەرەتـایــی دەدرا، بــۆ ئـــەوەی بــڕیــارەکــە هەڵبوەشێنرێتەوە ســەردانـی دادگـایـەکـی سـەرووتـر دەکـرا واتـە لە ئـەو بـەرزتـر تا بڕیارەکە هەڵبوەشێننەوە. |
| بابی عالی | بنکەی سەدری ئەعزەم، دیوانی هومایۆن لەگەڵ نەزارەتی ناوخۆ و دەرەوە و فەرمانگەی شورای دەوڵەت دەگرێتەوە. |
| باش کاتیب (باش کاتب) | نووسەری یەکەم یاخود سەرۆکی نووسەران، ئەرکەکەشی لە فەرمانگە فەرمییەکاندا سپێردراوە بە نووسینی نووسراو. |
| باش کیتابەت (باش کتابت) | کـیـتـابـەت واتــە پــیـشــەی نــووسـیـن، بــاش کـیـتـابـەت یـەکـسـانـە بـە بــاش کـاتـیـبـی، واتـــە ســەرۆکــی نــووسـیـن. |
| باشبوغ | قوماندانی سەربازی ڕێک نەخراو یاخود نارێک |
| بەرائەتی شەریفە | واتە پاکانەی ئەستۆ و خۆبەرێکردن، لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ وەرگرتنی زەوی کشتوکاڵی یاخود دامەزراندن دەبووایە لەلایەن پاشاوە یاخود دەوڵەت بەرائەتی شەریفە واتە پاکانەی ئەستۆی وەرگرتبووایە. |
| برادەر زادە | برادەر زادە منداڵی خوشک و برا، هەروەها برازا، پورزا، خاڵۆزا دەکات. |
| برادەری | واتە برا. |
| بلۆک (بلوک) | دەستەی سەربازی. |
| بلۆک باشی (بلوک باش) | سەرۆک یاخود بەرپرسی بلۆک. |
| بینباشی (بیکباشی) | بین بە مانای هەزار کەس دێت، بینباشی، ئەو ئەفسەرەیە یاخود قۆماندانەیە کە تابورێک بەڕێوە دەبات لە هەزار سەرباز پێک هاتووە. |
| تابور | لەشکری سەربازی، کەرتی سوپا. |
| تاتار | نامەی گواستۆتەوە بۆ ناوچەکانی تری دەوڵەت، جولەی زۆر خێرا بووە، جگە لە ناوی تاتار ئەوەی ئەو کارەی کردووە ناوی (ساعی، پۆستە، قاسد، برید)یشی پێ ووتراوە، لە کاتی خۆیدا تاکی تاتار بە خزمەتی خێرا ڕۆیشتن بەناوبانگ بووە، بۆیە بەم مانایەی پێیان ووتراوە تاتار. |
| تەحسیلدار (تحصیلدار) | ئەو فەرمانبەرەیە  کە باج و باجی داهاتو و بەروبوومی داهات کۆدەکاتەوە. |
| تەرسانە (ترسانه) | یاخود تەرسخانە ئەمەش ئەو شوێنە بوو کاروباری کەشتییە جەنگیەکانی تێدا دەکرا، واتە کارگەی دەریایی و کاروباری دەریایی کە تێدا کارەکانی تێدا جێبەجێ دەکرا، یەکسانە بە تەرسانەی عامیرە (ترسانه عامره). |


| | |
|---|---|
| تەغار (تغار) | چوار ربە یەك تەغارە. |
| تەلیعە (طلیعە) | لەشكری پێشەوە، واتە بەو لەشكرە ووتراوە تەلیعە جەنگدا لە پێشەوە بووە. |
| تیمار | ئەو زەوییە كشتوكاڵیانەن كە ساڵانە داهاتیان لە نێوان ٣٠٠٠ ئاقچە لەگەڵ ٢٠٠٠٠ ئاقچە دایە، ئەم جۆرە زەوییەش بەو سەربازانە دەدرا كە لە شەڕ سوودیان لێ وەردەگیرا یاخود بەو كەسانە دەدرا كە لە بواری ئایینەوە ئەركیان پێ سپێردرابوو، ئەمەشیان بۆ ئەوە بوو تا بژێوی ژیانی خۆیان پێ دابین بكەن، لە جیاتی مووچە پێیان دەدرا. |
| پارە | وشەیەكی فارسیە، یەک قوروش چل پارەیە، یەک پارەش دەكاتە سێ ئاقچە. |
| پۆست نشین | بە شێخی تەكیە ووتراوە پۆست نشین، لە هەمان كاتدا بە كەسێك ووتراوە كە لە پلەیەك دانیشتووە واتە پلەیەیەكی هەبووە و كارەكەی بەڕێوە بردووە. |
| حەرەم (حرم) | ئەو شوێنەیە كە هەموو كەسێك ناتوانێ بە بێ مۆڵەت بچێتە ژوورەوە، بە تایبەتی ئەو شوێنانەی كە تایبەتن بە ئافرەت و ژووری ئافرەت. |
| جەبەخانە (جبەخانە) | ئەو شوێنە بووە یاخود ئەو كۆگایە بووە هەموو جۆرە چەک و باروت و كەلوپەلی چەكی ئاگری تێدا پارێزراوە. |
| جەلیلە (جلیلە) | جەلیلە ناوداری گەورە، وەزیر یاخود موشیرەكان هەروەها كە نووسراو بۆ فەرمانگەی ئەوان دەكرا، بەم شێوەیە رێزیان لێ دەگیرا، هەروەها لە پلەی ئەوان نزمتر پێیان دەوترا بەهییە یا عالییە. |
| خاخام | زانا و بەرپرسی یەهودیەكان، واتە كاهین. |
| خەلافەتپەناهی (خلافتپناهی) | خەلیفە شوێن گرەوەی كەسێک، كە لە دوای پێغەمبەر وەكو وەكیلی پێغەمبەر، ئەركێک بوو لە ئیسلام داهێنرا، پەناهی واتە پەیوەندی، خەلافەت پەناهی واتە شتێک كە پەیوەندی بە خەلیفەوە هەیە و لەلای ئەوەوە دەردەچێت. |
| خەیل (خیل) | تاقم، خەڵكێكی زۆر، بە تاقمی سوارەش دێت. |
| خولعە (خلعە) | ئەو جلە بوو چەند جۆرێكی هەبوو، جۆرەكانیشی جلی رێز لێنان، جلی پەشیمانی یاخود جلی مردن بوو، ئەم جلەش لەلایەن پاشاوە بە كەسێک دەدرا. |
| دەرسەعادەت | ئیستەنبوڵ پایتەختی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. |
| دەفتەردار (دفتردار) | سەرۆكی ژمێریاری، بەرپرس لە كاروباری دارایی. |
| دەفتەر خاقانی (دفتر خاقانی) | دەفتەر خانەشی پێ ووتراوە فەرمانگەیەك بووە كاروباری پارەی دەوڵەت، موڵك و زەوی و زاری بەڕێوە دەبرد، بۆ نموونە تاپۆ. |
| دزدار | پارێزگاری قەڵا. |
| ژورنال | ژورنال دەفتەری رووداوەكان، یاخود دەفتەری رۆژانە. |
| رایج | رایج بەهاكەی تری، واتە نرخەكەی تری یاخود بەهای رابردووی. |
| رەدیف (ردیف) | بەو سەربازانە وتراوە رەدیف كە لە دواوەی سەربازی رێكخراو دەوەستان و ئەوانەش لە كاتی پێویست چەكیان پێ دەدرا. |
| رەژی (رژی) | فەرمانبەرانی فەرمانگەی تووتن. |
| روزهزر و روزقاسم | (Hıdırellez) لە دونیای تورک وەرزێكە جەژنی بۆ ساز دەكرێت، روزی هزر (Ruz-ı Hızır) واتە (رۆژی هزر) كە بە ناوی رۆژی خدری لەز (Hıdırellez) ناو نراوە، بە پێی داستانی ئەو سەردەمە ئەو رۆژەیە لە سەر رووی زەوی پێغەمبەر خدر و ئیلیاس بەیەک گەیشتوون، تاوەكو یارمەتی هەژار و لێقەوماوان بدەن. لە توركیاش جەژن بۆ ئەم بۆنەیە دەگێردرێت. بە پێی رۆژژمێری زایینی رۆژی خدری لەز لە ٦ مایس، لە كۆنیش بە پێی رۆژژمێری رومی رۆژی ٢٣ نیسان هەژمار دەكرێت. ماوەی نێوان ٦ مایس تا ٨ تشرینی دووەم بە ناوی رۆژەكانی هزر وەرزی هاوین، هەرچی ماوەی نێوان ٨ تشرینی دووەم تا ٦ مایس بە ناوی رۆژەكانی قاسم وەرزی زستان پێک دەهێنن. بەم شێوەیە رۆژی ٦ مایس تەواو بوونی وەرزی زستان و دەست پێكردنی وەرزی هاوین و رۆژە گەرمەكان نیشان دەدات. |
| روسوم (رسوم) | باج و باجی گومرگ. |

| | |
|---|---|
| ڕوسومات (رسومات) | فەرمانگەی گومرگ. |
| ڕیاسەتپەناهی (ریاستپناهی) | پەیوەستە بە سەرۆکایەتیەوە، کە پابەندە بە کارەکانی پاشا، بۆ نموونە بۆ لایەنی پاشای ڕیاسەتپەناهی. |
| ڕیال | ڕیال پارەی زیوی ئاسیاوییە، دەکاتە ٢٥ قوروش. |
| ڕیکابی هومایۆنی شاهانە (رکاب همایونی شاهانە) | سەربازە سوارەکانی پاشا. |
| ڕیکابی هومایۆنی قەپوچی باشی | بەرپرسی یاخود سەرۆکی دەرگای سەربازە سوارەکانی پاشا. |
| سالیانە | ئەو باجەیە ساڵی جارێك وەردەگیرێت، لە پێش تەنزیمات بەشێك لە فەرمانبەران و بەکارهێنراوان بە ئەرك ساڵی جارێك کرێیان پێ دراوە. |
| سەدارەت (صدارت) | شوێنی کاری سەدری ئەعزەم و پلەکەیەتی. |
| سەدارەتپەناهی | پەیوەندی بە سەدری ئەعزەمەوە هەیە، وایە ئاماژەیە بۆ سەدری ئەعزەم. |
| سەدری ئەعزەم (صدر اعظم) | لە دەوڵەتی عوسمانی پلەی لە سەرۆک وەزیرانی ئێستا بووە، یاخود وەکیلی پاشا بووە. |
| سەر عەسکەر (سر عسکر) | سەر وشەیەکی فارسیە بە واتای سەر دێت، سەر عەسکەر بە واتاکانی ئێستا بە مانای سوپا سالار، سەر لەشکر، سەرکردەی سوپا، قوماندان دێت. |
| سەر کاتیب (سر کاتب) | سەرۆک یاخود یەکەم نووسەر. |
| سەعادەت (سعادت) | واتە خۆشی. |
| سەفەربەرلیك (سفربرلك) | چوونە شەر، واتە بەو کەسانە ووتراوە کە خۆیان ئامادە کردووە تا بچنە شەر یاخود بۆ چوونە شەر لە ئامادەباشی دابوونە. |
| سەلاملك (سلاملك) | لە کۆشکە گەورەکاندا بەو ژوورە دەوترا کە بۆ پێشوازی کردن لە میوانان تەرخان کرابوو. |
| سیپاهی (سپاهی) | ئەو سەربازە سوارەیە خاوەنی تیمارە واتە زەوی کشتوکاڵییە، لە لەشکری عوسمانی کۆندا چینێک سەربازی سوارە هەبوو، لە بەرامبەر ئەو دە یەکە (عشر) لە زەوی کشتوکاڵی وەریاندەگرت لەگەڵ ئەو ئاژەڵانەی کە خۆیان بەخێویان دەکرد بەشداری جەنگیان دەکرد، بەڵام کەلوپەلی جەنگی لەلایەن دەوڵەتەوە پێی دەدرا. |
| سیپاهیدار (سپاهدار) | گەورەترین سەرباز، سەر عەسکەر. |
| سیلاحشۆر (سلاحشور) | واتە پیاوی چەکدار، ئەو پیاوانە بوونە لە چەك هەڵگرتن و بەکارهێنانی شارەزاییەکی تەواویان هەبووە، لە شەرەکان بە چەك شەریان کردووە. |
| شاهنشاه | گەورەترین پاشا یا شا، واتە پاشای پاشایان یاخود شای شایان. |
| شەهبەندەر (شهبندر) | بە واتای باڵیۆز دێت، لە سەردەمی مەحمودی دووەم لە ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ پاراستنی بازرگانە موسڵمانەکانی ناوخۆ، لە نێوان خۆیان کەسێکیان هەڵدەبژارد تا هەر ناکۆکی و لێك تێنەگەیشتنێك هەبێت چارەسەری بکات. |
| شورای دەوڵەت بە زمانی عوسمانی (شورای دولت) | لە دەوڵەتی عوسمانیدا پێش ئەو دامەزراوەیە، ئەنجوومەنی والا کارەکانی دەکرد دوای هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی والا شورای دەوڵەت لە ساڵی ١٨٦٨ دامەزرا، جۆری کارەکەی لە کاری کارگێڕی پێک دەهات، ئەرکەکەشی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە کارگێڕییەکان و دەرکردنی یاسای گونجاو بوو، ئەم دامەزراوەیە تا ساڵی ١٩٢٢ بەردەوام بوو. |
| چاوش | وشەیەکی تورکیە ماناکەی سەربازی پلە بچووکە، لە ئەمڕۆشمان لە ڕووی سەربازییەوە بە پلەی پاسەوان دێت. |
| چەڵتوك (چلتوك) | برنج. |

هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| قۆیقۆدە | لە سەردەمی عوسمانیەکان ئەو پاشایە بوو، کە سەر بە خەزینە بوو، فەرمانبەرێک بوو ئەو داهاتانەی ڕێک دەخست کە لەلایەن ئافرەت، ئەفەندی، سەدری ئەعزەم، وەزیر، بەگی بەگان و بەگی سەنجاقەکانەوە دەهات، هەروەها ئەوانە ئەرکێکی تریان هەبوو، ئەویش پاراستنی ئاسایش و ڕێکخستنی شوێنە تایبەتیەکانیان پێ درا بوو، ئەو شوێنەی قۆیقۆدەکانی تێدا بوون، بەهۆی ئەوەی لە بەڕێوەبردنەوە پیاوی هێز بوون، ئەمەش وای کرد بوو ناوە کێشە بۆ دەوڵەتی عوسمانی دروست بکەن. |
| عولوفە (علوفە) | ئەو زاراوەیە بوو کە لە سەردەمی عوسمانیەکاندا بەو سەربازانە دەوترا کە سێ مانگ جارێک مووچەیان وەردەگرت. |
| فەریق (فریق) | تاقم، تیپ، دوو لایەن، کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر، بە پلەی سەربازیش دێت، لە کۆن لە چینی سەربازی لە دوای موشیر دەهات، ئەویش گەورەترین پلەی سەربازی بوو. |
| فرقە | دەستە، کۆمەڵ. |
| قەپوچوقدار (قپوچوقدار) | ئەرک و خزمەت بوو، ئەو فەرمانبەرانە بوون لە بابی عالی لە ویلایەت لە خزمەتی قەپوکەتهودا دابوون و هەندێک داواکاری والییان جێبەجێ دەکرد. |
| قەپوچی باشی | بەڕێوەبەری ئەو چینەیە کە لە بەردەم دەرگای کۆشک وەستاون. |
| قەپوکەتهودا (قپوکتهودا) | قەپوکەتهودا خزمەتکاری دەرگا بوون. |
| قەساس (قصاص) | سزای شەرعی بکوژی کوژراو و بریندارکاری بریندارکراوەکەیە، بۆ میراتی کوژراو داوای قەساس دەکەن، وەک بکوژیان قەساس کرد. |
| قپوچی باشی (قپوچی باشی) | قەپوچی بە دەرگای فەرمانگە و شوێنە فەرمییەکانی دەوڵەت دەوترا کە خەڵک بۆ ئیشوکارەکانیان لەم دەرگایە دەچوونە ژوورەوە و دەهاتنە دەرەوە، بێگومان ئەو دەرگایانەش بەرپرس و سەرۆکیان هەبووە، جگە لەوە قەپوچی باشیش پلەیەک بووە دراوەتە فەرمانبەرانی دەوڵەت، بۆ نموونە ریکابی هومایۆنی قەپوچی باشی (رکاب همایونی قپوچی باش). |
| قۆڵ ئاغا (قول اغا) | بە واتای قۆڵ، لێرەش قۆڵی ئاغا یەکسانە بە ئەفسەری یەک قۆڵی تابور، یا خود یاریدەدەری بینباشی، قۆڵی ڕاست و چەپی ئاغا. |
| قولی | قول؛ ئەو پیاوەیە بۆ ئەرك جێبەجێ کردن دەکردرێت، هەرچی قولی؛ ئەو فەرمانبەرەیە بۆ چاودێری کردنی سەربازانی دوژمن و سەرپەرشتی کردنی زەوی و زار ئەرکی پێدەدرێت. |
| قوماندان | قوماندان سەرۆک یاخود بەرپرسی ئەفسەر دەکات، وەکو قوماندانی تابور، قوماندانی لەشکر، قوماندانی ئاڵای، قوماندانی ژاندارمە. |
| قۆناغ (قوناغ) | قۆناغ واتە مەنزل، لە ڕێگا بۆ گەشتیاران و کاروانچیان دروست دەکرا، تا تێدا بحەسێنەوە و بخەون، هەروەها بۆ دەستنیشانکردنی دووری شوێنێک دەیانووت سێ قۆناغ یاخود چوار قۆناغ دوورە، واتە چەند قۆناغ لە نێوان ئەو دوو ناوچەیە هەبووایە هەژمار دەکرا، جگە لەوە بە کۆشکی پاشا و گەورەکان دەوترا قۆناغ یا قۆناق. فەرمانگەی حکوومەتیش پێی وتراوە قۆناغ وەکو قۆناغی حکومەت، کە هۆبەیەک لە هۆبەکانی فەرمانگەی فەرمی حکومەت پێی دەوترا قۆناغی حکومەت. |
| قیە | دەکاتە گرانی ٤٠٠ درهەم، بۆ دە یەکیش بە واتای کیلۆ دێت، کە بە قورسایی ١٠٠٠ گرام دەکات. |
| کەتهودا (کتهودا) | واتە خزمەتکار ئەوانەی بە پلە لە فەرمانبەر پلەکەیان نزمتر بوو، پێیان دەوترا خزمەتکار. |
| کەلەك (کلك) | ئەو پارچە دارانەن کە بە ئاو ئەستوور کراون و یەك لە دوای یەك لە پاڵ یەکتر بە داو بەیەکتریەوە بەستراونەتەوە و تەختەیەکیان لێ پێکهێنراوە، ئەمەش بۆ گواستنەوەی مرۆڤ و کەلوپەل لە ڕووبارەکانی جەزیرە بە تایبەتی لە دیجلە بەکار هاتووە، ئەم کەلەکە بە گوێرەی گەورەییەکەی بۆ بەڕێوەبردنی ٢ تا ٦ پیاوی پێویستە. دوای تەواو بوونی گەشتەکە بە تایبەتی لە سەر ڕووباری دیجلە تا دەگاتە بەغداد بەشی دارەکانی کەلەکەکە زۆر جار بە نرخێکی هەرزان دەفرۆشرا، هەروەها قازانجی ڕاستەقینەی کەلەکچیەکان لەو کرێیە پێك هاتبوو کە لە کاروانچیەکان وەریاندەگرت. ئەو کەلەکچیانە لەسەر ڕووباری دیجلە تا خوارەوە کەرستەی بیناکاری و دانەوێڵە و باری گرانیشیان بار دەکرد. لە جەنگی جیهانی یەکەم سەربازیشیان پێ گوازراوەتەوە. |
| کیل | کیلە، بۆ پێوانی دانەوێڵە بەکارهاتووە. |
| مەسڵەحەت گوزار (مصلحت گزار) | ئەو کەسەیە بەناوی باڵیۆز کاروباری دەوڵەت بەڕێوەدەبات. |

| | |
|---|---|
| مەشروتیەت (مشروطیت) | مەشروت واتە مەرجدار کە پەیوەستە بە مەرجەکانەوە، مەشروتە واتە لەلایەن یەکەم خاوەنیەوە بە مەرجی نەفرۆشتن بۆ میراتگرەکانی بەجێی هێشتووە، ئەویش وەکو خانوو، زەوی کشتوکاڵی، نەخۆشخانە، مزگەوت، هەرچی مەشروتیەتە ئەوا ئەو حوکمدارە دەگرێتەوە کە لە ژێر دەسەڵاتی سەرۆکایەتیە. |
| مەمالیکی مەحروسەی شاهانە (ممالیکی محروسە شاهانە) | وڵاتی عوسمانی. |
| مەمالیك (ممالك) | وڵاتەکان، مەملەکەتەکان، خاکی وڵاتێك. |
| مەملوک (مملوک) | کەسێک پارەی هەبێت، یاخود بەندە، کۆیلە. |
| مەنزل | لە بنەڕەتدا وشەیەکی عەرەبیە، بە زۆر مانا دێت، ئەوەی لە زمانی عوسمانیدا پێویستە بە مانای کۆشک، شوێنی کوشک، سەرە ڕێگای یەک ڕۆژ دێت، یاخود بە مانای دووری نێوان دوو کۆشک دەکات، تاتارەکان لە کاتی بردنی پۆستە بۆ ناوچەکانی تر، لەم مەنزیلانە هاتوونەتە خوارەوە و حەساونەتەوە، هەروەها ئەسپیان گۆڕیوەتەوە، یاخود شەویان لەوێ بەسەر بردووە. |
| موشیر (مشیر) | بە مانای ئاماژە پێکردن دێت، لەلایەکی تر لە چینی سەربازی لەگەڵ وەزارەت یەکسانە، کە گەورەترین پلەی سەربازیە، بۆ نموونە موشیری لەشکر، موشیری تۆپخانە. |
| موعەججەلە (معجلە) | موڵکی میریە و لە وەقف دیارە، هەر لە وەقف مامەڵەی بۆ دەکرێت، کە پارەکەی پێش وەختە دەدرێت. واتە بە شێوەی بەگایەتی و وەرگرتنی پارەی پێشەکی لەلایەن ئاوقافەوە دەبێت. |
| موقاتەعە (مقاطعە) | وشەی موقاتەعە هەر لە سەرەتاوە، ئەو زەویانە بوونە کە خاوەنداریەتی بۆ دەوڵەت یاخود وەقفەکان بووە، بە کرێ دراوەتە کەسی تایبەت و دامەزراوەکان بە شێوەی ڕێککەوتن بووە، جگە لەوەش بڕی پارەکە دیاری دەکرا و ئەو پارەیەش ڕاستەوخۆ دەچووە خەزینەی دەوڵەت. |
| میعمارباشی (معمارباشی) (سەرۆکی بیناسازی) | سەرۆکی بیناسازی، کاری سەرپەرشتکردنی بیناسازی، هەروەها لە پیشەکەی خەریکی دابەشکردن و ڕێکخستنی کارەکەی بووە. |
| نازر (ناظر) | لە بینین هاتووە، واتە سەیرکردن، کە لە هەموو شوێنێک ئامادە و سەیرکەرە، ئەرکەکەشی بەڕێوەبردن و بەڕێکردنی کاروبارەکانە، وەکو نازری دارایی. |
| هومایۆن (همایون) | پاشا. |
| وەکالەتپەناهی (وکالتپناهی) | پیشەی سەدری ئەعزەم، ئەو کارەیە کە پەیوەندی بە سەدری ئەعزەمەوە هەیە، یەکسانە بە سەرۆکی بریکار. |
| یوزباشی | لە بنەڕەتدا بە مانای ١٠٠ کەس دێت، لە ڕووی سەربازییەوە ئەو ئەفسەرە دەگرێتەوە کە قۆماندانیەتی یەک بلۆک سەرباز دەکات لە ١٠٠ سەرباز پێکهاتوون، بۆ نموونە یوزباشی سوارە، یوزباشی پیادە، یوزباشی ژاندارمە، یوزباشی ڕەدیف. |
| یوک | یوک بە مانای بار دێت، هەڵگرتنی بار ئینجا چ لەلایەن مرۆڤەوە بێت یاخود ئاژەڵ وەکو بارگیر و ئەسپ و گوێدرێژ، لەلایەکی تر بە مانایەکی تریش دێت کە یەک یوک دەکاتە بڕی ٥٠٠ هەزار قوروش. |





| A.MKT.MVL. | 00043.00048 | 7 رەمەزان 1267 |
|---|---|---|

بۆ موتەسەرفیەتی موسڵ

لـە هۆزەکانـی سـانجەقی موسـڵ بەڕێوەبـەری دارایـی ٥٢٠٠٠ قوروشـی هـۆزی هەرکـی لـە کاتـی موزایـدە هەروەهـا لەلایـەن بەڕێوەبـەری قـەزای زێبـار نیعمەتوڵڵا ئاغـا ٢٠٥٠٠ و ٢٢٥٠٠ قوروشـی هـۆزی ئەرتـوش پـارەی میـری لەلایەن عەبدولرەحـمان ئاغـا ١٤٠٠٠ قـوروش خراوەتـە سـەری، ئاقچەکانـی باسـکراو بـە وەرگرتـن رادەسـتی سـندوقی دارایـی کـراوە، بـە گوێـرەی ئـەو ووتانـە لـە وەڵامـدا لە شـوێن خـۆی ئاماژەی پێکـراوە، لـە نەزارەتـی دارایـی جەلیلە بـە راپۆرت پێشـکەش کـراوە، بەمـەش بریارنامـەی ئەنجوومەنـی ژمێریـاری دراوەتـە ئەنجوومەنـی واڵا، بـە تێروانین لـە نووسراوەکە ئـەوەی خراوەتـە سـەری، بـە رەزامەنـدی و رێککەوتنـی خەڵکـی هۆزەکـە کراوەتە بریار، سـاڵی ئـەو ئاقچـە دیاریکراوە بـە باسـکردنی لـە خشـتە نووسراوەتـەوە و نێردراوەتـە خەزینـەی جەلیلـە، ئیتر لەمـەودوا لـە موزایـدە و حەواڵەکـردن لەگـەڵ زیادکردنـی هـۆزی ناوهاتـوو بـری پـارەی میـری هەمـوو سـاڵ بـە رێگـەی ئاغـاکان رادەسـتی سـندوقی دارایـی دەکرێـت، بـە هیـچ شـێوەیەکیش زیـادە وەرناگیرێـت، لـە هـەر حاڵەتێکـدا خۆشـحاڵ دەبـن، نووسراویـش کـراوە کـە بـە ووردی کارەکـە تـەواو بکرێـت و کۆتایـی پـێ بهێنرێـت، بـە وەرگرتنـی رەزامەنـدی جەنابـی ملوکانـەی هومایـۆن ئەمـر و فەرمانـی پاشـای جەنابـی تاجدار هێشـتا لـە مەرکـەزە، چۆنیەتی بـە نەزارەتـی ناوهاتـوو راگەیەندراوە، لەسـەر فەرمانـی پاشـای جەنابـی پاشـا جێبەجـێ دەکرێـت و هیممـەت دەکرێت.


٧ رەمەزان ١٢٦٧




هەواڵنامەی

| 18 موحەررەم 1269 | 00058.00044 | A.MKT.MVL. |
|---|---|---|


بۆ موتەسەرفی موسڵ
لە نـاو ئەیالەتـی موسـڵ ئەگەرچـی دانیشـتوانی قـەزای زێبـار لـە لایەنـی پـارە و بـاج و هەمـوو داهاتێکـەوە لـە مێـژە سـەرپێچی دەکـەن و جێبەجێـی ناکـەن، بـەڵام ئەمجـارە جەنابـی پاشـا توانـی سـەرکەوتوو بێـت و هەموو دانیشـتوانی باسـکراو بخاتـە ژێـر دەسـەڵاتی خـۆی و ملکەچیـان بـکات، پارەوپولی باسـکراویش یـەك یـوك و ٧٠٠٠ قوروش دەسـت کەوتـووە واتـە کۆکراوەتـەوە، هەروەهـا هێنانـی هـۆزی جبـور و دابینکردنـەوە بۆ هەر خانەیەك سـاڵانە ٤٠ قوروشـیان بەردەکەوێـت، دوای ئـەوەی دابینکردنـی بـاج کراوەتە بریار، سـەنەدیان لـێ وەرگیـراوە، خانەکانیان تۆمارکـراوە، لەلایەن حکوومەتـەوە دووبـارە بەسـتراوەتەوە، لـە بابەتـی تۆمـاری ناسـنامە بریارنامـە هاتـووە کـە حاڵـی حـازر چاوپۆشـی لێکـراوە، ئـەو بریارنامەیـە لەگـەڵ کاغەزەکانـی هاوپێـچ زانیـاری نێـردراوە و لـە دوای ئـەوەی لـە ئەنجوومەنـی واڵا بینـراوە، لەلایـەن جەنابـی خەلافەتپەناهـی راگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، جەنابـی شاهنشـاش فەرموویەتـی هـۆزی ناوهاتـوو لـە تۆمارکردنـی ناسـنامەیان حاڵـی حـازر چاوپۆشـیان لێکـراوە، دوای ئەزیەتدانیـان لەلایـەن دانیشـتوانی ناوهاتـووەوە بەڵێنیـان لـێ وەرگیـراوە، کـە بـۆ یـەك رۆژیـش بێـت جموجۆڵـی نەگونجـاو و چالاکـی ئەنجـام نـەدەن و باجەکانیـان لـە کات و مێـژووی خـۆی بـدەن و هـۆزی ناوهاتـووش بـۆ ئـەوەی جانەوەریـان کۆتایـی پـێ بێـت دەبـێ رۆژ لـە دوای رۆژ بێنـە ژێـر باڵـی حکوومـەت، بـۆ ئەمـەش راگەیەنـدراو بـۆ لایەنـی شـەریفەتان نێـردراوە، ئەمـر و فەرمانـی گونجـاو لەلایـەن جەنابـی تاجـدارەوە دەردەچێـت، هیممـەت بکرێـت، ئەمـر و فەرمانـی پاشـای جەنابـی شـاهانە جولـە بکرێـت، زیـاد لـەوە هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی کارەکان.
لە ١٨ موحەررەم ١٢٦٩




هەواڵنامەی کتێب

| A.MKT.MVL. | 00118.00023 | 28 زیلحیجه 1276 |
| --- | --- | --- |


بۆ جەنابی ئەفەندیم
بۆ موتەسەرفیەتی موسڵ و نەزارەتی ناوهاتوو
لـە نـاو موسـڵ، قـەزای زێبـار لەگـەڵ ناحیـەی تەلەعفـەر بـە پێویسـت زانـراوە بەڕێوەبەرەکانیـان بگۆردرێنـەوە، بۆیـە دوور خراونەتـەوە، لـە قـەزای زێبـار عەبدولرەحـمان بـەگ وەکـو بەڕێوەبـەر بـە وەکالـەت دامـەزراوە، ناحیـەی تەلەعفەریـش خەلیـل بـەگ وەکـو بەڕێوەبـەر بـە وەکالـەت دامـەزراوە، لـە سـەرەتای مایـس سـاڵی ٧٦ بـە دواوە ئـەو مووچەیـەی بۆیـان دابینکـراوە، بـۆ جێبەجـێ کردنـی کارەکەیـان بـە نـووسراو ئاماژەی پێکـراوە، لەسـەر ئـەو ئاماژەیەش لـە ئەنجوومەنـی والا چەسـپێنراوە، ئـەوەی باسـکراوە لـە ناحیـەی تەلەعفەر مووچـەی بەڕێوەبـەر ٥٠٠ قوروشـە، لەبەر ئـەوەی هەژمـاری بـاج بـەرز بۆتـەوە، مووچەکـە بۆتـە ١٠٠٠ قـوروش، ئەمـەش بـە ئـارەزوو و ڕەزامەنـدی گشـت دانیشـتووان کراوەتـە بریـار، بـۆ جێبەجـێ کردنـی ڕاپـۆرت و بڕیارنامەکـە هاتۆتـە خەزینـە، ئـەوەی باسـکراوە کـە مووچەکـە لـە ١٠٠٠ قـوروش پێـك دێـت، بـە ڕەزامەنـدی فەرمانـی پاشـای جەنابـی پاشـا چۆنیەتـی جێبەجـێ کردنـی دەچێتـە نەزارەتـی دارایـی جەلیلـە، لـە بـارەی جێبەجـێ کردنـی لـە خۆچێـی نـووسراو کـراوە هیممـەت بکرێـت.
٢٨ زیلحیجه ١٢٧٦




| | | |
|---|---|---|
| 16 ڕەبیعی یەکەم 1277 | 00120.00064 | A.MKT.MVL. |

بۆ موتەسەرفیەتی موسڵ


لە ئەیالەتی موسڵ بەڕێوەبەری قەزای زێبار خەلیل بەگ لەگەڵ بەڕێوەبەری قەزای تەلەعفەر حەسەن ئەفەندی لەگەڵ دانیشتوانەکانیان ناگونجێن و ئاوێتە نابن، بۆیە لە ئەرکەکانیان دوور بخرێنەوە و بۆ قەزای زێبار عەبدولرەحمان بەگ و بۆ قەزای تەلەعفەر عەلامە ئەفەندی بەو مووچەیەی کە بۆیان دابینکراوە بە وەکالەت لە بەڕێوەبەرایەتیەکەیان دامەزراون، بۆ جێبەجێ کردنیش بە بریارنامە ئاماژەی پێکراوە و لە ئەنجوومەنی واڵا پەسەند کراوە بۆ ڕەزامەندی فەرمانی پاشای جەنابی شاهنشاهی هەیە، ڕاگەیاندن دراوەتە نەزارەتی دارایی جەلیلەش، بۆ جێبەجێ کردنی کارەکە هیممەت بکرێت.




هەواڵنامەی کتێب

| 29 رەبیعی یەکەم 1306 | 01643.00046 | DH.MKT. |
| --- | --- | --- |


٢٩ رەبیعی یەکەم ١٣٠٦
١٥ تەممووز ١٣٠٥
بۆ ویلایەتی موسڵی جەلیلە
لە پاشـکۆی سـانجەقی مونتەفیك قائیمقامی قەزای شـەترە محەمەد نەشـئەت، بەهۆی زوڵم و سـەرپێچیەکانی، لە ناو ویلایەتـی موسـڵ لەگـەڵ قائیمقامـی قەزایـەك بگۆردرێنەوە، بۆ ئەم مەبەسـتە بە مۆری فـەوزی دوو پارچـە داواکاری بۆ سـەدارەتپەناهی و نەزارەتـی عاجیزانـە نێردراوە، یەکێك لە داواکاریەکان هاوپێچ لە مێـژووی ١٠ مایس ١٣٠٥ بە نووسراو بـۆ سـەروو نێـردراوە، هەواڵـی وەرگرتـووە کە ناوبـراو گوازراوەتـەوە بۆ قائیمقامیەتی زێبـار، بەڵام بۆ یـەك رۆژیش بێت فەرمـان و ئـاگاداری نەداوەتـە ویلایـەت و کەسیشـی لـە شـوێن خـۆی بـە وەکالـەت دانەنـاوە و لـەوێ هەڵاتـووە، بۆیە داواکـراوە لێکۆڵینـەوەی لەگەڵ بکرێت، پشـت بەسـتن بـە هەندێك ووتە ئەمجـارە بە مۆری فـەوزی داواکاری نێـردراوە، بـە تێروانیـن لـە بابەتەکـە جێبەجـێ کردنـی لێکۆڵینەوەکـە و چۆنیەتـی راگەیاندنـی لـە ویلایـەت هیممـەت بکرێـت.




هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| DH.MKT. | 01765.00127 | سەفەر 1308 |

سەفەر ١٣٠٨
١٧ ئەیلوول ١٣٠٦
بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە
لەشکری شەشەمی هومایۆن ئاڵای ١٠٣ی رەدیف تابوری دووەمی زێبار لە ساڵی ٨٣ تاوەکو ئێستا ئەو تیروپشکانەی کە کراون، ناوەکانیان دەرچووە، بە هەزاران کەسی ئەندام وەکو پاشکۆ ماونەتەوە، بەڵام ٢٥ - ٣٠ ئەندام نێردراوە، لەوانەش چەکیان لەگەڵ خۆیان بردووە، دواتریش رایان کردووە، هەروەها ئەوانەش بۆ ئەوەی بە پاشکۆ نەمێننەوە و رانەکەن، چوار ئەندام بەهۆی هاندانی ئاغاکانیان و ئارەزوویان بە ئاماژەی موشیرەتی جەلیلەی لەشکری هومایۆن هاتوون، پێویستە ئەوانە ئەرکی حکوومەت و مەملەکەت جگە لەمە سەرۆك هۆزەکان یاسا و نیزامی دەوڵەت بە هەند هەڵبگرن و لە هەر کارێکدا یاسای سەڵتەنەت جێبەجێ بکەن و بۆ بڕیارەکان هاوکار بن، ئەو چوار کەسەی کە سەرۆکی هۆزەکانن مامەڵەی سەربازی جێبەجێ بکەن و ئەوانەی ناویان لە تیروپشک دەرچووە و سەرپێچیان کردووە لە دەستگیرکردنیان دژایەتی نەکەن، هەر چۆنێك بێت ئەوانەی دەکەونە دەست هۆکار نەدەنە دەستیان تا رابکەن، لەگەڵ شکاندنی دەسەڵاتی سەرۆکەکانی ناوهاتوو، یاسای سەربازی لە لایەنی کارگێریەوە جێبەجێ دەکرێت، هەروەها پاشکۆکان دەستگیر بکرێن و مامەڵەی رەدیف بە باشی ئەنجام بدرێت، ئەمانەش بە نووسراو بە لایەنی والای سەر عەسکەر راگەیەندراوە، چۆنیەتی جێبەجێ کردنی کارەکەش هیممەت بکرێت.




| I.DH. | 01267.099591 | 18 شەعبان 1309 |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
بۆ جەنابی ئەفەندم

لە ناو ویلایەتی موسڵ قائیمقامی قەزای شەهربازار عەبدولقادر بەگ لەگەڵ قائیمقامی قەزای زێبار عەبدوڵڵا ئەفەندی لە لایەنی ویلایەت ئاماژەی پێکراوە کە شوێنی ئەرکەکەیان بگۆردرێنەوە، لەسەر ئەم ئاماژە پێکردنە بۆ دامەزراندنی قائیمقامە ناوبراوەکان عارف ئەفەندی و حاجی سەعید ئەفەندی لە قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران بە مەبەستی دامەزراندنیان بریارنامە رێکخراوە، ئەگەرچی لەم بریارنامەیە وا نیشان دراوە لە کۆتاییدا لە ویلایەتی ناوهاتوو تەلەگرافنامە هاتووە، عەبدولقادر بەگ بۆ قەزای زێبار و قائیمقامی زێباریش عەبدوڵڵا ئەفەندی بۆ قائیمقامیەتی شەهربازار بگۆردرێنەوە و دابمەزرێن، بە گوێرەی دوا ئاماژەی ویلایەت بۆ جێبەجێ کردنی نووسراو لە نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە هاتووە، هاوپێچ راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، بە هەر شێوەیەك بێت فەرمانی پاشای جەنابی خەلافەتپەناهی بفەرمووێت جێبەجێ دەکرێت، بە راگەیاندنی نووسراو ژمارەی لەسەر نووسرا بەرێزم، لە ١٨ شەعبان ١٣٠٩ و لە ٥ مارت ١٣٠٨.


سەدری ئەعزەم و هاوکاری




هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| DH.MKT. | 01939.00102 | **9 رەمەزان 1309** |

٩ رەمەزان ١٣٠٩
٢٥ مارت ١٣٠٨
بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە
لـە پاشـکۆی ویلایەتـی بەهیـە لـە نێـوان دانیشـتوانی قـەزای زێبـار ناکۆکـی و شـەڕ سـەریهەڵداوە، تاقمێـك کـەس برینـدار و مـردوون، هەروەهـا هەندێك دانیشـتوانی گونـدەکان تـاڵان کـراوە و هێرشـیان کراوەتـە سـەر، لـە شـوێنی تاوانەکـە لێکۆڵینـەوە ئەنجـام دەدرێـت، بۆیـە لـە پلـەی ویلایەتـی بەهیـە راگەیەنـدراوە و ئامـاژەی پێکـراوە کـە بـە پێویسـت زانـراوە روو بکاتـە قـەزای ناوهاتـوو، هەروەهـا بـە تێروانیـن لـە بـارودۆخ و شـوێنەکە دەرکەوتـووە ناردنـی هێـزی سـەربازی بـۆ ناوچـەی باسـکراو نەگونجـاوە، بـۆ مامەڵـەی پـرس و رای گشـتی لـە یاریـدەدەری داواکاری گشـتی موسـڵ نـووسراو هاتـووە، بـە گوێـرەی ئـەو نووسراوانـە، نـووسراو لـە نەزارەتـی دادوەری جەلیلـە نێـردراوە، ئـەو ناکۆکـی و شـەرە باسـکراوەی لـە نێـوان تاکـەکان روویـداوە، تاوانـی لـەم شـێوەیە پێشـووتر روونـەداوە، ئەو سـەرۆك و شـێخانەی کـە بـە یاخیکـەر و چەتـە ناوبانگیـان دەرکـردووە، ئـەو خەڵکـەی کـە لە ژێر دەسـتیانە، لـە نێوان دانیشـتوان و هـۆزەکان هـەر لـە کۆنـەوە دوژمنایەتـی و ناکۆکـی هەبـووە، لەبـەر ئـەم هۆیـەوە ئـەو رووداوە روویـداوە، کارەکـە گرنگـە، بۆیـە لـەم لایەنـەوە یەکـەم جـار لـە رووی کارگێریـەوە ئامـادەکاری و مامەڵـەکان جێبەجـێ بکرێـت، هەروەها ئەوانـەی دەسـتیان لـەم کارەدا هەیـە دەسـتگیر بکرێـن و رادەسـتی هێـزی دادوەری بکرێـن، بەپەلـە و بـە گوێـرەی بەرژەوەنـدی بـە پێویسـت زانـراوە، لەبـەر ئـەو شـەرەی روویـداوە بەپەلـە ئامادەکاری پێویسـت بکرێـت، لـە بـارەی پشـکنینی خاوەنـی تاوانەکـە و دەسـتگیرکردنیان و رادەسـت کردنیـان بە لایەنـی دادەوە، لە سـەروو ئاگاداری نێـردراوە، داواکـراوە ئامـاژەی پـێ بکرێـت، بـۆ جێبەجـێ کردنـی بـە پەلـە هیممـەت بکرێـت.





| 16 موحەررەم 1311 | 00110.00035 | DH.MKT. |
|---|---|---|

نەزارەتی سندوقی گشتی خانەنشینی سەربازی
قەڵەمی نووسین
ژمارە ٢١١
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بۆ جەنابی دەوڵەت

ئەحمەد ئاغا، ئاغای دەستەراست لە لەشکری تایبەتی همایۆن، تابوری شەشەمی تەلیعە (طليعه)، دوای مردنی، کچەکەی ناجیە خان کە خێزانی قائیمقامی پێشووی قەزای زێبار جەمال ئەفەندی مردووە، لەبەر ئەوەی هاوسەرەکەی ماوەی خزمەتی ١٠ ساڵی تەواو نەکردووە و مردووە، بۆیە لە سندوقی خانەنشینی مولکیە مووچەی بۆ نابرێتەوە، داوای کردووە ئەو مووچەیەی باوکی کە پێش هاوسەرگیری بۆی دابینکرابوو، دوای هاوسەرگیری لێی برابوو، دووبارە بۆی دابین بکرێتەوە، بۆ ئەمەش لە سەرۆکایەتی وەکالەتی جەلیلەی شورای دەوڵەت، نووسراو هاتووە و ئاماژەی پێکراوە، لە کاتی حەواڵە کردنی جێبەجێ دەکرێت، دوای نووسینی پەراوێز لە ئەنجوومەنی کارگێریش گفتوگۆی لەسەر کراوە، کاتێك نەزارەتپەناهی بە شایانی بزانێت فەرمانەکە دەردەچێت، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.

لە ١٦ موحەررەم ١٣١١ و لە ١٨ تەمموز ١٣٠٩
نازری سندوقی خانەنشینی سەربازی گشتی



Y.A.HUS.00299.00087.002

| Y.A.HUS. | 00199.00078 | 16 موحەررەم 1311 |
|---|---|---|

بابی عالی

فەرمانگەی سەدارەتی پایەبەرز


تەلەگرافنامەی بە شیفرە لە ویلایەتی موسڵ هاتووە

لە قەزای زێبار لە بینباشی رەدیف بۆ قوماندانەتی موسڵ کاغەز هاتووە، لە قەزای ناوبراو قازیەك لە گوندی ساگا نییەت باشی و دینداری خۆی نیشان داوە، دانیشتوانەکەی لە چواردەوری خۆی کۆکردۆتەوە، ئەگەرچی شێخ محەمەد ئەفەندی لە گوندی بارزان لە رێگەی کەسانی پایەبەرز ئامۆژگاری کردووە، بەڵام هیچ کاریگەریەکی نەبووە، ناوبراو بە مەهدیەت بوونی سەرۆکایەتی کۆمەڵەیەك دەکات، شێخی ناوبراو ئەوەی قەبوڵ نەکردووە و بە پێشنیارەکەی رازی نەبووە، بۆیە بە لەسێدارەدان هەرەشەیان لێکردووە، ئەگەرچی لە شوێن خۆیدا ئەو بریارنامە لەلایەن قازیەکەوە دەرچووە، بەڵام زۆربەی دانیشتوانی ئەو دەورووبەرە موریدی شێخی ناوبراوان، ئەوانە چەند ساڵ جارێك هەست و سۆزیان دەگۆرێت و واز لە جوتیاری و کار دەهێنن، کۆمەڵە پێك دەهێنن، دەست بە چالاکی دەکەن، دروشمی دیانەت بەرز دەکەنەوە، ئەمجارەش لە کاتی کۆمەڵە پێك هێنان، چەند رۆژ پێش ئێستاش ئەو قازیە هاتۆتە نزیك مەرکەزی ویلایەت تاوەکو گەندەڵی بڵاوبکاتەوە، کۆمەڵەی ناوبراویش چاوپۆشی کراوە، هەر لە کۆنەوە ئەو جانەوەرانەی کە دەچنە پاڵ ئەو کۆمەڵەیە دەستگیر ناکرێن، بەم حاڵە دەبێ چارەسەرێکی بەپەلە بدۆزرێتەوە، ئەگەرنا ئەو کۆمەڵە گەندەڵە فراوان دەبێت، بۆ ئەمەش بینباشی ناوبراو رایگەیاندووە، ئەو گەندەڵیە بە هەند وەردەگیرێت و هەمیش چالاکی سەرکەشانەی دانیشتوانی قەزای ناوهاتوو کۆتایی پێ دێت، ئەو هێزەی لەوێ ئامادەیە تەنیا لە پۆلیس پێك هاتووە، دەبێ ئەندامی تابوری رەدیف رەوان بکرێت و بە گوێرەی شوێنەکە چاکسازی پێویست بکرێت، لە سێ قۆڵەوە تابور رەوان بکرێت، ئەگەر ئەمە جێبەجێ بکرێت ئەو گەندەڵیەیە بێ دەنگ دەکرێت بۆ چاکسازیەکەش لە ئێستاوە تۆپ و تابوری سەربازی شاهانە بنێردرێت، فەرمان لە موشیرەتی جەلیلەی لەشکری شەشەمی هومایۆن دەرچووە.

لە ٢٨ مایس ١٣١٠

عەزیز والی

هەواڵنامەی کتێب




BEO.000355.026578.002

هەواڵنامەی کتێب


| BEO. | 00355.026578 | 18 جەمادی کۆتایی 1311 |
| --- | --- | --- |

فەرمانگەی ئەرکانی گشتی جەنگی
یەکەی سێیەم
١٢٤١
راگەیەندراوی بەندەیە
لە ویلایەتی موسڵ لە ناو قەزای زێبار ناحیەکانی زوری و شێروان لە رووی شوێنەوە ناوچەی چیاییە و شوێنی شەڕە، دانیشتوانەکەشی خوی جانەوەریان هەیە، لە رووی داهاتی دە یەك لە حەواڵکردن و ئەمانەتەوە بە باشی بەڕێوە نابردرێت، ئەگەرچی هەر لە کۆنەوە بە شێوەی کشتوکاڵ لەسەر خەڵك بەجێ هێڵدراوە، دەست کەوتنی هەموو داهاتەکان لە بنەرەتدا بەستراوەتەوە بە ناردنی هێزی سەربازی، هەموو ساڵ لە داواکاری میری تەنیا بری دە یەك دەستکەوتووە، برەکەی (کسر) ساڵ بە ساڵ کۆبۆتەوە، ئەمرۆ لەم دوو گوندە نزیکەی ٢ ملیۆن قوروش نەدراوە، بۆیە لە نەزارەتی دارایی جەلیلە راگەیەندراوە کە پێویستە بۆ ئەم ناحیانە سەربازی شاهانە رەوان بکرێت، بە راگەیاندنی عالی لەسەر نووسراوی سەدری ئەعزەم لە سەدارەتپەناهی لە مێژووی ٢٣ جەمادی یەکەم ١٣١١ ژمارە ١١٨٩ فەرمانی جێبەجێ کردنی هاتووە، لە وەڵامی ئەو لێپرسینەی کە پێشووتر نێردراوە، لە موشیرەتی جەلیلەی لەشکری شەشەمی هومایۆن تەلەگرافنامە هاتووە، تێدا نووسراوە ئەنجامدانی چالاکی سەربازی لەلایەنی زوری و شێروان تەنیا لە مایس گونجاوە، لەگەڵ ئەوەش ئەو ناوچەیە لە چیای سەخت و ناوچەی دژوار پێکهاتووە، لەگەڵ ئەوەش لە چواردەوری نەستوری چەکدار و هۆزەکانی تری زۆری تێدا نیشتەجێیە، بە گوێرەی ئەوە ناچار دەکرێن هێزی سەربازی بنێردریت هەروەها لەبەر ئەوەی لەگەڵ ویلایەتی هەکاری سنوورە ئەگەر ناردنی هێزی سەربازی تەنیا بۆ کۆکردنەوەی پارە بێت، ئەوا ئەو سوودەی کە لەوە دەبینرێت یەکسان نابێت لەگەڵ خەرجی و تێچووی سەربازی، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٨ جەمادی کۆتایی ١٣١١ و لە ١٥ کانوونی یەکەم ١٣٠٩.
رزا سەر عەسکەر



Y.PRK.ASK.00099.00073.002

<table>
<tr><td>Y.PRK.ASK.</td><td>00099.00073</td><td>17 جەمادی کۆتایی 1305</td></tr>
<tr><td colspan="3">وێنەی ڕەشنووسی تەلەگرافنامەی بە شیفرەی مێژووی ٢٨ تەمموز ١٣١٠ بۆ موشیرەتی لەشکری شەشەم نووسراوەتەوە<br>ئەرکانی جەنگی<br>لە ٢٩ حوزەیران ١٣١٠ لە قەزای زێبار دانیشتووان لە چواردەوری قازیەك کۆبوونەتەوە بۆ پەرشوبڵاوکردنی ئەوانە و بۆ گەڕانەوەی ئاسایشی ناوچەکە و بەرقەرار بوونی، بە قوماندانیەتی مەعروف ئەفەندی ئاغای قول لە موسڵ مەفرەزەیەکی سەربازی ٢٠٠ کەسی لە ئالای ٤٧ و ٣١ ی تابورەکانی چوارەم ڕێکخراوە و بۆ ناردنی دوای مۆڵەتی فەرمانی پاشای ملوکانە دەبێت.</td></tr>
</table>



DH.ŞFR.00240.00064.001

هەواڵنامەی کتێب


| DH.ŞFR. | 00240.00064 | 10 ڕەبیعی یەکەم 1312 |
|---|---|---|

نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

بە تێروانین لە ڕووداوی ڕابردوو و بارودۆخی ئێستا ناردنەوەی شێخی بارزان محەمەد ئەفەندی بۆ موسڵ ئەوا کاری نەشیاو سەرهەڵدەداتەوە، وەك لە ڕووداوی ڕابردووی موریدەکانی ناوبراو دەرکەوت هەروەها بە مۆری هەندێك لە سەرۆك هۆزەکان ئەمجارە کاغەز هاتووە، ئەوانە لە شوێن خۆیان هەندێك بیرۆکەیان ڕاگەیاندووە، پشتگیری خودی کەسێك دەکەن، یا ئەوەتا لەلایەن ئەوانەوە بە زۆرەملێ کۆتایی پێ بهێنرێت یاخود دوای هاتنی بۆ ئێرە دوای کۆکردنەوەیان هەروەك چۆن هاتوونەتە ئێرە بگوازرێنەوە بۆ شوێنێکی تر ئەمەش بە بڕیاری ئەنجوومەنی کارگێری دووبارە ڕاگەیەندراوە، فەرمان.


٣٠ ئۆغستۆس ١٣١٠

حازم والی موسڵ



هەواڵنامەی کتێب


| | | |
|---|---|---|
| DH.MKT. | 00393.00076 | 3 موحەررەم 1312 |
| لە ویلایەتی ئەدرنەی جەلیلە بۆ لایەنی عالی<br>لە ئاغاکانی زێبار، حەسەن ئاغا و عەبدوڵڵا ئاغا و سەلیم ئاغا لە پلەی پێنجەم بۆ هەر یەکە یەك پارچە نیشانی مەجیدی نیشانیان پێ دەدرێت. | | |




هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| BEO. | 000428.032042 | **6 سەفەر 1312** |

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەتی پایەبەرز
قەڵەمی نووسین
تەلەگرافنامەی بە شیفرە لە ویلایەتی موسڵ هاتووە
١٤ تەمموز ١٣١٠ تەلەگرافنامەی بەندەمانە راگەیەندراوە، کە کۆمەڵەی ئەو موریدانەی ماونەتەوە، پێویستە پەرشوبڵاو بکرێنەوە، ئەگەرچی سەرباز درەنگ گەیشتوونەتە شوێنەکە بەڵام لە سایەی جەنابی پاشا ئەو قازیەی کە خەڵکی سادە بە کەرامەتەکەی رازی بوونە، ئاشکرا کراوە و کۆمەڵەکەش پەرشوبڵاوکراوەتەوە، بەڵام بە یەدەگ بلۆکێکی سەربازی شاهانە بە ماوەیەکی کەم گەیشتوون لەگەڵ فەرمانبەرانی تایبەت عەبدولرەحمان بەگ گەراوەتەوە لە ووتەکانی دەرکەوتووە لەم بارەیەوە خزمەتی شایەنی ئەوەی پاداشت بکرێت، راگەیەندراوە، لە ٢٨ تەمموز ١٣١٠.
عەزیز والی


OSMANLI ARŞİVİ
BEO
033226.001

هەوالنامەی کتێب

| BEO. | 000444.033226 | 24 موحەررەم 1312 |
|---|---|---|

٢٤ موحەررەم ١٣١٢
١٧ تەمموز ١٣١٠
بۆ لایەنی والآی سەر عەسکەر
کۆتایـی هێنـان بـە بارودۆخـی سەرکەشـانە و جموجۆڵی ناپەسـەندی دانیشـتوانی قـەزای زێبـار هەروەها تـەواو کردنی تۆمـاری ناسـنامەی قـەزا خەریکـە تـەواو دەبێـت، تەنیـا دوو ئەفسـەر لـە ناوچەکـە بوونـی هەیـە، خەریکـە ئەندامانی تابـوری رەدیـف دەنێردرێـت و چاکسـازی هەمەجـۆر ئەنجـام دەدرێـت، لە سـێ قۆڵـەوە لە هـەر یەکێکیان یـەك تابور سـەربازی شـاهانە دەنێردرێـت، لەسـەر ئامـاژەی ویلایەتـی موسـڵ ئـەو مامەڵەیە جێبەجـێ دەکرێت، پێویسـتە بەپەلە جێبەجـێ بکرێـت و ئەنجامەکەشـی رابگەیەندرێـت، لـە مێـژووی ٢٧ زیلحیجـە ١٣١١ بـە نـووسراو بـۆ لایەنـی عالـی سـپاهیدار نووسراوەتـەوە، لـە ویلایەتـی ناوهاتـووش ئەمجـارە وەرگیـراوە و هاوپێـچ نێـردراوە، لـە تەلەگرافنامـەی ١٤ تەممـوز ١٣١٠ دەرکەوتـووە لـەم لایەنـەوە هێشـتا لایەنـی والآی سـەر عەسـکەر فەرمانـی نـەداوە، هەروەهـا هەندێك سـاداتی ویلایـەت کۆبوونەتـەوە، جەنابـی خەلافەتپەناهـی هەندێك لەو کەسـانە پەرشـوبڵاوکردۆتەوە، بـەڵام ئەوانەی مـاون لـە ئێسـتادا فەرامـۆش کردنـی ئەوانـە گونجـاو نییـە، لـە بـارەی ناردنـی ئـەو سـەربازانەی کـە ناویـان هاتـووە، پێویسـتە موشـیرەتی لەشـکری شەشـەم فەرمـان بـدات، بـە تێروانیـن لـە ئەنجـام دانـی بـە پەلـە جێبەجـێ بکرێـت و ئەنجامەکـەی رابگەیەندرێت.

| | | |
|---|---|---|
| BEO. | 000454.033981 | 8 سەفەر 1312 |

- بۆ ویلایەتی موسڵ
٣٠ تەممووز ١٣١٠
لە ١٣ و ١٤ حوزەیران ١٣١٠ لە گوندی ساگاە ئەو خەڵکەی کە لە سەر سەری ئافرەتێك کۆببوونەوە پەرشوبڵاو بوونەتەوە، تەنیا ٢٠٠ کەس ماوەتەوە، هەروەها شێخ محەمەد خۆی جیاکردۆتەوە، ئەو شوێنەی کە خۆی لێ کشاندۆتەوە خێزانەکەی بۆ لای خۆی راکێشاوە، بۆ ئەوەی ئەو کۆمەڵەیە پەرشوبڵاو بکرێتەوە و ئاسایشی ناوچەکە بپارێزرێت، مەعروف ئاغا کە ئاغای بەندەکانە، بە قوماندانەکەیەوە لە موسڵەوە بە هێزێکی ٢٠٠ لە سەر ئاگاداری لەشکری شەشەمی هومایۆن بە مۆڵەتی فەرمانی پاشا جەنابی خەلافەتپەناهی ناوبراو ئاگادار کراوەتەوە، لایەنی سەر عەسکەریش بە وەڵام پێی ووتراوە.


- بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەتی پایەبەرز
قەڵەمی نووسەر
تەلەگرافنامەی بە شیفرە لە ویلایەتی موسڵ هاتووە
لە ٣ ئۆغستۆس ١٣١٠ عەبدولرەحمان بابان لە خێزانەکەی خۆی دابراوە، سەرەتا لە بازیان و ناوەندی مەرکەز لە ناو زاخۆ و کەرکووك لە سەلاحیە و رانیە بە وەکالەت قائیمقام بووە، هەروەها ماوەیەکیش وەکو ئەندام لە ئەنجوومەنی کارگێری خزمەتی کردووە، کاری باشی کردووە و هەر خۆی توانیویەتی لە بەرامبەر بیرۆکە و خوی هۆزگەریەوە بوەستێت، بۆیە ماوەیەکە بە وەکالەت لە قەزای زێبار وەکو قائیمقام بە وەکالەت دامەزراوە، جگە لەوەی سوپاسگوزاری جەنابی پاشای پێ دراوە، لە هەمان کاتدا بە شێوەیەك قەزای ناوبراو لە ژێر پارێزگاری هێشتۆتەوە، بە پێشکەش کردنی ئەو روونکردنەوانە جێبەجێکردنی فەرمانی وەکالەتپەناهی فەرمان، لە ٨ ئۆغستۆس ١٣١٠.

والی عەزیز

- فەرمانگەی گشتی ئەرکانی جەنگ
هۆبەی چوارەم
٦٠٤
لە قەزای زێبار بەشێك لە خەڵکی گوندی ساگاە بە ئافرەتێك رازی بوونە و لە دەورووبەری کۆبوونەتەوە، هەروەها گوندنشینی بارزانی شێخ محەمەد ئەفەندی کۆمەڵەیەکی دروست کردووە، بە کاری سەرەڕۆیی خەریکە، بۆ ئەوەی رێگری لەم گەندەڵییە بکرێت و لە قەزای ناوبراو خەڵکەکە کۆتایی بە سەرەڕۆیی بهێنن، پێویستە چاکسازی بکرێت، ئێستا بە تۆپێکی چیا و یەك تابور سەربازی شاهانە لە ویلایەتی موسڵ دوو پارچە تەلەگرافنامە نێردراوە، لەگەڵ راگەیەندراوی سەروو، بۆ جێبەجێ کردن بە نووسراوی سەدری ئەعزەم لە سەدارەتپەناهی بە مێژووی ٢٧ زیلحیجە ١٣١١ ژمارە ٤١٩ لە وەڵامی نووسراوی رۆیشتوو، لەشکری شەشەمی هومایۆن تەلەگرافنامە هاتووە، ئەو خەڵکەی لە سەر سەری پیاوەکە کۆبوونەتەوە، هەموو پەرشوبڵاوبوونەتەوە، تەنیا ٢٠٠ کەس ماوەتەوە، هەروەها بارزانی شێخ محەمەد کشاوەتەوە، ئەوەی ماوەتەوە بۆ پەرشوبڵاوکردنی ئەو کۆمەڵەیە و گەرانەوەی ئاسایشی ناوچەکە و پاراستنی ئاغای بەندە مەعروف ئەفەندی لەگەڵ قوماندانەکەی لە موسڵ لەگەڵ ئالایەکانی ٤٧ مین و ٣١ مین لە تابوری چوارەم بە هێزێکی ٢٠٠ کەسی گونجاو بنێردرێت، بە فەرمانی پاشا جەنابی خەلافەتپەناهی مەفرەزەیەکی سەربازی ٢٠٠ کەسی ئاگادار بکرێتەوە و رێك بخرێت، دواتر بنێردرێت، لە فەرمانگەی گشتی ئەرکانی جەنگی باس کراوە و بە دوو پارچە تەلەگرافنامەکە پشت راست کراوەتەوە، لە کۆتاییدا بە مێژووی ٢٥ موحەررەم ١٣١٢ نووسراوی سەدری ئەعزەم لە سەدارەتپەناهی هاوپێچ لەگەڵ تەلەگرافنامەکە پێشکەش کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٦ سەفەر ١٣١٢ و ٢٨ تەممووز ١٣١٠.

سەر عەسکەر رزا

فەرمانگەی سەدارەتی پایەبەرز
قەڵەمی نووسین
تەلەگرافنامەی بە شیفرە لە ویلایەتی موسڵ هاتووە
بە تێروانین لە ئاگاداری ١٩ حوزەیران ١٣١٠ لەشکری شەشەمی هومایۆن پێویستە سەرباز بنێردرێتە زێبار، بۆ ئەم مەبەستە تا ئێستا لە پلەی سەر عەسکەر هێشتا فەرمان دەرنەکراوە، ئەگەر پێویست بکات جەنابی پاشا




| | | |
|---|---|---|
| BEO. | 000454.033981 | 8 سەفەر 1312 |

هەواڵنامەی کتێب

ئـەو خەڵکـەی لـە سـەر سـەری پیاوەکە کۆبوونەتـەوە یاخـود بارزانـی شـێخ محەمـەد ئەفەنـدی ئـەو کۆمەڵەیـەی کە دایمەزرانـدووە بەشـێکی پەرشـوبڵاوبۆتەوە، ئـەوەی ماوەتـەوە پشـتگوێ خسـتنیان بـاش نییە، بۆیـە بۆ ناردنی سـەرباز پێویسـتە فەرمـان بدرێت.

لە ١٤ تەمموز ١٣١٠

والی عەزیز

- بابی عالی


فەرمانگەی سەدارەتی پایەبەرز

قەڵەمی نووسین

تەلەگرافنامەی بە شیفرە لە ویلایەتی موسڵ هاتووە

لـە قـەزای زێبـار ئـەو کاغـەزەی لـە پایـەی بینباشـی بـۆ قوماندانـی موسـڵ نێـردراوە، تێیـدا هاتـووە لـە قـەزای ناوبـراو خەڵکـی گونـدی سـاگاە کەسـانێك بـە هـۆی هەسـت و کەرامەتـی پیاوەکـە لێـی رازیـن و تاقمێـك لـە دەوری کۆبوونەتـەوە، هـەر چەندیشـە بارزانـی شـێخ محەمـەد ئەفەنـدی لەلایـەن دەوڵەتـەوە ئامـۆژگاری کـراوە، بـەڵام لـە راسـتییدا کاریگـەری بەسـەریەوە نەبـووە، کۆمەڵەیەکـی پێـك هێنـاوە، شـێخی ناوبـراو بـە هەرەشـەی سـێدارە ئـاگادار کراوەتـەوە، ئـەو داواکارییـەی لـە شـوێن خـۆی هاتـووە، ئەگـەر گرنگـی بـە گەرانـی قازیـش بدرێـت، ئـەوا خەڵکەکـە زۆربـەی زۆری موریـدی شـێخی ناوبـراون و ئەوانـە چەنـد سـاڵ جارێـك بـۆ یـەك جـار بیرورایـان دەگۆردرێـت و واز لـە کار و جوتیـاری دەهێنـن و کۆمەڵـە دادەمەزرێنـن، دەسـت بـە چالاکـی دەکـەن. ئەمجـارەش کۆمەڵەیەکیـان دروسـت کـردووە، بۆیـە پێویسـتە هەرچـی زووە چارەیـەك بـۆ ناوبـراو بدۆزرێتـەوە، کۆمەڵـەی ناوبراو نیـو کاتژمێر لـە مەرکەزی قـەزا دوورە، ئـەو کۆمەڵـە تـا دێـت گەورەتـر دەبێـت، لـەم حاڵەتـە بینباشـی ناوبـراو، بـۆ کۆتایـی هێنان بـە جموجۆڵی سـەرەرۆی خەڵکەکـە، نیزامـی سـەربازیە بنێردرێتـە ناوچەکـە، بۆیـە لـە سـێ قۆڵـەوە تابورێـك بنێردرێـت، بـەڵام لەبەر ئـەوە تـا ئێسـتا فەرمـان نـەدراوە، بۆیـە بـۆ دەسـت پێکردنـی چاکسـازی ئـەوا ئێسـتا یـەك تۆپـی چیـا و یـەك تابـوری سـەربازی شـاهانە بـە فەرمانـی لەشـکری شەشـەمی هومایـۆن بنێردرێـت، پێشکەشـکراوە بۆ ئـەوەی فەرمانی لە سـەر بدرێـت، لـە ٢٨ مایـس ١٣١٠.

والی عەزیز


۵

دائرهٔ صدارت عظمی
مکتوبی قلمی
عدد


موصل ولایتندن مورود شفره‌لی تلغرافنامه‌در

۶ ج ۱۸ کانون ثانی عبدالرحمن بک بارزان عائله‌سندن اولوب مقدما سلیمانیه‌یه تبعید بارزان ومرکز داخلنده زاخو وکرکوک
داخلنده صلاحیه وراندز قائمقام وکالتلرنده وبر مدت سلیمانیه اداره مجلسی اعضالغنده بولنمش حسن خدمتی گورلمش
وکندوسی اخطار وامزجهٔ عشایره واقف ذواتدن بولنمسی اولدیغنه بناءً بو دفعه ده وکالةً اداره اولنمقده اولان
زیبار قضاسی قائمقاملغنه تعیینی قاعده‌یه اولدیغی حالده هم سایهٔ حضرت پادشاهیده تلطیف بیورلمه وهم ده زیبار
قضاسی بو درجه‌یه قدر تحت تأمینه آلنمه ... اجرای ایجاب امرینه ... دلیلیه ... در


۱۸ کانون ثانی
والی
عزیز

OSMANLI ARŞİVİ
BEO
454 | 33981 | 2


BEO.000454.033981.002





BEO.000454.033981.003




BEO.000454.033981.004





BEO.000454.033981.005



هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><th>BEO.</th><th>000459.034351</th><th>17 سەفەر 1312</th></tr>
<tr><td colspan="3">١٧ سەفەر ١٣١٢<br>٨ ئۆغستۆس ١٣١٠<br>بۆ لایەنی والای سەر عەسکەرمان<br>لە گوندی ساگا بەهۆی کەرامەتی قازیەك دانیشتووانی قەزای زێبار لە چواردەوری کۆبوونەتەوە، هەرچی شێخ محەمەد ئەفەندی لە گوندی بارزان کۆمەڵەیەکی پێك هێناوە، هەندێك چالاکی سەر کەشانەی ئەنجام داوە، بۆ پەرشوبڵاوکردنی موریدەکانی و بەرقەرار بوونی ئاسایشی ناوچەکە هێزێکی ٢٠٠ کەسی بنێردرێت، بۆ ئەمەش بە فەرمانی پاشای جەنابی خەلافەتپەناهی هاتووە، موشیرەتی جەلیلەی لەشکری شەشەم رایگەیاندووە، لە مێژووی ٦ سەفەر ١٣١٢ ژمارە ٦٠٤ بە نووسراو ویلایەتی موسڵی جەلیلە ئاگادار کراوەتەوە، بە وەڵام وەرگیراوە و وێنەیەکی لە تەلەگرافنامەی ٣ ئۆغستۆس ١٣١٠ بۆ لایەنی سەر عەسکەر نێردراوە، هێزی ناوهاتوو هێشتا نەگەیشتۆتە زێبار، موریدەکانیش چەند جارێك کۆبوونەتەوە، لە بارەی مەسەلەی قازیەکەش ئەوا ئەوانەی دەستیان تێدا هەیە لەسەر ئەو سەربازانە وەستاوە کە چۆن دەستگیر دەکرێن و بۆ مەرکەزی ویلایەت دەهێنرێن، فەرمانە هەرچی زووە هێزی ناوهاتوو بگاتە شوێنەکە.</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| BEO. | 000462.034592 | 20 سەفەر 1312 |


٢٠ سەفەر ١٣١٢
١٣ ئۆغستۆس ١٣١٠
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
دانیشتوانی قەزای زێبار بە کەسایەتی قازیەك لە گوندی ساگا رازی بوونە و لە دەوری کۆبوونەتەوە، هەروەها شێخ محەمەد ئەفەندی لە گوندی بارزان بە دامەزراندنی کۆمەڵەیەك هەندێك چالاکی سەرکەشانەی کردووە، بۆ پەرشوبڵاوکردنەوەی موریدەکانی و بۆ جێگیر کردنی ئاسایشی ناوچەکە فەرمانبەری تایبەتی چوونەتە ناوچەکە، دوای پەرشوبڵاوکردنەوەی کۆمەڵەی باسکراو عەبدولرەحمان بەگ گەڕاوەتەوە، خزمەتی باشی ناوبراو بینراوە، هەروەها ناوبراو سەر بە خانەوادەی بابانە، پێشەکی لە بازیان و زاخۆ و سەڵاحیە و رانیە بە وەکالەت قائیمقام بووە، ماوەیەکیش لە ئەنجوومەنی کارگێری سلێمانیە بووە، لەوێش خزمەتی کردووە، ماوەیەکیشە بە وەکالەت لە قائیمقامیەتی قەزای زێبار دامەزراوە، لە بارەی رێزلێنانی لە ویلایەتی موسڵی جەلیلە نووسراو کراوە، ناوبراو بیرۆکە و خوی لەگەڵ هۆزگەرێتی دەگونجێت و بەهۆی ئەو خزمەتە باشانەی کە کردوویەتی ناودار بووە، بە چەندین ئاماژەپێکردن و تێروانین لەو بارودۆخەی کە ویلایەت پێی ئاگادارە، ناوبراو بە ئاماژەیەکی ویلایەت گونجاوە لە قائیمقامیەتی ناوبراو دابمەزرێت، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.




هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 000495.037085 | 12 رەبیعی کۆتایی 1312 |
|---|---|---|


بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەتی پایەبەرز
تەلەگرافنامەی بە شیفرەی ویلایەتی موسڵ هاتووە
لە قەزای زێبار ئەو موریدانەی کۆمەڵەیان پێك هێناوە و ئەو قازیەی کە بە کەرامەتەکەی رازی بوونە پەرشوبڵاوکراوەتەوە، لە ٢٨ تەمموز ١٣١٠ تەلەگرافنامە لە بەندەمانەوە راگەیەندراوە، لە کۆتاییدا ئەو مەفرەزەیەی کە لە سەربازی شاهانەی ٢٠٠ کەسی نێردراوە، لە کاتی نزیك بوونەوەی لە قەزا، مەبەستی پاراستنی ناوبراو ئەو کۆمەڵەیە دووبارە رێکخراوەتەوە، هەرچەندە ئەو کۆمەڵەیەی پێکیان هێناوە لە ناوچوون بەڵام بەشێکی نزیکەی ٣٠ کەسی چەکدار ماونەتەوە، ئەوانە بە ئامۆژگاری و ئامادەکاری تر پەرشوبڵاونابنەوە، ئەگەر سەربازیش بچێتە سەریان ئەوا لە بەرامبەر سەربازی شاهانە چەك بەرز دەکەنەوە، ئەمەش لە نووسراوی وەکیلی قائیمقامی قەزای ناوهاتوو و لە ویلایەت و مەفرەزەی ناوهاتوو قوماندان بینباشی مەعروف ئەفەندی روون بۆتەوە، رەزامەندی کارەکە چۆن دەبێت، لە ١ تشرینی یەکەم ١٣١٠.
عەزیز والی




هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| BEO. | 000557.041741 | 26 ڕەجەب 1312 |


٢٦ ڕەجەب ١٣١٢
١١ کانوونی دووەم ١٣١٠
بۆ لایەنی عالی سەر عەسکەرمان
لە ناو قەزای زێبار ناحیەکانی مزوری و شێروان بۆ داهاتی دە یەك و هەموو هاوشێوەکانی تر و چەندین پاشکۆ، لە نەزارەتی دارایی جەلیلە وا بە پێویست زانراوە هێزی سەربازی بنێردرێت، لە وەڵامدا لە سپاهیەوە نووسراو هاتووە، ناحیەکانی ناوهاتوو لە ناوچەی سەخت پێك هاتووە، لەگەڵ نەستوری چەکدار هۆزێکی زۆر لە دەورووبەری ناحیەکاندا بوونیان هەیە، بۆیە بە گوێرەی ئەو بارودۆخە پێویست کراوە هێز ڕەوان بکرێت، بە ئاماژەی موشیری جەلیلەی لەشکری شەشەمی هومایۆن ڕوون بۆتەوە، ئەو سوودەی لەو بارودۆخە وەردەگیرێت، خەرجیەکە هەڵدەبژێردرێت و تێچووەکەشی وەك یەك نین، لەگەڵ ئەو خوێندنەوەی کە بۆی کراوە، لە ویلایەتی موسڵ پرس و را کراوە کە تا ئێستا داهاتی ئەو ناوچەیە لە چ ڕێگایەکەوە دەست بکەوێت، ئەمجارە لە وەڵامدا ئەو نووسراوانەی کە هاتووە، پارەوپولی ئەو ناحیانە هەر لە کۆنەوە لەلایەن سەرکردەکانەوە وەرگیراوە، بەم هۆیەوە ئەو داهاتەی دەست کەوتووە بە تەواوەتی ڕادەستی سندوقی دارایی نەکراوە، بری ئەو پاشکۆیە بە تێڕوانینێکی ڕاستەقینە سەیر ناکرێت، هەروەها ناحیەکانی ناوهاتوو لەگەڵ نەستوریەکان دراوسێ نین، بۆیە بۆ کۆکردنەوەی داهات بە تەواوەتی پێویستی بە سەرباز نابێت، هەروەکو ساڵانی پێشوو بە ناردنی یەك دوو بلۆك سەربازی نیزامیە کارگێری ناوچەکە بەڕێوە دەبردرێت و بری داهاتەکەش دەست دەکەوێت، بۆ جێبەجێ کردن




A.}MKT.MHM.00723.00009.001

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>A.MKT.MHM.</td><td>00723.00009</td><td>27 موحەررەم 1312</td></tr>
<tr><td colspan="3">١٩ تەمموز ١٣١٠<br>بۆ ویلایەتی موسڵ<br>شیفرە<br>سەلیم خان لە ئەندامانی ئەنجوومەنی کارگێری زێبار بەهۆی کاریگەری بەجێ هێشتن، هەرکیەکانی کورد ساڵی رابردوو لە مانگی حوزەیران پەلاماری هەندێك گوندی کریستیانەکانیان داوە، مەروماڵات و ئاژەڵیان بردووە و دایشتوانەکانی بە ناچاری ماڵی خۆیان بەجێ هێشتووە، بۆتە هۆکارێکیش بۆ مردنی کەسێك، ئەم هەواڵانە هاتووە، جگە لەمە ئەگەر بێتو ئەو جۆرە سەرپێچیانە کە بۆتە هۆکاری ئەوەی خەڵك ناچار بن ماڵی خۆیان بەجێ بهێڵن، راست و دروست بێت، ئەوا گونجاو نییە، بە لێکۆڵینەوەش دەردەکەوێت، بە گوێرەی ئەوەش دەست بەکار دەکرێت</td></tr>
</table>





هەواڵنامەی کتێب

| 26 رەبیعی یەکەم 1312 | 01316.000053 | I.DH. |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی نووسین
ژمارە ٢٣١٠
جەنابی سەدارەتپەناهی
راگەیەندراوی بەندە


لە ناو ویلایەتی موسڵ ماوەیەکە بە وەکالەت قائیمقامیەتی قەزای زێبار بەڕێوە دەبات، سەرەتا لە قائیمقامیەتی قەزایەکانی تردا بە وەکالەت کاری کردووە، کاری باشی کردووە و کەسێکی شیاو بووە، بە نوسراو داوای دامەزراندنی عەبدولرەحمان بەگ کراوە، لەسەر فەرمان و ئاماژەی فەخامەت تەنسیب کراوە، بڕیارنامەش دراوەتە قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران، بە هاوپێچ پێشکەش کراوە، فەرمانی پاشای جەنابی خەلافەتپەناهی چ بفەرموێت، سەدارەتپەناهی جێبەجێی دەکات، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٦ رەبیعی یەکەم ١٣١٢ و لە ١٤ ئەیلوول ١٣١٠.

نازری کاروباری ناوەخۆ




هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>00391.00076</td><td>8 موحەررەم 1313</td></tr>
<tr><td colspan="3">٨ موحەررەم ١٣١٣<br>١٩ حوزەیران ١٣١١<br>بۆ ویلایەتی موسڵی جەلیلە<br>گوندەکەیان سەر بە ناحیەی کوردی کە لە سانجەقی هەکاری دووره، لەبەر دووری دەیانەوێت هەڵبوەشێتەوە و ببەسترێتەوە بە قەزای زێبار، بۆ ئەم مەبەستەش زولفیقار و بەدرهان داواکاری بە واژوویان پێشکەشی جەنابی سەدارەتپەناهی کردووە، تەلەگرافنامە دراوەتە سەروو، بە تێروانین لە لێکۆڵینەوەکان هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.</td></tr>
</table>




| | | |
|---|---|---|
| ŞD. | 00939.00064 | 14 سەفەر 1313 |


فەرمانگەی خانەنشینی فەرمانبەران
ژمارە ٣٥٩٦
لـە نـاو ویلایەتـی موسـڵ لـە قـەزای زێبـار دوای مردنـی حەسـەن ئەفەنـدی بەرێوەبـەری دارایـی، خێزانەکـەی پیـرۆز خـان و کچەکـەی سـەیدە خانـم داوایـان کـردووە مووچەیـان بـۆ ببڕێتـەوە، لـە ویلایەتـی موسـڵ بڕیارنامـە لەگـەڵ داواکاری خشـتەی خزمـەت و کاغـەزی جۆراجـۆر پەیوەسـت بـەم بابەتـەوە لـە ژمێریـاری ڕێکخـراوە، لـە دەسـتەی گشـتی ووردبینـی بـۆ کـرا.
ئـەو ئەرکانـەی کـە ناوبـراوی مـردوو تێـدا خزمەتـی کـردووە مێژووەکانیـان لەگـەڵ ئـەو بـڕە مووچەیـەی وەریگرتووە لەگـەڵ مێـژووی مردنـی کـە دەکاتـە ١ شـوبات ١٣٠٩ بـە بڕیارنامـەی فەرمانبەرانـی مولکیـە بـە پشـت بەسـتن بـە ماددەکانـی ٣٥ و ٣٦ ٣٩ دوای زیادکـردن و کـەم کـردن ئـەوەی شـایەنیانە لـە مووچـەی ١٢٧ قـوروش خێزانەکـەی ٦٣ و کچەکـەی ٦٤ قـوروش وەردەگـرن، لـە بـارەی مووچـەی ناوهاتـوو بـە مـاددەی ٣٥ مامەڵەکـە جێبەجـێ دەکرێـت و نـووسراو کـراوە کـە لـە سـندوق دابیـن دەکرێـت، ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ١٤ سـەفەر ١٣١٣ و ٢٥ تەممـوز ١٣١١.


I.TAL.00111.00078.003


هەواڵنامەی کتێب

| 23 شەوال 1314 | 00111.00078 | I.TAL. |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
٣٠٧٤
بۆ جەنابی ئەفەندم
لـە سـەرۆکی هـۆزی زێبـارە و هـۆکاری تێکـدان و ئـاژاوەی ئەمنیەتـی قەزاکانـی زێبـار و عەمادیەیـە، چەتـەی نـاودار فەتـاح ئاغا لەگـەڵ هاوەڵانـی لە فەرمانـی دەسـتگیرکردنیان کاری چـاك و نیازپاکی قائیمقامی زێبار ئاسـف ئەفەندی شـایەدە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە بـە پلـەی سـێیەم، هەروەهـا ئاغـای تابـوری سـەیارە مەحمـود ئاغا و پۆلیسـی یوزباشـی ئەحمـەد ئاغا بـە پلـەی چـوارەم و مولازمـی پۆلیـس سـەعید ئاغا بـە پلـەی پێنجـەم بـۆ هـەر یەکـە پارچەیـەك نیشـانی مەجیـدی نیشـانی جگـە لەمـە پۆلیسـی چاوشـی تەحسـین ئاغا لەگـەڵ یوسـف بـۆ هـەر یەکە پارچەیـەك مەدالیـای سـەربەرزی وەردەگـرن، بـۆ ئەمـەش لـە ویلایەتـی موسـڵ تەلەگرافنامـە دەرچـووە و راگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، لـەم بارەیـەوە فەرمانـی پاشـای جەنابـی خەلافەتپەناهـی بفەرمووێـت جێبەجـێ دەکرێـت، لـە ٢٣ شـەوال ١٣١٤ و لـە ١٥ مـارت ١٣١٣.
سەدری ئەعزەم




<table>
<tr><td>BEO.</td><td>000831.062316</td><td>19 رەبیعی یەکەم 1314</td></tr>
<tr><td colspan="3">١٩ رەبیعی یەکەم ١٣١٤<br>١٧ ئۆغستۆس ١٣١٢<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>لە ناو ویلایەتی موسڵ ئەمجارە قائیمقامیەتی قەزای کۆی سانجەق بەتاڵە، عەبدولرەحمان بەگ قائیمقامی قەزای زێبار بگوازرێتەوە، بۆ شوێنی ئەویش ئاسف ئەفەندی لە ناودارانی موسڵ دامەزرێت، بۆ ئەم مەبەستە، لەسەر نووسراوی دەوڵەت لە ٢٤ سەفەر ١٣١٤ ژمارە ٢٠٤٦، لە مێژووی ١٤ رەبیعی یەکەم ١٣١٤ فەرمانی پاشای جەنابی خەلافەتپەناهی رەزامەندی دراوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.</td></tr>
</table>


T.C. BAŞBAKANLIK OSMANLI ARŞİVİ DAİRE BAŞKANLIĞI (BOA)

OSMANLI ARŞİVİ
DH.ŞFR

DH.ŞFR.00212.00003.001


هەواڵنامەی کتێب

| 18 سەفەر 1315 | 00212.00003 | DH.ŞFR. |
| --- | --- | --- |

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

هەواڵ هاتووە بەهۆی هەندێك كاری دوژمنكارانەی عوسمان ئاغا زێباری، ژاندارمەی سەیارە بینباشی لەگەڵ تاكی ژاندارمە پێویست بووە و نێردراونەتە ناوچەكە تا دووربخرێنەوە، ئەوەی زەوی و زاری پاشایە، گوندی هەزار كێڵگە خەرێكە هێرش دەكەنە سەر ئەو گوندە، ئەو هەواڵە كە لەسەروو هاتووە، بەڵام تا ئێستا هیچ كاریگەریەكی راستەقینەی نەبینراوە، چۆنیەتیەكەی لە سەروو پرسیار كراوە، لەو وەڵامەی كە وەردەگیرێت، بە گوێرەی ئەو وەڵامە دەست بە كار دەكرێت، هەروەها چۆنیەتەكەشی لە خەزینەی تایبەتی نەزارەت بە وەڵام رەوان دەكرێت، لە ٧ تەمموز ١٣١٣.

موسڵ زەهدی والی




هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 001097.082224 | 24 شەوال 1315 |
| --- | --- | --- |

٢٤ شەوال ١٣١٥
٥ مارت ١٣١٤
بۆ سەر عەسكەری واڵا

لە ناو ویلایەتی موسڵ لە قەزای زێبار دانیشتووی گوندی بارزان لە سەر تەریقەتی قادریە شێخ محەمەد ئەفەندی و موریدەکانی لە قەزاکانی زێبار و عەقرە تێکدەرانی گوند و کۆمەڵەی چەکدار هاتوونەتە عەقرە بوێریان کردووە جۆرەها جموجۆڵی نەشیاو ئەنجام بدەن، لە بارەی تەمبێ کردن و چاککردنی موریدەکان و بوونی کێشە لەلایەن ناوبراوان شێخ محەمەد لەگەڵ فەقی عەبدولرەحمان لە بارەی دەستگیرکردنیان لە بارەی ناردنی یەك مەفرەزەی نیزامیە هەواڵ بۆ لەشکری شەشەمی هومایۆن نێردراوە، ئەنجامی کارا دەست نەکەوتووە، ئەوانە سەرەرۆییان کردووە، بەم حاڵەتەوە دانیشتووانێکی زۆر پەیوەندییان پێوە کردووە، هەروەها شێخ کاریگەری لە سەر کوردەکانەوە هەیە، ئەم کاردانەوەش بۆ حکوومەت کاریگەریەکی خراپ بەجێ دەهێڵێت، هەروەها لە بارەی داواکاری میری و پێداویستییەکان و هێنانی تاك و کۆکردنەوەیان کاری پێویست بکرێت، لە هەر فەرمانێك هێنانی سەرباز پێویستە، هەروەها شێخی ناوبراو بە نزیکەی ٢٠٠٠ چەکدار کۆمەڵێکی پێك هێناوە، بۆ تێروانین لەم بابەتە ناوبراوان شێخ محەمەد و فەقێ عەبدولرەحمان کەسانی وەکو ئەوانە بۆ دەستگیرکردنیان مەفرەزەیەکی نیزامی ٢٠٠ کەسی بنێردرێت، لە ویلایەتی ناوهاتوو نووسراو نێردراوەتە نەزارەتی ناوەخۆ، نەزارەتی ناوبراو بە نووسراوی مێژووی ٢١ شەوال ١٣١٥ ژمارە ١٨ بەیەکەوە بۆ لایەنی سەروو نێردراوە، هەروەها حکوومەتیش بۆ مامەڵەی سەرەرۆیی ئەو کەسانە و هەر ئێستا بۆ تەمبێ کردنیان دەست بە کار بێت و لە ئەنجامەکەشی لەگەڵ هاوپێچەکانی هەواڵ بنێردرێت.




BEO.001125.084366.002


هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 001125.084366 | 25 زيلحيجه 1315 |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی نووسین
ژمارە ٨١٥
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
راگەیەندراوی بەندەیە

موریدەکانی بارزان لەگەڵ هەرکیەکان یەکیانگرتووە، لەگەڵ شێخی بجیل چوونەتە سەر هۆزی سورجی، بە هێرشکردن رووبەرووبوونەوە روویداوە، ژمارەیەکی زۆر کوژراون، هەروەها ئەو سەربازە شاهانانەی کە بۆ هەژمارکردنی سەرمەڕ بۆ گوندی گەلاڵە رۆیشتوون، ٣ نەفەر شەهید بوون، ١ نەفەریش برینـدار بووە، لە جبەخانەش ٦ تفەنگ تالان کراوە، بە پەرشوبلاوی هاوکاری گەیشتووە و سەربازیش لە ژێر ئابلۆقە ماونەتەوە، لە قائیمقامیەتی عەقرە و زێبار راگەیەندراوە، سەربازی شاهانە بۆ ناوچەکە بروات و لە موشیرەتی جەلیلە نووسراو کراوە کە بە مەبەستی تەمبێ کردن و دەستگیرکردنی بوێریکەران، یەك تابور بە پەلە بنێردرێتە شوێنی رووداوەکە، ئەو تەلەگرافنامەیەی کە لە ویلایەتی موسڵ لە مێژووی ٢ مایس ١٣١٤ دەرچووە، تێدا راگەیەندراوە و چۆنیەتی کارەکە بۆ لایەنی والای جەنابی سەر عەسکەر ئاماژەی پێکراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٥ زیلحیجە ١٣١٥ و ٤ مایس ١٣١٤.


نازری کاروباری ناوەخۆ


OSMANLI ARŞİVİ
BEO
BEO.001372.102879.005

هەواڵنامەی کێژ

| 28 رەبیعی کۆتایی 1317 | 001372.102879 | BEO. |
|---|---|---|

بەپەلەیە
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بۆ لەناوبردنی شـێخی بارزان محەمەد ئەفەندی بە بیرۆکەی هێرشـکردنە سـەر زێبار، ١٠٠٠ کەس زیاتر کۆبوونەتەوە، دوا جار شـێخی ناوبراو رەوانـەی وان کـراوە، ئەوانیـش پەرشـوبڵاوکراون، بـە گەرانەوەیـان بـۆ شـوێنی خۆیـان، بـۆ رێگـری کـردن لە سـەرپێچی ئەوانـە، قائیمقامەکانی روانـدز و زێبار ئەرکیان پێ سـپێردراوە، لە راگەیەندراوەکانیشـیان ئـەو رووداوانـە دەرکەوتووە، بەڵام موشـیرەتی لەشـکری چوارەمی هومایۆنـی جەلیلە تەلەگرافنامە وەرگیـراوە، ناوبراو بـە رێگـەی بەتلیـس و سـەعرد بـۆ موسـڵ جولـەی پـێ کـراوە، لـە ویلایەتـی وان بـە قوماندانیـەت راگەیەنـدراوە، بەم راگەیەنـدراوە لێـرە هێزێکـی تـەواو نێـردراوە تـا ناوبـراو بباتـە موسـڵ، ئەگەرچـی ئـەم راگەیەنـدراوە دەرچـووە بەڵام بـە تێروانیـن لـە پوختـەی راگەیەنـدراوی نەزارەتپەناهـی و رووداوەکانی پێشـوو ئەوا لـە وان یاخود لـە ویلایەتێکی تر نیشـتەجێ بکرێـت، ئەگـەر ناوبـراو بهێنرێتـە موسـڵ بـۆ ئـەوەی دیسـان بگەرێتـەوە قـەزای زێبـار ئـەوا موریدەکانـی و هاوەڵانـی بـە هەمـوو شـێوەیەك بێـت هەڵدەسـتنەوە و پێویسـت دەکات بیانوەسـتێنین، نەناردنـی بـۆ موسـڵ بـە بریـاری ئەنجوومەنـی کارگێـری ویلایـەت راگەیەنـدراوە، لـەم لایەنـەوە چاوەرێـی فەرمانـی جەلیلـە دەکرێـت.
لە ٢٤ ئۆغستۆس ١٣١٥
حازم والی موسڵ



BEO.001130.084695.002

هەواڵنامەی کێبڕ

<table>
<tr><td>BEO.</td><td>001130.084695</td><td>2 موحەڕڕەم 1316</td></tr>
<tr><td colspan="3">فەرمانگەی گشتی ئەرکانی جەنگی<br>هۆبەی چوارەم<br>٤٢٩<br>لەگـەڵ پیاوانـی بـارزان هەرکیـەکان بـە یەکگرتـووی هێرشـیان کردۆتـە سـەر هـۆزی سـورچی یـەك خەیـل کـوژراوە، بەهـۆی ژمـارەی مەرومـاڵات سـەربازی شـاهانە روویـان کردۆتـە گونـدی گەڵاڵـە، سـێیان شـەهید بـوون و یەکێکیـش برینـدار بـووە، لەگـەڵ جەبەخانـە (جبەخانـە) شـەش تفەنـگ دزراوە، لـە بـارەی زانیارییـەوە لـە تەلەگرافنامـەی ویلایەتـی موسـڵ نەزارەتـی ناوەخـۆ ئـاگادار کراوەتـەوە، سـەربازی شـاهانە بچنـە ئـەوێ و بـۆ تەمبـێ کـردن و دەسـتگیرکردنی ئەوانـە، یـەك تابـور بـە پەلـە بگاتـە ناوچەکـە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە مێـژووی ٢٦ زیلحیجـە ١٣١٥ ژمـارە ٣٣٤ نـووسراوی سـەدری ئەعزەمـی سـەدارەتپەناهی لـەم بارەیـەوە لـە نەزارەتـی ناوەخـۆ نـووسراو هاتـووە، لەشـکری شەشـەمی هومایـۆن بـە تەلەگـراف ئـاگادار کراوەتـەوە، ئەمجـارە لـە وەڵامـدا تەلەگرافنامـە هاتـووە ئـاڵای ٤٧ تابـوری دووەم بـە ٢٠٠ ئامادەبـوو، ئـاڵای ٤٨ تابـوری چـوارەم، ٦٠ پیـادە و ئێسـتر سـوار، بـە زیادکردنـی ٦٠ کـەس، لـە قوماندانیـەت میـری ئـاڵای ئیسـماعیل بـەگ لـە ٦ مایـس ١٣١٤ ڕۆیشـتوون، لـەم بارەیـەوەش ئـاگاداری نێـردراوە، نـووسراوی سـەدارەتپەناهی لـە فەرمانگـەی گشـتی ئەرکانـی جەنگـی بـاس کـراوە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ٢ موحـەڕڕەم ١٣١٦ و ١١ مایـس ١٣١٤.<br>سەر عەسکەر رزا</td></tr>
</table>


| 15 موحەررەم 1316 | 001135.085110 | BEO. |
| --- | --- | --- |

- بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەتی پایەبەرز
قەڵەمی نووسین
شیفرەی ئەو تەلەگرافنامەیەیە کە لە ویلایەتی موسڵ هاتووە

لە مێژووی ١٧ و ١٨ مایس ١٣١٤ بەهۆی کاری سەرەڕۆیی موریدەکانی بارزانی کە باس کراوە، لەبەر تێکچوونی چالاکی تابور، بە فەرمانی پاشا لە خەلافەتپەناهی ڕاگەیەندراوە و ئاگادارکردنەوە نێردراوە، بەم دواییەش ڕاگەیەندراو لە نێوان هومایون و باش کیتابەت ئاڵوگۆڕ کراوە، پێویستە لەم بارەیەوە بڕیاری فەرمانی هومایۆن دەربچێت، لەم بابەتە ئێستا هۆکارەکەی وەڵام دراوەتەوە، هەروەها بۆ ئەنجامەکەشی بڕیاری کۆتا دەدرێت و بە گوێرەی بەرژەوەندی و سوودەکان سەربازەکانی شاهانە لە خاڵی دیاری کراو نیشتەجێ دەکرێن، بە هەر شێوەیەك ئەمر و فەرمانی جەنابی پاشای لە سەر بێت، ئەوا جێبەجێ کردنی مامەڵەکان دەست پێ دەکات، لە ٣٠ مایس ١٣١٤.


والی عەبدولوەهاب

- نووسراوی تایبەتی
لە چەمچەماڵ شەواد و هەمەوەندەکان کۆبوونەتەوە و لە نێوانیان شەڕ ڕووی داوە، زۆر کوژراو و بریندار لێکەوتۆتەوە، جگە لەمە نزیکەی ٤٠ گوندیش سووتاوە، هەروەها پارەوپول و کەلوپەلی هۆزی شەواد تاڵان کراوە و مولکی هومایۆن و داهات و بەروبووم دەستی بەسەر داگیراوە و شەڕ و تێکدان تەنیا لە یەکەی سەرچنار ڕووی نەداوە، لە هەموو ویلایەت بەردەوامە، بە ویلایەتی موسڵ ڕاگەیەندراوە هەروەها بۆ ئەوەی ڕێگری لەم جۆرە بارودۆخە نەشیاوانە بکرێت و ڕێگە نەدرێت روو بدات، ئامادەکاری ڕاستەقینە بکرێت و مولکی دەوڵەت بپارێزرێت، بوێریکەرانیش دەستگیر بکرێن و تەمبێ بکرێن، هەروەها ڕاپۆرتی ئاسایش هەر لە چییەك وەستا بێت جێبەجێ بکرێت، ئاگاداریش دراوەتە موشیری جەلیلەی لەشکری شەشەمی هومایۆن، هەروەك چۆن سەر عەسکەری جەنابی پاشا ووتوویەتی، لە کۆتاییدا لە ویلایەتی ناوهاتوو تەلەگرافنامە وەرگیراوە، جگە لەو هۆزانەی کە ناویان هاتووە لە قەزاکانی عەقرە و زێباریش موریدەکانی بارزان هەندێك چالاکی سەرپێچیکەرانەیان ئەنجام داوە، لەم بارەیەوە لە پوختەی ئەو ئامادەکاریانەی کە کراوە هەروەها لە ژێر فەرمانی ویلایەت لە کاتی جێبەجێ کردنیدا یەك تابوری ئێستر سوارە ڕێك دەخرێت و ڕەوانی ئەوێ دەکرێت، بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارە پەلە بکرێت و لەگەڵ لایەنی سەربازی گفتوگۆ کراوە، کە لە هەندێك شوێن ئەو سەربازە شاهانەیەی کە ڕەوان دەکرێت، لەسەر فەرمانی خەرجکردنی کرێی گواستنەوەکەی وەستاون، هەروەها موتەسەرفەکانی سلێمانیە و کەرکووك گۆڕینەوەیان پێ کراوە، لە بارەی ئەو نووسراوە تایبەتیەوە لە نەزارەتی ناوخۆی جەلیلە روون بۆتەوە ڕاگەیەندراوی پێویست کراوە، لەگەڵ خوێندنەوەی بە نەزارەتی ناوهاتوو ڕاگەیەندراوە، ئەو تابورەی کە نێردراوە لە جولەی ڕۆیشتنی پەکی کەوتووە، لە ڕاگەیاندنیدا بە پشت بەستن بە ئەمر و فەرمانی هومایۆنی جەنابی خەلافەتپەناهی ئەو خاڵەی سەربازی شاهانەی لێیە دابەش کراوە، هۆکاری پەککەوتنەکەشی ڕاگەیەندراوە، ئەمجارە لەو تەلەگرافنامەیەی کە ڕاگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، هیوادارین چۆنیەتیشی بە جەنابی خەلافەتپەناهی ڕابگەیەندرێت.





BEO.001135.085110.002

هەواڵنامەی کتێب




هەواڵنامەی کێپ

BEO.001135.085110.003





BEO.001147.085951.003

هەوالنامەی کتێب


| BEO. | 001147.085951 | 1 سەفەر 1316 |
|---|---|---|

- بۆ لایەنی والای سەر عەسکەر
١ سەفەر ١٣١٦
٩ حوزەیران ١٣١٤
نووسراوی زیادکراو بە مێژووی ٢٧ شەعبان ١٣١٥ بۆ قەدەغەکردنی چالاکییە سەرەڕۆییەکانی هۆزەکانی شوان و هەمەوەند لەگەڵ موریدەکانی بارزان لە ژێر فەرمانی ویلایەت پێویستە تابوری سوارەی ئێستر دابمەزرێت، هەروەها لەگەڵ لایەنی سەربازی ووتووێژ بکرێت بۆ هەندێك ناوچە ئەو سەربازە شاهانانەی رەوانە کراوە، خەرجی گواستنەوەیان کە چاوەڕێی وەڵامی دەکرێت، ئەوەی بەرائەتی هەیە، پێی بدرێت، لە سەر ئەو تەلەگرافنامانەی کە لە ویلایەتی موسڵ هاتووە، بە ووتووێژ بۆ نەزارەتی ناوەخۆ دێت و نووسراوی نێردراو لە ٢٤ موحەررەم ١٣١٦ ژمارە ١٢٤٢ لە بارەی تابوری سوارەی ئێستر کە ئاماژەی پێکراوە بۆ لایەنی والای سیپاهی هەواڵ نێردراوە، لە سەر ئەوە لە نەزارەتی دارایی بۆ جێبەجێ کردنی بە پەلە کەوتۆتە کار، لە ویلایەتی موسڵیش تەلەگرافنامە لە ٩ حوزەیران ١٣١٤ لە بارەی خەرجی گواستنەوە کە ئاماژەی پێکراوە ئاگادارکردنەوەکە سەپێنراوە، هەروەها بە پێی ئاگاداری پێشوو بە پەلە جێبەجێ بکرێت.

- لە ٣١ مایس ١٣١٤ تەلەگرافنامەکانی هاتوو تۆمار نەدۆزراوەتەوە، بەڵام خەرجی گواستنەوە وێنەی جێبەجێ کردنی بە تەلەگرافنامەی مێژووی ١٧ مایس دوای ووتووێژ وەڵامی نەزارەتی ناوەخۆ نووسراو وەرگیراوە، لە پلەی سەدارەت نووسراو بۆ سەر عەسکەر دەنووسرێتەوە، لە ٦ حوزەیران دراوەتە قەڵەم.
جەنابی یاریدەدەری بەگی ئەفەندی
لە ٢ سەفەر ١٣١٦




هەواڵنامەی کتێب


İ.DH.01363

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>9 زیلقەعدە 1316</td><td>01363.000009</td><td>I.DH.</td></tr>
<tr><td colspan="3">
بابی عالی<br>
فەرمانگەی سەدارەت<br>
٣٢١٠<br>
بۆ جەنابی ئەفەندم<br>
لە ناو ویلایەتی موسڵ ئەمجارە بۆ قائیمقامیەتی قەزای سەڵاحیە، روشدی ئەفەندی قائیمقامی قەزای هەولێر بۆ شوێن ئەویش قائیمقامی قەزای زێبار عەبدوڵلا بەگ دامەزرێت، بۆ ئەم مەبەستەش نووسراو لە نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە و بریارنامەی قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە لەگەڵ کاغەزی وەرگێردراوی کەسێتی بەیەکەوە راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لەم بارەیەوە بە هەر شێوەیەك بێت فەرمانی پاشای جەنابی جەلافەتپەناهی چ بفەرمووێت جێبەجێ دەکرێت، لەگەڵ راگەیاندنی نووسراو ژمارەی لەسەر تۆمار کرا، لە ٩ زیلقەعدە ١٣١٦ و ٩ مارت ١٣١٥.<br>
سەدری ئەعزەم
</td></tr>
</table>

| Y.PRK.UM. | 00047.00105 | 22 رەبیعی کۆتایی 1317 |
| --- | --- | --- |

ژمارە ١

لە موتەسەرفی کەرکووك مەحمود نەزهەت پاشای بەندە


شیفرە

ناحیـەی برادۆسـت پاشـکۆی قـەزای رەوانـدز و لەگـەڵ ئێـران سـنوورە و گرنگـی خـۆی هەیـە، بەگزادەکانـی لـە نـاو وان لەگـەڵ شـێخ عوبیدوڵـڵا زادە شـێخ سـدیق لـە قـەزای شـەمدینان بـە چەکـی مارتیـن و مـاوزەر ئامـادەن لەگـەڵ هـۆزی چەکـدار شـەڕ بکـەن، لەگـەڵ هاتنـی ئـەم هەواڵـە بـۆ رێگـری کـردن لـە روونەدانـی ئـەو شـەڕە، رۆژی رابـردوو یـەك مەفـرەزەی سـەربازی لەگـەڵ قائیمقامـی روانـدز بـۆ ناحیـەی ناوهاتـوو رۆیشـتووە، ئێسـتا ئـەو تەلەگرافنامەیـەی کـە لـە خـودی خـۆی وەرگیـراوە، لـە قـەزای زێبـار سـەربە ویلایەتـی موسـڵ، شـێخی بـارزان لەبەر هەندێـك بابـەت چۆتـە لای شـێخ سـدیق لـە نەهـری، لەبـەر هەندێـك هـۆکار کـە دیـارە، شـێخی بارزانـی دەسـتگیر کـردووە و ناردوویەتیـە شـەمدینان، لەبـەر ئـەوە موریـد و دێوانەکانـی تووشـی جـۆش و خـرۆش بوونـە و بـۆ رزگار کردنـی شـێخەکەیان نزیکـەی ١٠٠٠ لـە ناحیـەی شـتیان یەکیـان گرتـووە، سـبەی دەچنـە نەهـری کـە شـێخ سـدیقی تێدایـە، هەروەهـا ئەوانـەی پێیـان دەوترێـت دێوانـە لەگـەڵ ئـەو بەگزادانـە رێککەوتـوون و هـەوڵ دەدەن لەگەڵیان رێکبکـەون، بـەڵام رێگـری لـە بەگـزادەکان کـراوە، هەروەهـا رێگـری لـە هۆزەکانیـش کـراوە، ئەگەرچـی ئەمـە راگەیەنـدراوە بـەڵام بـە تێروانیـن لـەو لێکۆڵینەوانـەی کـە کـراوە، لەگـەڵ ئـەو دێوانانـە هەندێـك هـۆزی قەزاکانـی زێبـاری موسـڵ و عەمادیـە و شـەمدینان رێککەوتنـی نهێنیـان هەیـە، لـەم بارەیـەوە، بـۆ ئـەوەی ئـەو گەندەڵیـە پەرەنەسـێنێت و فـراوان نەبێـت، پێویسـتە ئامـادەکاری پێویسـت بکرێـت، بۆ ئەمـەش بـە راگەیەنـدراوی ویلایەت و لـە رواندزیـش بـە ئەنجامدانـی چالاکـی چاوکـراوە، ئـاگاداری دراوەتـە قائیمقامیـەت، فەرمـان.

لە ٢٢ رەبیعی کۆتایی ١٣١٧ و لە ١٧ ئۆغستۆس ١٣١٥

مەحمود نەزهەت موتەسەرف

هەواڵنامەی کتێب




Y.PRK.UM.00047.00105.002


| DH.TMIK.M. | 00074.00052 | 7 جەمادی یەکەم 1317 |
|---|---|---|

- فەرمانگەی گشتی ئەرکانی جەنگی
یەکەی چوارەم
١٠٥٤
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بۆ جەنابی دەوڵەتی ئەفەندم

لە شەمدینان لەلایەن شێخ محەمەد سدیق ئەفەندی، شێخی زێبار محەمەد ئەفەندی دەستگیر کراوە، بۆ رزگارکردنی لە موریدەکانی و نزیکەکانی زیاتر لە ١٠٠٠ کەس بۆ شەمدینان جولە دەکەن، بۆ ئەوەی کارەساتێك لەم کۆبوونەوە روو نەدات، بۆ مەفرەزەی نیزامیەی فەرمانبەران لە تابوری رواندز برێکی تەواو لە سەربازی شاهانە زیاد بکرێت، لەسەر نووسراوی نەزارەتپەناهی لە مێژووی ١٧ ئۆغستۆس ١٣١٥ ژمارە ٢٨٥، موشیرەتی جەلیلەی لەشکری شەشەمی هومایۆن ئاگادار کراوەتەوە و ئاماژەی پێکراوە کە هەرچی زووە شێخی ناوبراو بهێنرێتە وان، ئەمجارە لە موشیرەتی جەلیلەی لەشکری چوارەمی هومایۆن وێنەیەك لە تەلەگرافنامە بۆ لایەنی سەروو ناردووە، کە شێخی ناوبراو محەمەد ئەفەندی لە سایەی شاهانە بەبێ رووداو هێنراوەتە وان، کە ئەوەیان بینیوە کوردەکان پەرشوبڵاوبوونەتەوە، خۆشی لە رێگای بەتلیس بۆ موسڵ رێگە دەگرێتەبەر، هەروەها ناوبراو هیچ رۆژێك لە موسڵ زوڵمی لێناکرێت و پارێزراو دەبێت، بە ویلایەتی موسڵ راگەیەندراوە کە بە رێگەی مەفرەزەیەکی ژاندارمەی تەواو لە جەزیرە هەڵدەگیرێت یاخود ئەوەی ویلایەت بە پێویستی دەزانێت لە ویلاتەکانی بتلیس و دیاربەکر لە یەکێکیان دابنرێت، بە گوێرەی ئەو ئاماژەیەی کە کراوە، ناوبراو یا بۆ موسڵ یاخود بۆ یەکێك لە ویلاتەکانی بەتلیس و دیاربەکر بهێنرێت، هەر کامەیان جێگیر بکرێت بە گوێرەی ئەوە کارەکە جێبەجێ دەکرێت، لە بارەی ئەو ئاماژانەی کە دراوە، لە نەزارەتپەناهی هیممەت بکرێت، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٧ جەمادی یەکەم ١٣١٧ و لە ١ ئەیلوول ١٣١٥.
رزا سەر عەسکەر

- بابی عالی فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی نووسین
بۆ ویلایەتەکانی موسڵ و بەتلیس
شیفرە

لە ژێر پاراستنی سەربازییەوە لە وان بۆ بەتلیس نێردراوە، هەروەها لە کەسانی ئایین پەروەرەکانە، لە ناو هۆزدا شایەنی رێزلێنانە، شێخی زێبار محەمەد ئەفەندی لە بەتلیس بۆ موسڵ نەهێنراوە، راستەوخۆ بۆ زێبار نێردراوەتەوە، هەروەها لە بارەی ئەزیەتنەدانی ناوبراو ئەوا بۆ یەك رۆژیش ئەزیەت نەدراوە، هەروەك لەسەر ئەمر و فەرمانی جەنابی خەلافەتپەناهی هومایۆن مامەڵەی رێزلێنانی بەرامبەر کراوە، حوکمی دوورخستنەوەی لەلایەن والای سەر عەسکەری بە موشیرەتی جەلیلەی لەشکری شەشەمی هومایۆن راگەیەندراوە، لە ویلایەتی عالیەوەش فەرمانی جەنابی پاشای بۆ جێبەجێ کردنی کارەکان دەرچووە.
نووسراوەتەوە لە ٧ ئەیلوول ١٣١٥



T.C. BASBAKANLIK OSMANLI ARSIVI DAIRE BASKANLIGI (BOA)

دائرهٔ امور داخلیه

موصل بتلیس و دیاربکر ولایتلرینه — شفره


محافظهٔ عسکریه تخصیص اولنه‌رق وانده بتلیسه گوندریلمش و ارباب زهد و تقوادن اولوب عشیرتجه
شایان احترام ذواتدن بولنمش اولان زیبار شیخی محمد افندینک بتلیسدن موصله گوندریلوب طوغریجه
زیباره اعزام و ایصال اولنمسی و موماالیه هرگونه [redacted] اذیت ایدلمسی و حقنده معامله
احترامیه ایفاسی مقتضای امر و فرمان همایون حضرت خلافتپناهی اولدیغندن حکم منیفی طرف والای
سرعسکریه درجی و ایفای ... مشربیت جهتلرینه اشعار قلنمشدر ... عدلیه
برمنطوق اراده سنیهٔ [redacted] پادشاهی اقتضاسنک ایفاسی بابنده

OSMANLI ARŞİVİ
DH.TMIK.M
74 52 14

883

DH.TMIK.M.00074.00052.014

هەواڵنامەی کتێب




DH.TMIK.M.00074.00052.013

| DH.TMIK.M. | 00079.00012 | 21 زیلحیجه 1317 |
|---|---|---|

- بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
شێخ عەبدوڵڵا ئەفەندی زادە شێخ محەمەد سدیق ئەفەندی بۆ ئەوەی لە ئێران هەندێك کەلوپەلی پێویست بۆ تەکیەکەی شەمدینان بێنێ، پیاوەکانی لەگەڵ ٢٣ ئاژەڵ و ٨١ تومەن پارە و هەموو کەلوپەلەکانی و جگە لەوە ١٥٠٠ تومان لەلایەن دانیشتووی شاری رومیەی ئێران، ئاغا خان ئەمیرپخا تاڵان کراوە، هەروەها لە بەرێوەبردنی کارگێری تەکیەکەش لێرە نیشتەجێ کرا، بۆ جێبەجێ کردنی کارەکانی لەلایەن شێخی ناوبراو داواکراوە، هەروەها بۆ گەرانەوەی کەلوپەلە بردراوەکان داوای فەرمانی میهرەبانی دەکرێت، فەرمان لە ١٨ تشرینی دووەم ١٣١٥.

تاهیر والی وان

- بۆ ویلایەتی موسڵ
لە قەزای رواندز لەلایەن بەگزادەکانی برادۆست زیاتر لە ١٥٠٠ لیرە پارەیان بردووە، دوای ئەوەی پەیوەندی بە لایەنی حکومەت کردووە، بەڵام هیچ سوودێکی نەبووە، شێخ عوبیدوڵڵا ئەفەندی کوڕی خوا لێخۆشبوو محەمەد سدیق ئەفەندی ئاگاداری ناردووە، لە بارەی ناوبراوەوە لە بارەی ئەو مامەڵەیەوە ئەگەر رێگە پێدراویش نەبێت، ئەوا گەرانەوەی ئەو کەلوپەلانە و رووداوێکی ئاوا بەپەلە لە ئەنجامەکەی هەواڵ بنێردرێت و مامەڵەکەی لە قۆمیسیۆن باس کراوە.

- بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
ئەو بەندەیەی تا ئەمرۆ خزمەتی دەوڵەتی کردووە، ئێستا بەهۆی هەندێك بارودۆخەوە بێ دەسەڵات ماوەتەوە، گەیشتۆتە رادەیەك بۆ پێداویستی مرۆڤ کەوتۆتە حاڵەتی پارانەوە، لە قەزای شەمدینان بەهۆی شکست و نەبوونی کشتوکاڵ تەکیەکەمان لە خاکی ئێرانەوە پێداویستی پێویست دەهێنرێت، تاوەکو ئێستاش ئەو کاروانانەی هاتووچۆیان کردووە، تووشی یەك زیان نەبووە، بەڵام وەرزی بەهاری رابردوو لە ئێران لە ناحیەی ئورمیە، ئاغا خان دانیشتووی ئەو ناحیەیە، هێرشی کردۆتە سەر پیاوەکانم، ٢٣ سەر ئەسپ و ئێستر لەگەڵ ٨٤ تومان پارە لەم شارۆچکەیە بردراوە، جگە لەوەش بۆ کرینی ئەرزاق ١٥٤٠ تومان پارەم ناردووە، لەگەڵ کاروانەکەی تەکیە تاڵان کراوە، لەلایەکی تر لە ویلایەتی موسڵ لە قەزای رواندز بەگزادەکانی رواندز ١٥٠٠ لیرەیان بردووە، بۆ گەرانەوەی ئەو شتومەکە برداوانە و تەمبێ کردنی بوێرەکان پەیوەندییان بە حکومەت کردووە، بەڵام هیچ سوودێکی نەبووە، دوای ئەوەی لە هەردوولا هێنانی ئەرزاق و کۆکردنەوەیان نەکراوە، لە ناو قەزاکە ناتوانین بگوزەرێنین، لەلایەکی تر موتەسەرفی هەکاری بەهۆی هەندێك هۆکاری نادیار نازانم ئەوەیان راستە یاخود پروپاگەندەیە، ناوبراو لەگەڵ فەرمانبەرەکانی هەوڵ دەدات کاری تەکیەکەم بوەستێنێت، بە بەهانەی ئەوەی وەکیلی خەرجی تەکیە بەندە بە قەتاسی کە بۆ گوندەکەی هەڵاتووە، لە ئاڵای سییەم، دووەم بلۆکی تابوری سێیەمی بە قوماندانیەتی مولازم عەلی ئاغا، ٣٠ تاکی شاهانەی ناردووە، راستەوخۆ چوونەتە خانەی ناوبراو، خۆشی ئامادە نەبووە، هەموو دە یەکی (اعشار) داهاتەکان و پارە و کەلوپەلی لە ناو ماڵەکەی تاڵان کردووە، بە پێی ووتەی قەتاسی روون بۆتەوە، جگە لەوە دوو خزمەتکار بە ناوەکانی عەبدولرەحمان وئیبراهیم بە بێ هۆ دوو جار تووشی دارکاری بوونە، هەموو خزمەتکارەکانی تریش بەهۆی ترس و تەنگ پێهەڵچنینەوە بەیەکجاری پەرشوبڵاو بۆنەتەوە، لەبەر ئەوە پیاومان نەماوە خزمەت و پێشوازی لە میوان و سەردانیکەران بکات، ناکرێت فەرمانبەری حکومەت کاری زوڵمکارانە ئەنجام بدات، خەریکی ریسواکردن بێت، بەم بارودۆخە ناتوانم لە بەرێوەبەرایەتی کردن بەردەوام بم، تکایە بە میهرەبانیەوە چارەیەکی باش بدۆزنەوە، چاوەرێم، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٠ شوبات ١٣١٥.

داواکار کوڕی خوالێخۆشبوو شێخ عوبیدوڵڵا زادە

- بۆ جەنابی ویلایەتپەناهی پایەبەرز
شێخ سدیق ئەفەندی شەمدینانی بە مەبەستی تۆڵە سەندنەوە ئەو پیاوانەی نارد بوو، لە بارەی چۆنیەتی بابەتەکە ئاگاداری لە مێژووی ٥ نیسان ١٣١٦ هاتووە و بە فەرماننامەی سەروو لە ویلایەتپەناهی فەرمان دراوە، لە سەر ئەو ووتانەی کە ووتراوە، بیرۆکەی ناوبراو بۆ بردنی قەرز و دەستکەوت نەبووە، مەبەستی ئەوە بووە دەست بە سەر ئێرە دابگرێت، بە تایبەتی ئەگەر قەرزیشی هەبێت، لە سەرەتای فەرمانەکە لە کۆتا ویلایەت و قەزا ٢٠٠ چەکدار لە پیاوەکانی ناردووە، جگە لەوە بە تێروانین لەو

هەواڵە بـاوەر پێکراونـە، پیـاوەکان لەگـەڵ سـەرەتای چوونـە سـەر گونـدی ئەرگوش سـەر بە زێبـار، هێرشـیان کردۆتە سـەر دەورووبـەر، لـە سـەر زیادبوونـی هەرەشـەکان و هەرەشـەی مـزوری بـاڵا، بـۆ گرتنـی سـەلیم ئاغـا ١٥ تـا ٢٠ کـەس بـۆ گونـدی ناوبـراو هەروەهـا ١٥٠ کـەس لـە نزیـك گوندەکـە خۆیـان حەشـارداوە، سـەرەتا ئـەو کەسـانەی کـە بـۆ گرتنـی نێردرابـوون، یەکێـك لـە نـاو ئەوانـە ئامـاژەی بـۆ سـەلیم ئاغـا کـردووە، لەبـەر ئـەوەی یەکسـەر هەسـتاوەتە سـەر پـێ، بـە کۆمـەڵ لـە یـەك کاتدا هێرشـیان کردۆتـە سـەری، خۆشـی خەنجـەر لـە دەسـتی بـووە، بـە هێـز گەیشـتۆتە قۆناغەکـەی، لـەم حاڵەتـە ناوبـراو سـەلیم ئاغـا بـۆ پاراسـتنی خـۆی داوای یارمەتـی لـە هۆزەکانی دەوروبـەری خـۆی کـردووە، بەهـۆی ئـەو رووداوەوە هەروەهـا ئـەوەی ئامـاژەی پێکـراوە ناوبـراو قـەرز و هیـچ شـتێکی نییـە، مەبەسـتی ئەوەیـە ئـەو ناوچەیـە بخاتـە ژێـر دەسـەڵاتی خـۆی، منیـش ئەمـرۆ دوای نوێـژی هەینی بە فەرمانـی ویلایەتپەناهـی بـاڵا بـۆ ناوچـەی کـە نـاوی هاتـووە دەرۆم، بـە مەبەسـتی پەرشـوبڵاوکردنی ئـەو کۆمەڵەیـە لەگـەڵ قائیمقامـی قـەزا بەیەکـەوە ئـەوەی لـە دەسـتمان دێـت، کەموکوریـمان نابێـت، ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ٧ نیسـان ١٣١٦.

داواکار بارزان بەگ .......

- زۆر بەپەلەیە

بۆ ویلایەتی موسڵ

یەکێـك لـە موریدەکانـی شـێخی زێبـار کـە ناونیشـانی دێوانـەی هەڵگرتـووە لـە مانگـی نیسـان شـەوی شەشـەم هێرشـی کردۆتـە سـەر گونـدی پیقالـە لـە ناحیـەی هەرکـی، شکسـتی بـە ئـەوان هێنـاوە و مـاڵ و کەلوپەلـی تـاڵان کـردووە، هەروەهـا جۆرەهـا هەڵسـوکەوتی ناشـیرینی لەگـەڵ ئافرەتـەکان کـردووە، بـە پێـی ئامـاژەی قائیمقامـی شـەمزینان بـە وەکالەتـی موتەسـەرفی هـەکاری نـووسراوە، ماوەیەکـە لـە قـەزای زێبـار قسـە بڵاوبۆتـەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە هێزێـك بنێردرێـت، فەرمانـە، لـە ٩ نیسـان ١٣١٦.

تاهر والی وان

- نەزارەتی ناوەخۆ

نیشـتەجێی شـەمدینان شـێخ سـدیق ئەفەنـدی بـۆ وەرگرتنەوە و هێنانـەوەی کەلوپـەل و پارەکـەی کە سـاڵی رابردوو دزراوە، ئەسـعەدی ناردۆتـە رومیـە لای ئاغا خـان، بـەڵام لەلایەن ناوبـراوەوە لێـی دراوە، ژیانی کەوتۆتە مەترسـییەوە، لەلایـەن موتەسـەرفی هـەکاری هەواڵەکـە نێـردراوە، لـە بـارەی لێدانـی ناوبـراو و لەگـەڵ گەرانـەوەی کەلوپەلـەکان مامەڵـەی یاسـایی جێبەجـێ بکرێـت، داوای یارمەتـی کـردووە، فەرمان، لـە ٢٦ حوزەیـران ١٣١٦.

تاهیر والی وان

- ویلایەتی وان

قەڵەمی نووسین

ژمارە ٢٥

بۆ نەزارەتی ناوەخۆ

بۆ بەرێزانی دەوڵەت

هاوپێچـی شـیفرەی تەلەگرافنامـەی مێـژووی ١٢ نیسـان ١٣١٦یـە، لـە گونـدی بیقالـە لەلایـەن موریدەکانـی زێبـار کەلوپەلیـان تـاڵان کـراوە و خەڵـك کـوژراوە و برینـدار بـووە، دەفتەری ژمـارەی زیانـەکان نێردراوەتـە نەزارەتپەناهی، بەمەبەسـتی تەمبێکـردن و گەرانـەوەی کەلوپەلـە تـاڵان کـراوەکان فەرمانـی تونـد دراوە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ١٢ سـەفەر ١٣١٨ و ٢٧ مایـس ١٣١٦.

والی وان

- بۆ ویلایەتی موسڵ


لـە مێـژووی ٩ نیسـان ١٣١٦ بـە پێـی نامـەی هاتـوو، ئەوانـەی سـنووریان بەزانـدووە، پیاوەکانـی شـێخی زێبـار لـە بـارەی فەقـی عەبدولرەحـمان و مـزوری سـلیمان، ئەحمـەد و سـوار، کـە بـە قـەت جانـەوەرن، ئەمـوال و کەلوپەلـی گونـدی پیقالەیـان بـە تەواوەتـی تـاڵان کـردووە، لـە کاتـی هەڵاتنیـش چـوار کـەس مـردوون، تەرمەکانیـان ماوەتـەوە، هەرچـی زووە ئـەو لاشـانە هەڵگیرێـن و بدرێنـەوە خاوەنەکانـی خۆیـان، لـە ١٠ نیسـان ١٣١٦.

تاهیر والی وان


- لە ١٣ نیسانی ١٣١٦ ئەو مەفرەزەیەی لە ناوچەی زێبار غەدری لیکراوە پێویستە لە ژمێریاری دەوڵەت یارمەتی بدرێت بە وەکالەتی فرقەی فەرماندە فەرمان دەرکراوە، لە ١٩ نیسان ١٣١٦.

هەواڵنامەی کتێب








DH.TMIK.M.00079.00012.006





DH.TMIK.M.00079.00012.008


T.C. BASBAKANLIK OSMANLI ARSIVI DAIRE BASKANLIGI (BOA)
OSMANLI ARŞİVİ
DH.TMIK.M
79 | 12 | 12

DH.TMIK.M.00079.00012.012




DH.TMIK.M.00079.00012.013



T.C. BASBAKANLIK OSMANLI ARSIVI DAIRE BASKANLIGI (BOA)

نمونه ١

TÉLÉGRAMME

L'état n'accepte aucune responsabilité à raison du service de la télégraphie.

في ‌ ‌ ‌ سنه
Le ‌ ‌ ‌ 189

وصول نومروسی
N° d'arrivé

دقیقه ساعت
h. m. du

ارسالی
Réexpédié à

مأمورك امضاسی
Signature de l'employé

واسطه‌سیله
Transmis par

بدأ مخابره
Commencé à

ختام مخابره
Fini à


De ‌ ‌ ‌ Pour ‌ ‌ ‌ الی ‌ ‌ ‌ عن

| اشارات مخصوصه Indications sur taxés | طریق Voies | روز وياشب Matin ou soir | دقیقه Minutes | ساعت Heures | محل تاریخی Date du dépôt | غروب Group | عدد كلمات Nombre de mots | محل نومروسی N° du dépôt |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | |

OSMANLI ARŞİVİ
DH.TMIK.M
79 | 12 | 14

هەواڵنامەی کتێب

DH.TMIK.M.00079.00012.014


T.C. BAŞBAKANLIK OSMANLI ARŞIVI DAIRE BAŞKANLIĞI (BOA)

نمونه ١

TÉLÉGRAMME

مخابرات تلغرافيه دن طولايى دولت هيچ مسئوليتى قبول ايتمز

L'état n'accepte aucune responsabilité à raison du service de la télégraphie.

Le ______ 189 __ ف سنه

N° d'arrivé وصول نومروسى

h. m. du دقيقه ساعت

Récxpédié à ارسالى

Signature de l'employé مأمورك امضاسى

Transmis par واسطه سيله

Commencé à بدأ مخابره

Fini à ختام مخابره


De ______ Pour ______ عن ______ الى

| اشارات مخصوصه Indications non taxés | طريق Voies | دون و ياشب Matin ou soir | دقيقه Minutes | ساعت Heures | محلى تاريخى Date du dépôt | غروب Group | عدد كلمات Nombre de mots | محلى نومروسى N° du dépôt |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ٥٠ | ٤٥٦٨ |

OSMANLI ARŞİVİ
DH.TMIK.M
79 | 12 | 16

هەواڵنامەی کتێب

DH.TMIK.M.00079.00012.016



T.C. BASBAKANLIK OSMANLI ARSIVI DAIRE BASKANLIGI (BOA)

تلغرافنامه

OSMANLI ARŞİVİ
DH.TMIK.M
79 | 12 | 23

DH.TMIK.M.00079.00012.023

T.C. BAŞBAKANLIK OSMANLI ARŞİVİ DAİRE BAŞKANLIĞI (BOA)



وان ولایتی

مکتوبی قلمی

عدد ٢٥

داخلیه نظارت جلیله سنه


دولتلو افندم حضرتلری

بیغاله قریه سنده زیبار مریدانی طرفندن غصب اولنان اموال وقتل وجرح اولنان نفوسك

وان والیسی

OSMANLI ARŞİVİ
DH.TMIK.M
79 | 12 | 33

DH.TMIK.M.00079.00012.033




| DH.TMIK.M. | 00083.00027 | 23 ڕەمەزان 1317 |
|---|---|---|

ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی نووسین
ژمارە ١٠٤
بۆ لایەنی سەرووی نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بۆ جەنابی ئەفەندم

شێخ عوبیدوڵڵازادە شێخ محەمەد سدیق ئەفەندی ناودار مەبەستی ئەوەی هەیە هۆزەکانی زێبار و عەمادیە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی و دەسەڵاتی خۆی فراوان بکات، بۆ ئەم مەبەستە چەکی هێناوە و بەسەر خەڵکی دابەش دەکات، ئەم زانیاریە ووردانەش جێگەی ووردبینین، حەوت پارچە نامە بە زمانی فارسی بۆ فەتاح ئاغا زێباری و حەسەن ئاغا زێباری لەگەڵ شێخی بارزان محەمەد ئەفەندی هەروەها بۆ قائیمقامیەتی زێبار نێردراوە، دەستی بەسەرداگیراوە، وێنەی وەرگێردراوی هاوپێچ پێشکەشی جەنابی سەدارەتپەناهی کراوە، بۆ ئەوەی ڕێگە نەدرێت ڕووداو ڕووبدات و ڕێگە نەدرێت دانیشتوان و هۆزەکان دەست بە دروست کردنی کێشە بکەن، بەردەوام جموجۆڵیان بخرێتە ژێر چاودێریەوە، ئەو زانیاریانەی کە بە ڕێگەی سیخوری وەردەگیرێن بە ئێرە ڕابگەیەندرێت، ئەمەش بە قائیمقامیەتی زێبار و عەمادیە ڕاگەیەندراوە، ئاگاداری پێویست بۆ لایەنی نەزارەتپەناهی و ویلایەتی ناوهاتوو نێردراوە، داوای هاوکاری دەکات، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٣ ڕەمەزان ١٣١٧ و لە ١٢ کانوونی دووەم ١٣١٥.

والی موسڵ



| Y.A.RES. | 00103.00004 | 4 جەمادی یەکەم 1317 |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
١٣٣٤
بۆ جەنابی ئەفەندم

محەمەد ئەفەندی شێخی زێبارە سەر بە ویلایەتی موسڵ، ئێستا لە وان دەیەوێت بگەڕێتەوە مەملەکەت، لەگەڵ فەتاح ئاغای زێباری دوژمنایەتی کۆن لە نێوانیاندا هەیە، ئەگەر بیەوێت تۆڵەی خۆی بکاتەوە، با رووداوی نابەجێ روو نەدەدات، هێنانی ناوبراو بۆ دەرسەعادەت و پێشوازی کردنی لە نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە ئاماژەی پێکراوە لەسەر ئەم ئاماژەشەوە لە ئەنجوومەنی تایبەتی بریکارەکان دراوەتە قەڵەم، لەگەڵ بریارنامە راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، هەر چۆنێك بێت فەرمانی پاشای جەنابی خەلافەتپەناهی چ بفەرموێت جێبەجێ دەکرێت.


لە ٤ جەمادی یەکەم ١٣١٧ لە ٢٩ ئۆغستۆس ١٣١٥
سەدری ئەعزەم

هەواڵنامەی کتێب


| Y.PRK.ASK. | 00154.00045 | 17 رەبیعی کۆتایی 1317 |
|---|---|---|

ئەو شیفرەیەیە کە لە موشیرەتی باش کیتابەتی لەشکری چوارەمی هومایۆن هاتووە
لـە ١١ ئۆغسـتۆس ١٣١٥ شـێخی زێبـار محەمـەد ئەفەنـدی لـە هێـزی بەدواداچوونـی ویلایەتـی موسـڵ ترساوە، بـە مەبەسـتی راکردنـی بـۆ ئێـران لەگـەڵ تاقمێـك لـە پیاوەکانـی چوونەتـە تەکیەکـەی خـۆی، بـۆ دەسـتگیرکردنی برێـك سـەربازی شـاهانە رۆیشـتووە، لـە گونـدی قاتونـەی سـەر بـە شـەمدینان شـێخ عوبیدوڵـلازادە محەمـەد سـدیق ئەفەنـدی بـە تەلەگـراف بـۆ بەندەکانـی ناردووە تێـدا ئامـاژەی بـەم بابەتـە کـردووە، هەروەهـا لەگـەڵ گفتوگۆکـردن لەگـەڵ ویلایەتـی موسـڵ راسـتیەکان لـەم مەرکـەزە هەبـووە و راگەیەنـدراوە کـە پێویسـتە دەسـتگیر بکرێـت، بـە مەبەسـتی دەسـتگیر کردنـی ناوبـراو تـا سـەربازی شـاهانە دەنێردرێتـە تەکیەکـە، دوا دەکەوێـت و کارەکـە ئەنجـام نادرێـت، بـۆ ئـەوەی رێگـە نەدرێـت رابـکات، شـێخی ناوبـراو ئـاگادار کراوەتـەوە، بـەڵام شـێخ محەمـەد ئەفەنـدی بـە هـەر شـێوەیەك بێـت کاتێـک رایکـردووە، شـێخ محەمـەد سـدیق ئەفەنـدی بـە پیاوەکانـی خـۆی دەسـتگیری کـردووە، تەنانـەت لـە کاتـی دەسـتگیر کردنـی رووبەرووبوونـەوە روویـداوە، یەکێـك لـە پیاوەکانـی خـۆی بریـنـدار بـووە، بـەڵام ئەگـەر شـێخی ناوبـراو لـە رێگـەی شـەمدینان بچێتـە موسـڵ، ئـەوا دوور نییـە کـوردە چیاییەکانـی ئـەو ناوچەیـە هـان بـدات و رووداو روو بـدات، ماوەیەکیـش هێشـتنەوەی لـەوێ بەبـاش نەزانـراوە، هەروەهـا لـە رێگـەی وان و بەتلیـس و سـەعرد لـە ژێـر پاراسـتنی سـەربازی شـاهانە بنێردرێتـە موسـڵ، لـەو حاڵەتـە هیـچ شـتێك روونـادات، بەپەلـە لـەوێ هەڵگیـراوە و هێنراوەتـە وان، لـە وەڵامـی ویلایەتـی وان و قوماندانیەتـی یەکـەم رۆژ راگەیەنـدراوە، شـێخی ناوبـراو بـە شـێوەیەك رەوان کـراوە لـە شـاهانە هیـچ گرنگیەکـی ئەوەتـۆی نەمـاوە، لەگـەڵ وێنـەی راگەیەندراوەکـە بـە گەیشـتنی بـۆ موسـڵ ئەگـەر ئامـادەکاری پێویسـتیش کرابێـت ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی پایەبـەرزی پیـرۆزە، لـە ١٧ رەبیعـی کۆتایـی ١٣١٧ و لـە ١٢ ئۆغسـتۆس ١٣١٥.

محەمەد زەکی موشیری لەشکر



Y.PRK.ASK.00154.00045.001





DH.ŞFR.00227.00162.001

| | | |
|---|---|---|
| **DH.ŞFR.** | 00227.00162 | **24 جەمادی یەکەم 1317** |

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

لـە نـاو قەزاکانـی زێبـار و عەقـرە شـێخەکانی بـارزان و بجیـل لـە نێـوان موریدەکانیـان رووبەڕووبوونـەوە و شـەڕ روویـداوە، ئـەو تابـورەی کـە نێـردراوە، فەرمانی پاشـا لەسـەر تێکچوونی جموجۆڵی سـەربازی نێـردراوە، تا ئێسـتا لەوێ ماونەتـەوە، هەروەهـا موریدەکانیـش بـە قەبـوڵ کردنـی فەرمانـی پاشـا بـۆ ناوچەکـە نێـردراوە، لـە داهاتـوو ئـەوەی پێویسـت دەکات لـە ئامادەکاری سیاسـی جێبەجـێ دەکرێـت، ئێسـتا شـێخەکان و موریدەکان بـە نـاوی حکوومـەت ئامـۆژگاری پێویسـت دەدەن و نێوانیـان ئاشـت دەکەنـەوە، بۆیـە لـە یەکـەم فەرمانـدا سـەردانی نەزارەتپەناهـی دەکرێـت، لـە ٢٨ ئەیلـوول ١٣١٤.

عارف والی موسڵ


T.C. BASBAKANLIK OSMANLI ARSIVI DAIRE BASKANLIGI (BOA)

Le ... 189
N° d'arrivé
h. m. du
Réexpédié à
Signature de l'employé

TÉLÉGRAMME

L'Etat n'accepte aucune responsabilité à raison du service de la télégraphie.


Le ... 189
Transmis par
h. m. du
Commencé à
Fini à
Signature de l'employé

De ... Pour ...

| N° du dépôt | Nombre de mots | Group | Date du dépôt | Heures | Minutes | Matin ou soir | Voies | Indications non taxés |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|


OSMANLI ARŞİVİ
DH.ŞFR
227 162 1-2

DH.ŞFR.00227.00162.001




| 6 جەمادی یەکەم 1317 | 001369.102634 | BEO. |
|---|---|---|

٦ جەمادی یەکەم ١٣١٧
٣١ ئۆغستۆس ١٣١٥
بۆ لایەنی سەر عەسکەرمان
بـۆ رزگارکردنـی محەمـەد ئەفەنـدی شـێخی بـارزان، زیاتـر لـە ١٠٠٠ کـەس لـە زێبـار کۆبوونەتـەوە، بیرۆکـەی ئەوەیـان هەبـووە هێـرش بکەنە سـەر شـەمدینان، لـە کۆتاییدا شـێخی ناوبـراو نێردراوەتـە وان و ئەوانیـش پەرشـوبڵاوبوونەتەوە و گەراونەتـەوە شـوێنی خۆیـان، دووبـارە بـۆ ئـەوەی ناوبـراو بـە رێگـەی بەتلیـس و سـەعرد بگەرێندرێتـەوە موسـڵ جولـەی پـێ بکرێـت، لەگـەڵ قوماندانیەتـی ویلایەتـی وان قسـە کـراوە، دوای ئەوەی بە موشـیرەتی جەلیلەی لەشـکری چوارەمـی هومایـۆن راگەیەنـدراوە، هەروەهـا لەگـەڵ شـێکردنەوەی چۆنیەتـی جێبەجـێ کردنـی کارەکـە تەلەگرافنامە بـۆ نەزارەتـی ناوەخـۆی جەلیلـەی ویلایەتـی موسـڵ نێـردراوە، لەگـەڵ نـووسراوی مێـژووی ٢ جەمـادی یەکـەم ١٣١٧ ژمـارە ٢٥٦٢ بەیەکـەوە بـۆ سـەر عەسـکەر نێـردراوە، بەپەلـە لەگـەڵ موشـیرەتی ناوهاتـوو گفتوگـۆ بکرێـت، دوای جێبەجـێ کردنـی هاوپێـچ بنێردرێتەوە.





هەوالنامەی کتێب

| BEO. | 001417.106266 | 11 شەعبان 1317 |
|---|---|---|

١١ شەعبان ١٣١٧
٢ کانوونی یەکەم ١٣١٥
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

لە بارەی دامەزراندنی عەلی بەگ قائیمقامی قەزای دهۆك بۆ قائیمقامیەتی قەزای زێبار، لە مێژووی ٢٣ جەمادی کۆتایی ١٣١٧ ژمارە ٣٣٢٣ لەسەر نووسراوی دەوڵەت، بە بڕیاری قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە لە مێژووی ١ شەعبان ١٣١٧ بە فەرموودەی فەرمانی پاشای جەنابی خەلافەتپەناهی و بە تێروانین لە ئاماژەی ویلایەت عەلی بەگ لە قائیمقامیەتی قەزای زێبار لە ویلایەت کارەکەی جێبەجێ کراوە، ئەگەرچی دەرکەوتووە نووسراو بۆ شوێنی ئەرکەکەی دەرچووە، بەڵام بە پشت بەستن بە لیستی تایبەتی نیزام ماددەی ٢١ دوورخراوەتەوە، هۆکاری دوورخستنەوەکەشی دیارکراوە و لە قۆمیسیۆن ووردبینی بۆ کراوە، ئەرکەکەیان پەسەند نەکراوە و قەبوڵ کردنی ئەو فەرمانبەرانەی کە گواستنەوەی ئەرکەکەی کۆتایی پێ هاتووە، لە نەزارەتی جەلیلە بە وەڵام بە شوێنەکانیان ڕاگەیەندراوە، لە شوێن خۆیان جموجۆڵیان گونجاو نییە، بۆ دووبارە نەبوونەوەی ئەم جۆرە مامەڵە و بارودۆخانە ئاگادارکردنەوە لە ویلایەتی موسڵ ڕاگەیەندراوە، هەروەها ناوبراو لەو کاتەی کە لە قائیمقامیەتی قەزای سەماوە بووە، لەبەر جموجۆڵی نەشیاوی خراوەتە ژێر دادگایی کردنەوە، قابیلی پێداچوونەوە بووە، بۆ پاکانەشی ئەو بڕیارەی کە دراوە پێداچوونەوە لەلایەن داواکاری گشتی سکاڵای نەکردووە، دەرکەوتووە مافی پێدراوە، لەم جۆرە سکاڵایانە دووبارەبوونەوە دەبێتە هۆی ئەوەی جارێکی تر ئەرکی پێ نەدرێت، ئەمجارە لە نەزارەتی جەلیلە لە مێژووی ٢٥ جەمادی یەکەم ١٣١٦ لەسەر ئاگاداری پێشوو دووبارەبوونەوەی لە نووسراوی قۆمیسیۆن دەرکەوتووە، هیممەت بکرێت بۆ جێبەجێ کردنی.




هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 02246.00119 | 8 جەمادی یەکەم 1317 |
|---|---|---|


٨ جەمادی یەکەم ١٣١٧
١ ئەیلوول ١٣١٥
بۆ ویلایەتی موسڵی پایەبەرز

کە قائیمقامی زێبار بووە، باوکی عەلی رزا ئەفەندی مردووە، بۆ وەرگرتنەوە و رێکخستنی مووچە کەڵەکەبووەکەی، لەلایەن قوتابی مەکتەبی فنونی جەنگی شاهانە عەلی رزا ئەفەندی نووسراو دراوە، لە نەزارەتی مەکاتبی گشتی سەربازی شاهانەی جەلیلە بە نووسراو نێردراوە، لەگەڵ کاغەزەکانی هاوپێچ ژمارەی پۆستەکەش نێردراوە، لە لایەنی والای سەر عەسکەر نووسراوی لە مێژووی ٢٢ ئۆغستۆس ١٣١٥ ژمارە ١٨٤ هاتووە و دیاری کراوە، کاغەزە دیاری کراوەکانی پۆستەش هاوپێچ نێردراوە، وێنەی ئاماژە پێکردنەکەشی بە تێروانین لە زانیاری خۆچێی لە جێبەجێ کردنی هیممەت بکرێت.




هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>18 سەفەر 1318</td><td>00090.00040</td><td>DH.TMIK.M.</td></tr>
<tr><td colspan="3">پلەی سەر عەسکەر<br>قەڵەمی نووسین<br>١٠٢<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>بۆ جەنابی دەوڵەت<br>والـی موسـڵ جەنابـی بـەگ لـەو کاتـەی کـە لـە عەقـرە بـووە، هـەواڵ هاتـووە لـە شـوێنی ناوبـراو لـە دووری چـوار کاتژمێـر لـە قـەزای زێبـار شـێخ محەمـەد بارزانـی لەگـەڵ موریدەکانـی شـێخ عوبیدوڵـڵا زادە شـێخ ئەفەنـدی کـە لـە ویلایەتـی وان قـەزای نەهـری نیشـتەجێیە، لـە نێوانیـان شـەر بەرپادەبێـت، بۆیـە کارەکـەی بـە شـیاویەوە گرنگـی پـێ داوە، لـە کاتـی هاتنـەوەی بـۆ ویلایـەت شـەرێکی قـورس لـە نێـوان هـەردوو لادا روویـداوە و کەسـێکی زۆر مـردوون، لەسـەر قسـەی هەمـوو لایـەك لـە موسـڵ لەلایـەن کاتیبی ئـاڵای نیزامیـە محەمەد حەقـی ئەفەنـدی نـووسراو هاتووە، بـۆ لایەنـی سـەروو نێـردراوە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئەفەندیمـە، لـە ١٨ سـەفەر ١٣١٨ و لـە ٣ حوزەیـران ١٣١٦.<br>سەر عەسکەر</td></tr>
</table>


İ.DH.01383

i.DH. 1383/1319.M/35


هەواڵنامەی کتێب

| 27 زیلحیجه 1318 | 01383.000035 | I.DH. |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
٣٦١٤

نووسراو لە نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە هاتووە و بۆ شورای دەوڵەت حەواڵە کراوە، دواتر دراوەتە قەڵەمی فەرمانگەی مولکیە، هەروەها بە هاوپێچەوە ئەو بریارنامەیەی کە راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لە ناو ویلایەتی موسڵ دەستەی داهاتی قائیمقامی قەزای زێبار محەمەد عەلی بەگ لە دانیشتوانی ناحیەکانی شێروان و مزوری بەرامبەر ئەو ئەرزاقەی کە لە وەرگرتنی داهاتی میری دەستیان کەوتووە، هەژمارەکەیان ئەنجام نەداوە، هەروەها لەگەڵ میر مەلا و ئەحمەد ئاغا هەر یەکە هەندێکیان وەرگرتووە و هەر یەکە بەشێکی داهاتەکە بە پارەوپول و کەلوپەل شاردوویانەتەوە، جگە لەمە موختار و تەحسیلداری (تحصیلدار) هەندێك لە گوندەکانی زیندانی کردووە و بە وەرگرتنی پارە ئازادی کردوون، لە فەرمانبەری ناسنامە پێنج و ئەو ناحیانەی کە ناویان هاتووە بە ناوی ئابوونەی رۆژنامە ٥٠ مەجیدیەی وەرگرتووە، لەگەڵ ئەو لێکۆڵینەوەی کە ئەنجام درا، پەسەند کراوە، لەبەر ئەو بابەتانەی کە نێردراوە، ویلایەت ئاگادار کراوەتەوە کە قائیمقامی ناوهاتوو دادگایی بکرێت، بە پێویست زانراوە کە حەواڵەی نەزارەتی ناوهاتووش بکرێت، لەم بارەیەوە فەرمانی پاشای جەنابی خەلافەتپەناهی چ بفەرموێت جێبەجێ دەکرێت، بەم راگەیەندراوە نووسراوەکە پەسەند کرا، لە ٢٧ زیلحیجە ١٣١٨ و لە ٤ نیسان ١٣١٧.


سەدری ئەعزەم




هەواڵنامەی کتێب

| 22 رەبیعی کۆتایی 1318 | 001536.115163 | BEO. |
|---|---|---|


بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
٢٢ رەبیعی کۆتایی ١٣١٨
٥ ئۆغستۆس ١٣١٦
سدیق شێخی بارزان، چۆتە سەر گوندی برادۆست و هێرشی کردۆتە سەریان، لەلایەن هۆزەکان زۆر کەس کوژراوە و بریندار بووە، بە تێروانین لە هەر هەموویان ئەو هێزەی لەوێ ئامادەیە، ناتوانێ ئەوانە پەرشوبڵاو بکات و بیانبەستێتەوە، بۆیە لە ویلایەتی موسڵ داواکراوە مەفرەزەیەك لە رواندزەوە بێت بۆ ئەم مەبەستە هەندێك ووتووێژ و پرس و را کراوە، نووسراوی ١٩ رەبیعی کۆتایی ١٣١٨ ژمارە ٨٧٢ بە سەیرکردن لە نووسراوی سەر عەسکەر لە ویلایەتی موسڵ بە ووتووێژ یەکسەر دەست بەکار بکرێت، هەروەها هاوپێچەکان بگەرێندرێنەوە.



هەواڵنامەی کتێب

| 16 جەمادی یەکەم 1318 | 001548.116098 | BEO. |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی نووسین
ژمارە
٢٧٥١
جەنابی سەدارەتپەناهی
بـۆ نووسراوەکانـی شـێخی بـارزان لەگـەڵ شـێخ محەمـەد سـدیق ئەفەنـدی بەمەبەسـتی گفتوگۆکـردن لـە سـەر کارەکانیـان چوونەتـە شـەمدینان، سـەرۆکی قـەڵا شـێخ حەمیـد پاشا لەگـەڵ مەمـدوح بـەگ ئـەو خەرجـی ڕۆژانـەی کـە بـۆ لیـوا دابیـن دەکرێـت، بـۆ خەرجـی ڕێـگای ناوەخـۆ ڕێکدەخرێـت، ئەمـەش بـەش نـاکات، بۆیـە ژمێریـاری هـەکاری ئـاگادار کراوەتـەوە، هەروەهـا لـە ناوەنـدی سـانجەق ڕێکخسـتنی خەرجـی ڕێـگای ناوەخـۆ لـە ٥٠٠٠ و هەندێـك قـوروش تـا ئێسـتا سـێیەکی خەرج کـراوە، ئـەوەی ماوەتـەوە تـا کۆتایـی سـاڵ بـەش نـاکات، ئەوانـەی ناویـان هاتـووە بـۆ حەمیـد پاشـا ٥٠ و مەمـدوح بـەگ ٤٠ قـوروش بدرێـت، لـە ئەنجوومەنـی کارگێـری ویلایـەت بـە پێـی ڕاپـۆرت ڕۆژانـەی مووچەیان کـە مۆڵـەت دراوە، لە ویلایەتـی وان نـووسراوی مێـژووی ١ تەممـوز ١٣١٦ ژمـارە ٤٢ ئـاگاداری نێـردراوە، لـە بـارەی خزمەتـەوە ئەوانـەی بـە شـێوەیەکی کاتـی لـە یەك ناوچـە دادەمەزرێـن، بـە گشـتی ئـەو فەرمانبەرانـەی کـە فەرمانبـەری هەمیشـەیی نیـن، بۆ یـەك کاتژمێـر ٥ قوروش بـۆ خەرجی ڕێـگا بدرێـت، بەیەکـەوە ئـەو خەرجیانـەی پێویسـتە و بـە گوێـرەی پلـە لـە ١٠ قـوروش تـا ٥٠ قـوروش ڕۆژانـە بدرێـت، ئەمـەش بـە بڕیارنامـەی خەرجـی ڕێـگا مـاددەی ٢٦ هاتـووە، هەروەهـا جێبەجـێ کردنـی مووچـە بەرامبـەر جێبەجـێ کردنـی بـە ووتەی ژمێریـاری مۆڵـەت دراوە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.
لە ١٦ جەمادی یەکەم ١٣١٨ و ٢٩ ئۆغستۆس ١٣١٦
نازری کاروباری ناوەخۆ مەمدوح بەگ




DH.MKT.02401.00081.001

هەواڵنامەی کتێب


| 16 جەمادی یەکەم 1318 | 02401.00081 | DH.MKT. |
|---|---|---|

١٦ جەمادی یەکەم ١٣١٨
٢٩ ئۆغستۆس ١٣١٦
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
بـۆ ئـەو دانیشـتنانەی کـە پەیوەسـتن بـە ئاشـت کردنـەوەی نێـوان شـێخی بـارزان لەگەڵ شـێخ محەمـەد سـدیق ئەفەنـدی، باش قەڵعـە شـێخ حەمیـد پاشـا و مەمـدوح بـەگ بـۆ شـەمدینان ڕۆیشـتوون، لـە بارەی ڕێکخسـتنی خەرجـی ڕۆژانـە و خەرجـی ڕێگا بەشـی نەکـردووە، بـە ژمێریـاری هـەکاری ڕاگەیەنـدراوە، هەروەهـا لـە مەرکـەزی سـانجەق خەرجـی ڕێـگای ناوەخـۆ ٥٠٠٠ و هەندێـك قـوروش ڕێکخـراوە، کەچـی تـا ئێسـتا سـێ یەکـی خـەرج کـراوە، بـۆ ئـەوەی ماوەتـەوەش لـە پەراوێـز نووسراوەتـەوە کـە تـا کۆتایـی سـاڵ بـەش نـاکات، بۆیـە حەمیـد پاشـا ٥٠ و مەمـدوح بـەگ ٤٠ قوروشـیان بـۆ هەژمـار بکرێـت، لـە ئەنجوومەنـی کارگێـری ویلایـەت دابینکردنـی ڕۆژانەکەیـان کراوەتـە نـووسراو، بـۆ خـەرج کردنـی مووچـەی ڕۆژانەیـان نـووسراوی ١ تەممـوز ١٣١٦ ژمـارە ٤٤ لـە ویلایەتـی وان دەرچـووە و ئاماژە بـە ڕەزامەندیەکـەی کـراوە، ئەرکی تایبـەت لەگەڵ کاتیەکەی بـۆ ناوچەیەك دامـەزراون و ڕۆیشـتوون، بـە گشـتی فەرمانبەرانـی کاتـی بـۆ هـەر کاتژمێرێـك ٥ قـوروش خەرجـی ڕێگایـان پـێ دەدرێـت، لەگەڵ ئـەوەش خەرجـی پێویسـتیش هاوشـێوەی یەکتـر دەبێـت، جگـە لەمـە بـە گوێـرەی ئاسـت و سـیفەت و پلـەی کارەکەیـان لـە ١٠ قـوروش تـا ٥٠ قـوروش ڕۆژانەیـان پـێ دەدرێـت، بـە بریارنامـەی خەرجـی ڕێـگا، مـاددەی ٢٦ ی مووچـە بەرامبـەر بـە خەرجیەکـە کاروبارەکـە جێبەجـێ دەکرێـت، لـە ژمێریـاری باسـکراوە، لەگـەڵ ئـەوەش چۆنیەتـی ڕەزامەندیەکـە ئاماژەی پێکـرا.




DH.MKT.02401.00081.001

کتێبی هەواڵنامە




هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 02437.00121 | 19 شەعبان 1318 |
|---|---|---|

١٩ شەعبان ١٣١٨
٢٩ تشرینی دووەم ١٣١٦
بۆ ویلایەتی موسڵی عالی
ساڵانەی پلەوپایەکان ١٥٢٠٠٠ و هەندێك قوروش دەكات، هەروەها لە ١٤٠٠ خانە پێك هاتووە، ناحیەی زێبار لە هەر کۆنەوە بە نیازی ئەوەی ببێتە مەرکەزی حکوومەت دانیشتوانەکەی مامەڵەی حکوومەتی هاوبەشیان کردووە، ئێرە بە ٥ تا ١٠ پۆلیس لەگەڵ یەك ئەفسەر ئامادە بن، ئەوا لایەنی کاروباری مولکیە و دارایی ناحیەکە بە تەواوەتی بەڕێوەدەچێت، هەرچی ناحیەی مزوری لە ٢٤٠٠ خانە پێك دێت، هەرچی پلەوپایەی ساڵانەی ٢٦٦٦٤٧ قوروش پێك دێت، لەگەڵ ئەوەی زەویەکەشی لە ناحیەکانی زێبار و شێروان زیاتر بە داهات و بەرەکەتە، تا ئێستا بۆ کۆکردنەوەی داهاتەکان ساڵی جارێك دێت، جگە لە ئەندامانی مەفرەزە زیاتر یەك فەرمانبەری حکوومەت روخساری نەبینیوە، لەمەش دادپەروەری جێبەجێ نەکراوە، ئێستا لە نێوان خەڵك کەسێك نییە مامەڵەی دادپەروەرانەی حکوومەت سەر بکات، لە قەزای شەمدینان سەر بە ویلایەتی وان نیشتەجێیە، هەنگاو بە هەنگاو خەریکی ئەوەیە دانیشتوانی ملکەچ بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، دەسەڵاتی شێخ سدیق لە ناو ناحیە بە تەواوەتی جێگیر نەبووە، ئەگەر بێتو مەرکەزی قائیمقامیەت بۆ ناحیەی ناوهاتوو بگوازرێتەوە، لە ماوەی یەك دوو ساڵ بارودۆخی دارایی مامەڵەی دارایی ناحیەی زێبار بە گوێرەی نیزام رێك دەخرێت و بەهێز دەبێت، لەسەر ئاماژەی پشکێنەری دارایی ویلایەت، لە نەزارەتی دارایی جەلیلە لە نووسراوی مێژووی ٧ تشرینی دووەم ١٣١٦ ژمارە ٨٤٧ نێردراوە، لەم بارەیەوە خوێندنەوەی عالی بۆ بکرێت و هیممەت بکرێت.

| DH.TMIK.M. | 00084.00038 | 18 زیلحیجه 1319 |
|---|---|---|


- بابی عالی
فەرمانگەی نەزارەتی ناوەخۆ
ئەو تەلەگرافنامەیەیە کە لە ویلایەتی وانەوە بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە نێردراوە
شـێخی زێبـار بـە نـاوی قـەرز لـە موریـدە ناوبانگەکانـی نزیکـەی ١٠٠٠ کـەس هێرشـیان کردۆتـە سـەر گونـدی بیکالانـەی قـەزای شـەمدینان، شکسـتیان پـێ هێنـاون و پارەوپـول و کەلوپەلـی دانیشـتووانیان تـاڵان کـردووە، ٤ کەسیشـیان کوشـتووە، هـەر ئێسـتا یـەك بلـۆك سـەربازی شـاهانە رەوانـی ناوچەکـە بکرێـت، ئەوانـەی بوێـری ئـەو کارەیـان کـردووە دوور بخرێنـەوە و تەمبـێ بکرێـن، نووسراوەتـەوە کە قائیمقامیەتی شـەمدینان بوێریکەران دەسـتگیر بـکات و کەلوپەلـە تاڵانکراوەکانیـش بگەرێندرێتـەوە، رێگـە نەدرێـت جارێکـی تـر کارێکـی لەم جـۆرە دووبـارە بێتەوە، ئەگەرچـی بـۆ ویلایەتـی موسـڵ نووسراوەتـەوە، بـەڵام ئـەو موریدانـە وەکـو ئـاژەڵ نەزانـن، دەبـێ لـە شـوێن خۆیـدا واتـە لـە ناوەخـۆش ئامادەکاری بـاش بکرێـت، فەرمـان بـە هـاوکاری فەخامەتپەناهـی دەبێـت، لـە ١٢ نیسـانی ١٣١٦.
تاهیر
بەپەلە پرسیار ئاراستەی شەریف بەگ بکرێت

- بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لە تەلەگرافنامەی مێژووی ١٧ نیسـانی ١٣١٦ بە تێروتەسـەلی راگەیەندراوە، شـێخ سـدیق ئەفەندی شـەمدینانی پەلاماری لایەکـەی تـری داوە، لـە بەرامبـەر ئـەوەش موریدەکانـی بارزانـی چوونەتـە بەرامبەریـان لـە رووبەڕووبوونەوەکـەدا ٣ کـوژراو و ٣ برینـدار هەیـە، هـەردوو لا بەرشـوبڵاوبوونەتەوە و گەراونەتـەوە شـوێنی خۆیـان، بـە قائیمقامیەتـی زێبـار راگەیەندراوە، ٢٤ نیسـانی ١٣١٦.
نائیب سەعید وەکیلی والی موسڵ

- بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی نووسین
تەلەگرافنامە لە ویلایەتی موسڵ بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە نێردراوە
٢٩ نیسـانی ١٣١٦ لـە نێـوان شـێخ سـدیقی شـەمدینانی و شـێخی بارزان هـەر لە کۆنـەوە دوژمنایەتیـان بـەردەوام بووە، بـۆ ئاشـت کردنـەوەی نێوانیـان و کۆتایـی هێنـان بـەم دوژمنایەتیـە، بـە تێروانیـن لـە بارودۆخـی ناوەخـۆ، ئامادەکاری بکرێـت، سـەرەتا رەزامەنـدی شـێخی بـارزان وەردەگیرێـت و بـە ویلایەتـی وان رادەگەیەندرێت، لەوێشـەوە هەر کاتی رەزامەنـدی وەرگیـرا، دەسـت بـە کارەکان دەکرێت، ئەنجامەکەشـی رادەگەیەندرێت، ٣٠ نیسـانی ١٣١٦.
حازم

- ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی نووسین
١٥٣
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بۆ جەنابی دەوڵەت
شـێخ محەمـەد ئەفەنـدی بارزانـی و شـێخ محەمـەد سـدیقی ئەفەنـدی شـەمدینانی بـۆ ئاشـت کردنـەوەی نێوانیـان سـاڵح پاشـا قائیمقامـی عەقـرە ئـەو ئەرکەی پـێ سـپێردراوە، دوای گەیشـتنی لەوێ نیشـتەجێ بـووە، بۆ مـاوەی ٦٠ رۆژ لـەوێ ماوەتـەوە، لەلایـەن سـاڵح پاشـا قائیمقامـی عەقـرە داوای خەرجـی رێگـای رۆیشـتن و گەرانـەوە لەگـەڵ خەرجی رۆژانەکـەی کـردووە، لـە کاتـی حەواڵـە کردنـی سـاڵی رابـردوو بـۆ ئاشـت کردنـەوەی نێوانـی هـەردوو لا تەلەگرافنامـە لـە مێـژووی ٢٩ نیسـانی ١٣١٦ هاتـووە لەلایـەن نەزارەتپەناهیـەوە لێـرە بـۆ شـارۆچکەی نەهری نێـردراوە، نزیکـەی دوو مانـگ لـەوێ نیشـتەجێ بـووە، بـۆ خەرجـی رێـگای رۆیشـتن و هاتنـەوە، جگـە لەمـەش رۆژانـەی ئـەو مـاوەی کـە لـەوێ ماوەتـەوە، لـە یاسـا دەرچـووە، بـەڵام ناوبـراو کاتێـك لـە شـەمدینان ماوەتـەوە بەدەسـت خـۆی نەبـووە و ناچـار بـووە، بۆیـە داوای کـردووە ئـەو خەرجیـە زیادەیـەی کـە کردوویەتـی بەرامبـەر بـە خەرجـی رۆژانـە پێـی بدرێـت، بـۆ جێبەجـێ کردنـی لـە نەزارەتپەناهـی مۆڵـەت دراوە و لـە ژمێریـاری ویلایەتیـش نووسراوەتـەوە و لـە پەراوێزەکانیـش باسـکراوە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ١٨ زیلحیجـە ١٣١٩ و لە ١٣ شـوبات ١٣١٧.
والی موسڵ


هەواڵنامەی کتێب


T.C. BAŞBAKANLIK OSMANLI ARŞİVİ DAİRE BAŞKANLIĞI (BOA)

OSMANLI ARŞİVİ
DH.TMIK.M
84 | 38 | 1


هەواڵنامەی کتێب

DH.TMIK.M.00084.00038.001





DH.TMIK.M.00084.00038.005

هەواڵنامەی کتێب





هەواڵنامەی کتێب

DH.TMIK.M.00084.00038.006




DH.TMIK.M.00084.00038.010

هەواڵنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>7 ڕەمەزان 1319</td><td>001779.133424</td><td>BEO.</td></tr>
<tr><td colspan="3">٥ کانوونی یەکەم ١٣١٧<br>بۆ ویلایەتی موسڵ<br>ماوەی ١٧ ساڵە لە گرتووخانەی موسڵ دەستبەسەرە و لە دادگای پێداچوونەوە هێشتا ووردبینی کردن لە کاغەزەکانی تەواو نەبووە، خەڵکی زێبار خضر کوڕی حەمە لە ماوەی زیندانیەکەی بۆ یەك ڕۆژیش بێت ڕەفتاری بەدی نەبینراوە، لەسەر ڕەفتاری ناوبراو لەلایەنی مافی گشتییەوە سەبارەت بە لێبووردنی فەرمانی پاشای ملوکانە فەرموویەتی............ چۆنیەتی کارەکەش بە نەزارەتی دادوەری ڕاگەیەندراوە.</td></tr>
</table>

هەواڵنامەی کتێب

| 24 ڕەمەزان 1319 | 02573.00007 | DH.MKT. |
|---|---|---|

٢٤ ڕەمەزان ١٣١٩
٢٢ كانوونى يەكەم ١٣١٧
جەنابیسەدارەتپەناهی

لەبەر كاری خراپ دوورخراوەتەوە و خراوەتە ژێر دادگا، جێبەجێ كردنی بە فەرمانی پاشای جەنابی خەلافەتپەناهی بووە، قائیمقامی قەزای ڕانیە وەلیەددین ئەفەندی بە دەست لەكار كێشانەوەی، قائیمقامیەتی ناوهاتوو بە وەكالەت بەڕێوەدەبردرێت، ئەگەرچی بەم شێوەیە بەرژەوەندی گشتی ناچێتە قاڵبی دڵنیاكەرەوە، هەروەها لەبەر گرنگی شوێنی ستراتیژی جگە لەمە لە بیرۆكەی هۆزگەرایەتی حاڵی دەبێت و لە كاروباری قەزا لە ڕووی كارگێریەوە بە توانایە، ئەویش قائیمقامی قەزای زێبار ئاسف ئەفەندی لە قائیمقامیەت كشاوەتەوە، بۆ دامەزراندنی لە ئەنجوومەنی كارگێری ویلایەتی موسڵ بڕیارنامە هاتووە و نێردراوە، ناوبراو وەلیەددین ئەفەندی لەگەڵ پەسەندكردنی پاكانەی گەڕانەوەی بۆ كارەكەی تا ڕۆژی دەرچوونی ئەنجامی دادگایەكەی لە بەڕێوەبردنی قەزای ناوبراو بە گوێرەی نیزام پەسەند كراوە، لە شوێن خۆی ڕاگەیەندراوە پشت بەستن بە ستراتیژیەتی شوێنەكە پێویستە قائیمقامێكی گونجاو پلە بەرز دابمەزرێت، ئاسف ئەفەندی لە كاتی خۆی لە قائیمقامیەتی زێبار دوورخراوەتەوە، بەهۆی شكست هێنانی لە كاروباری كارگێری قەزا و لە دەستكەوتنی پارەوپولی دەوڵەت سەركەوتوو نەبووە، هەروەها لەسەر هەندێك ڕووداوی ناپەسەند كە بوێری كراوە ئەنجامی بدەن، ناوبراو لێیان خۆش بووە، لە نێوان دانیشتووان و هۆزەكانەوە پیسی و خراپەكاری نەماوە، ئەمەش بە تۆمار پەسەند كراوە، بەڵام لە بڕیارنامەی ناوهاتوو گرنگی و لێهاتووی پەسەند كراوە، هەر خۆشی لەبەر ئەوەی كەسێك نەدۆزراوەتەوە لە چینی سێیەم بێت و ئارەزووی ئەو كارە بێت، بۆیە دامەزراندنی ناوبراو لە بڕیارنامەی ناوهاتوو بۆ جەنابی سەدری ئەعزەم پێشكەش كراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جێبەجێ كردنی بدرێت.




DH.MKT.02573.00007.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.TMIK.M. | 00122.00040 | 16 ره‌بیعی كۆتایی 1320 |
|---|---|---|

- بۆ ویلایەتی موسڵ
بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی و ئاشت کردنەوەی نێوان شێخ سدیق ئەفەندی و شێخ محەمەد ئەفەندی لەگەڵ برادۆستییەکان، نائیبی کەرکووك فەرید ئەفەندی ئەو کارەی پێ سپێردراوە، لە ویلایەتی وانیش فەرمانبەرێك دادەمەزرێن و لە ناوچەکە جێگیر دەکرێن، بۆ کۆتایی هێنان بە کارە زیان لێ کەوتووەکان لە سەر ئاگادارکردنەوەی سەروو، هەروەك ویلایەتی ناوبراو ئاگادار کراوەتەوە، نائیبی ناوبراو بۆ ڕۆیشتنی ڕەزامەندی پێویستە، هێشتا لەلایەنی مەشیخەتپەناهی والا نووسراوەتەوە و لە قۆمیسیۆن باس کراوە.

- ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی نووسین
ژمارە ١٢٨
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
شێخ سدیق ئەفەندی شەمدینانی و شێخ محەمەد ئەفەندی بارزانی لەگەڵ برادۆستەکان چەند ساڵ پێش ئێستا دوژمنایەتیان بەردەوامە، بۆ نەهێشتنی ئەو دوژمنایەتییە، ڕێگەگرتن لە دووبارە نەبوونەوەی بۆ زانینی هۆکاری تێکچوونی ئەو پەیوەندییە، ساڵی ڕابردوو بە فەرمانی سەروو لەگەڵ ویلایەتی وان بە ووتووێژ لە دوو لاوە فەرمانبەر دامەزراوە، لەبەر ئەوەی هەردوولا دوور لە شوێنی نیشتەجێبوونیان، لە شوێنێکی تر کۆدەبنەوە، لە ویلایەتی ناوبراو، حەمید پاشا ئەرکی پێ سپێردراوە، ئاشت بوونەوەیان بریارێکی دژە، شێخ سدیق ئەفەندی لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی لە شارۆچکەی نەهری نیشتەجێ بکرێت، شێخ محەمەد ئەفەندی پێداگری دەکات کە بچێتە ئەو شوێنە، هەروەها پاشای ناوبراو لەبەر ئەوەی لەگەڵ شێخ سدیق ئەفەندی بەهۆی ژن و ژن خوازیەوە لە یەکتر نزیکن، لەلایەکی تر وەکو ئەوە وایە لەوێ نەمێنێتەوە، ساڵی ٣١٥ کە چۆتە نەهرییە، لەلایەن شێخی ناوبراو مامەڵەی نەشیاوی بەرامبەری کراوە، بۆیە ناچێتەوە نەهرییە، لەبەر ئەوە گوندی زەیتی ببێتە شوێنی ئاشت بوونەوەیان، لەلایەن شێخ محەمەد ئەفەندی ئاگاداری نێردراوە، لە بارەی جێبەجێ کردنی، هەواڵی جێبەجێ کردنی بۆ ویلایەتی ناو هاتوو ڕۆیشتووە و بە تێروانینی لێرە ئەو فەرمانبەرەی نێردراوە، دوای ئەوەی دوو مانگ بە بێ سوود چاوەڕێی کردووە، ناچار بووە بگەڕێتەوە، هەروەها لە بارەی ڕێکخستنی ئەو پەوەندییە، نائیبی کەرکووك فەرید ئەفەندی لێرە هەڵبژێردراوە، زانیاری تەواوە و بۆ ئەم کارە توانا و لێهاتووە، لە داواکاری مێژووی ١٢ تەمموز ١٣١٧ ژمارە ٤٧ فەرمانگەکەی بەهۆی بەردەوام بوونی ناکۆکی بە دووبارە بوونەوە لە شوێنەکە بمێنێتەوە، لە ویلایەتی وانیش بە لێهاتووی ئەو و لەلایەکیش فەرمانبەرێك دابمەزرێت و لەم شوێنە نیشتەجێ بکرێن، تەنانەت لەو شوێنەی کە جێگیر دەکرێن بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندی و ئاشت کردنەوەی هەر دوو لایەن بێت، ئەگەر ناکۆکیەکان بەردەوام بێت و مامەڵەی نەشیاو هیچ ئەنجامێك بە دەستەوە نەدات، ئەوا لەو ویلایەتەی کە ئاماژەی پێکراوە بە فەرمانی بە پەلە هەروەها لێرە بۆ جێبەجێ کردنی کارەکان بە یارمەتی نەزارەتپەناهی، فەرید ئەفەندی ئاگاداری پێویست بنێرێت، لە پلەوپایە سەروو مەشیخەتپەناهی ئاگاداری نێردراوە و لە ئەنجوومەنی کارگێریش بە پێی ئەو بریارەی دراوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٨ ڕەمەزان ١٣١٩ و ٢٦ کانوونی یەکەم ١٣١٧.
والی موسڵ

- بۆ لایەنی والای جەنابی مەشیخەتپەناهی
١٥ موحەرڕەم ١٣٢٠
١١ نیسان ١٣١٨
شێخ سدیق ئەفەندی و شێخ محەمەد ئەفەندی لەگەڵ برادۆستەکان لەبەر دوژمنایەتیان و بەردەوام بوونی ناکۆکی نێوانیان تاقمێك کاری ناشیاو ئەنجام دراوە، بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی ئەوانە لە ویلایەتی موسڵ و وان لە هەر یەکەیان فەرمانبەرێك گونجاوە بۆ ئەو شوێنە بنێردرێت، بۆیە لە موسڵ لە بارەی ئەم کارەوە نائیبی کەرکووك فەرید ئەفەندی هەڵبژێردراوە، بۆ ڕۆیشتنی بۆ ئەو ناوچەیە مۆڵەتی لێهاتووی و توانای کارەکەی پێدراوە، لە ویلایەتی موسڵ ئاگادار کراوەتەوە، لە بارەی فەرمان و هەواڵەوە بۆ لایەنی والای جەنابی مەشیخەتپەناهی نووسراو کراوە و لە قۆمیسیۆنیش باس کراوە کە بە پەلە مامەڵەکەی جێبەجێ بکات.

- بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی نووسین
تەلەگرافنامەی بە شیفرە لە ویلایەتی وان وەرگیراوە
لە ١٠ نیسان ١٣١٨ بۆ ئەم ئاشت بوونەوە لێرە توانا و لێهاتووی و لە رووی ئەمنیەتەوە قائیمقامی جۆڵەمێرگ حەیدەر بەگ دامەزراوە، هەروەها پێویستە هەر ئێستا بچێتە شەمدینان، هەروەها خۆشی ئاگادار کراوەتەوە، جگە لەوە سەرەتا بە مۆڵەتی موتەسەرفی هەکاری لە شوێنی ئەو لە مەکتەبی عەشیرەت مۆڵەتی وەرگرتووە و هەروەها چەند جار لە قائیمقامیەت بە وەکالەت خزمەتی باشی کردووە، حەمزە بەگ وەکیلی بەجێ هێشتووە، یەك مانگ بۆ تیمار چۆتە وادی عەجەم، لەبەر ئەوەی لەسەر یەك رێگا سنوورن لەگەڵ یەك، ئێستا چۆتە ئەو شوێنەی کە کارەکەی پێ سپێردراوە، بەم شێوەیە لە قەزای چۆڵەمێرگ حەمزە بەگ ئەو توانایەی هەیە بە باشی ئەرکەکانی راپەڕێنێت، فەرمان لە ١٢ نیسان ١٣١٨.
تاهیر والی

- بۆ پێشەوا مەشیخەتپەناهی
لە ٢٢ نیسان ساڵی ١٣١٨ بۆ کۆتایی هێنان بە دوژمنایەتیکارانەی شێخ سدیق ئەفەندی و محەمەد ئەفەندی لەگەڵ برادۆستەکان، لە فەرمانگەی سانجەقی هەکاری بۆ رۆیشتنم یەك رۆژ پێش وەخت تەلەگراف لە ویلایەتی موسڵ نێردراوە، لە رووی خێزانەوە کەسێکی مەحرەمم نییە، هەروەها شوێنی ناوبراو ٩ رۆژ ماوەیەکەیەتی، زۆر ئەستەمە لەم رێگایە تێپەڕی، کە ئەو رێگایانە جێگەی خۆراگری نییە، بە پشت بەستن بە بەهانەی شەرعی لە وەڵامدا ئەندامیەتیم میهرەبانی بنوێنن، لە پێشکەش کردنی یەك مانگ زانیاری بوێرم، فەرمان لە ٢٥ نیسان ١٣١٨.
فەرید نائیبی کەرکووك

- بابی فەتوا
فەرمانگەی مەشیخەتی ئیسلامیە
قەڵەمی نووسین
ژمارە ١٥
نەزارەتی ناوەخۆ
٢٦ موحەررەم ١٣٢٠ وەڵامی نووسراوی کەڵەکەبوو، لە بارەی رێکخستنی پەیوەندی شێخ سدیق ئەفەندی و شێخ محەمەد ئەفەندی لەگەڵ برادۆستیەکان، نائیبی کەرکووك دەچووە ئەم شوێنە، بەڵام بەهۆی دووری شوێنەکە داوای لێبووردنی کردووە، لە وەڵامدا ئەو تەلەگرافنامەیەی هاتووە، بۆ سەروو نێردراوە بەرێزم، لە ٥ سەفەر ١٣٢٠ و ٣٠ نیسان ١٣١٨.
محەمەد جەمالەددین شێخی ئیسلام

- بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی نووسین
تەلەگرافنامەی بە شیفرە لە ویلایەتی وان وەرگیراوە
لە ١٠ نیسان ١٣١٨ شێخ سدیق ئەفەندی لەگەڵ بەگزادەکانی برادۆست بۆ رێکخستنیان، بەگزادەکان یەك مانگ بۆ تەکیەی زیارەت هاتوون و شێخ محەمەد ئەفەندیش تا یەك دوو رۆژ دەیەوێت بێتە شوێنی کۆبوونەوەکەی تا لەگەڵ ئینگلتەرا رێکبکەوێت، لەم کارە لەلایەن یاریدەدەری والی موسڵ لەگەڵ قائیمقامی جۆڵەمێرگ، شێخ سدیق ئەفەندی لەگەڵ سەرۆکی بەگزادەکانی برادۆست ئەو تەلەگرافنامانە وەرگیراوە بە تێگەیشتن چۆنیەتی جێبەجێ کردنی بە پەلە نیشان دراوە، فەرمان لە ٢٨ مایس ١٣١٨.
تاهیر والی وان


- بۆ ویلایەتی موسڵ
شیفرە
١٨ حوزەیران ١٣١٨
مێژووی ١٠ نیسان ١٣١٨ نووسراوی کەڵەکەبووی تەلەگرافنامەیە شێخ محەمەد ئەفەندی بۆ شوێنی کۆبوونەوەی کە حەوت کاتژمێر ماوەکەیەتی، هاتۆتە شوێنێك، لە بارەی ئەوەی بۆ رۆژێکیش بێت لەگەڵ




هەواڵنامەی کتێب

کـەس سـکاڵای نەبـووە و خاوەنـی بیرۆکەکـە نەبـووە، نامەیەکی نووسـیووە، و گەراوەتـەوە، جگە لەمـە فەرمانبەرانی ئـاگادار کردۆتـەوە و ناوبـراو بـە رووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ ویلایـەت تـا دەگاتـە نییەتـی رازی نەبـوون، یاریـدەدەری ویلایـەت لەگـەڵ قائیمقامـی جۆڵەمێـرگ لـە بـارەی لێکۆڵینـەوە لـە ناکۆکیـەکان و وەرگرتنـی فەرمـان، ویلایەتـی وان ئـاگادار کراوەتـەوە، پێویسـتە خێـرا جێبەجـێ بکرێـت و لە قۆمیسـیۆن باسـی ئەنجامەکەشـی کـراوە.

- بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی نووسین
تەلەگرافنامەی بە شیفرە لە ویلایەتی موسڵ هاتووە
شـێخ عوبیدوڵـڵا زادە شـێخ سـدیق ئەفەنـدی شـەمدینانی لەگـەڵ هەندێك سـەرۆك هـۆزەکان و هاووەڵانـی نزیکەی ١٠٠٠ کەسـی چەکـدار هێرشـی کردۆتـە سـەر ناحیـەی مـزوری بـاڵا، مەرومـاڵات و کەلوپەلـی خەڵکەکـەی تـاڵان کـردووە، هەروەهـا ٩ کەسـی بـە دیـل گرتووە، بۆ شـەمدینان بردوویەتـی، هەروەها ڕۆژ بـە ڕۆژ سـنوور بەزاندنەکەی فـراوان دەبێـت، بـە وەکالەتـی قائیمقامەکانـی زێبـار و روانـدز ئـاگادار کراوەتـەوە، لەم کاتەدا شـێخ سـدیق ئەفەندی هێزێکـی بـۆ شـێخی بـارزان محەمـەد ئەفەنـدی نـاردووە، شـێخی بیجیلیـش بـۆ وەرگرتنـەوەی تۆڵـە بەردەوامـە لـە سـنوور بەزانـدن، بـۆ لایەنـی ئـەو ناردنـی هێزێکـی تـەواوی سـەرباز ئـەوا قائیمقامەکانـی عەقـرە و زێبار جیـا بە جیا بـە نووسراوەکانیـان ئاگادارکردنـەوە دەنێردرێـت، ئـەو هێـزە نیزامییـەی محەمـەد پاشـا لـە ژێـر قوماندانیەتـی ئەو لە نـاو ویلایـەت بـۆ لایەنـی سـوڵتانییە جولـەی پـێ دەکرێـت، وادیـارە لێـرە بـۆ ئـەم کارە تەنیـا بـە ناردنـی مەفـرەزەی پۆلیـس بەرێـوە ناچێـت و سـەقامگیر نابێـت، بۆیـە ناردنـی سـەربازی پێویسـتە، یارمەتـی سـەروو دەبـێ هەبێـت، بـە ئامـادەکاری ژیرانـەی خـۆی گەندەڵـی نەهێڵێـت، وا دیـارە بـارزان و شـێخەکانی بیجیـل ئـاگادار کراونەتـەوە، لـە بـارەی چۆنیەتـی ئامـاژە پێکردنەکـە لـە ویلایەتـی وان جێبەجـێ کـراوە، لـە سـەر وەڵام و جولەی مەبەسـتداری شـێخ سـدیق لـە ویلایەتـی ناوبـراو لەسـەر دوورخسـتنەوەی فەرمـان بدرێـت، یارمەتـی فەرمانـە، لـە ١ ئۆغسـتۆس ١٣١٨.
والی نور عەلی
قۆمیسیۆن لە ٣ ئۆغستۆس





DH.TMIK.M.00122.00040.002





DH.TMIK.M.00122.00040.003

هەواڵنامەی کتێب



OSMANLI ARŞİVİ
DH.TMIK.M
122 | 40 | 4

DH.TMIK.M.00122.00040.004


OSMANLI ARŞİVİ
DH.TMIK.M
122 | 40 | 7


DH.TMIK.M.00122.00040.007

هەواڵنامەی کتێب





DH.TMIK.M.00122.00040.009

هەواڵنامەی کتێب





DH.TMIK.M.00122.00040.010





DH.TMIK.M.00122.00040.011


هەواڵنامەی کتێب





DH.TMIK.M.00122.00040.014



هەواڵنامەی کتێب




DH.TMIK.M.00122.00040.017


T.C. BASBAKANLIK OSMANLI ARSIVI DAIRE BASKANLIGI (BOA)

دائرۀ امور داخليه

مكتوبى قلمى

عدد

OSMANLI ARŞİVİ

DH.TMIK.M


122 | 40 | 13

DH.TMIK.M.00122.00040.018

| DH.TMIK.M. | 00131.00016 | 20 جەمادی یەکەم 1320 |
|---|---|---|


- فەرمانگەی گشتی ئەرکانی جەنگی
یەکەی چوارەم
١٣٣٦
راگەیەندراوی بەندەیە
عەبدوڵلا زادە شێخ محەمەد سدقی ئەفەندی لەگەڵ ٥٠٠ لە هاوەڵانی بیرۆکەی ئەوەیان هەیە هێرش بکەنە سەر زێبار و دەورووبەری، لە قوماندانیەتی فرقەی رەدیفی موسڵ، ئاماژە بەم هەواڵە کراوە، لەسەر ئەم هەواڵەش بۆ جێبەجێ کردنی کاری پێویست نووسراو بۆ قوماندانیەتی فرقەی ١٢ کراوە، بەڵام بۆ رێگەگرتن لەم کارە لە ویلایەتی وانی جەلیلە و قوماندانیەتیەکەی لە تەلەگرافنامەی موشیرەتی جەلیلەی لەشکری شەشەمی همایۆن ئاماژەی پێکراوە، جگە لەمەش چۆنیەتی کارەکە لە تەلەگرافنامەی موشیرەی جەلیلەی لەشکری چوارەمی همایۆن ئاماژەی پێکراوە، بۆ جێبەجێ کردنی کارەکە راوبۆچوونی سەدارەتپەناهیە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٠ جەمادی یەکەم ١٣٢٠ و لە ١٢ ئۆغستۆس ١٣١٨.
رزا سەر عەسکەر

- بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی نووسین
تەلەگرافنامەی بە شیفرە لە ویلایەتی وان هاتووە
لە ٢٤ ئۆغستۆس ١٣١٨ چەند رۆژ پێش ئێستا لە رووداوی زەرگە راگەیەندراوە، کەسێك بە ناوی سیتۆ بە ناوی دێوانە لەگەڵ جانەوەرێکی زۆر لە پیاوانی شێخ محەمەد ئەفەندی بارزانی، لەگەڵ فەقێ عەبدولرەحمان رێککەوتووە، لەسەر ئەم رێککەوتنە وەکو هەموو جارێك بە ناوی فەقێ عەبدولرەحمان پروپاگەندە بڵاودەکاتەوە، ئەگەرچی هێرشی کردۆتە سەر ناحیەی گەردی بەڵام ناچار بووە بگەرێتەوە، ئەمەش لە وەڵامدا بە موشیرەتی جەلیلەی لەشکری چوارەمی همایۆنی موسڵ راگەیەندراوە، لەم بارودۆخەدا ویلایەتی موسڵ شێخ سدیق ئەفەندی لە سەرکردە ئاساییەکانی کورد دانانێت، دژی عالی چالاکی نەشیاو ئەنجام دەدات، لە ویلایەتی موسڵ کاتێك ئەو پروپاگەندانە بڵاودەکرێتەوە، ئەوا فەرمانبەرێکی باوەرپێکراو بنێردرێت، راستیەکان ببینێت، من ئەم جۆرە بیرورایەم هەیە، فەرمان.
لە ٣٠ ئۆغستۆس ١٣١٨
تاهیر والی





DH.TMIK.M.00131.00016.001

هەواڵنامەی کتێب




DH.TMIK.M.00131.00016.005



DH.ŞFR.00299.00039.001


هەوارنامەی کتێب

| DH.ŞFR. | 00299.00039 | 22 رەمەزان 1320 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

بارودۆخ و چالاکی بە یەکەم و دوا پۆستە و تەلەگراف راگەیەندراوە، لە بارەی شێخ سدیق ئەفەندی تا بریار لەسەر ئەو مامەڵەیە دەدرێت کە چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، رێگە دەدرێت دانیشتوانی قەزا و گوندەکانی دیاریکراو بە دوایدا برۆن و داهاتەکانی دە یەك بدەنە ناوبراو، بەمەش گوندی بارزان بکرێتە خاڵی سەربازی، بە پێویست زانراوە هێزێکی تەواو نیشتەجێ بکرێت، لەگەڵ ئەوەی سەدارەتپەناهی دەفەرمووێت جێبەجێ دەکرێت، ئەو کەسانەی کە ناوبراو ناردوویەتی لە ترسی هێرشکردنی شێخی بارزان محەمەد ئەفەندی، جگە لەمە پیاوە چەکدارەکانی دژی رەزامەندی عالی جولاونەتەوە، ناوبراو رووی کردۆتە قەزای رواندز، تا حاڵی حازر لە رواندزە لەگەڵ ئەوەش ئەو سکاڵایانەی لە بارەی شێخ سدیق گوێ بیست بوون، بهێنرێتە مەرکەزی ویلایەت و ماوەیەك دەست بەسەر بێت، دوا خوێندنەوەی فەرمان و راگەیەندراوی فەخامەتپەناهی دەردەچێت، فەرمان.

لە ١٠ کانوونی یەکەم ١٣١٨
نوری والی موسڵ


DH.MKT 546/33

DH.MKT.00546.00033.001


هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 00546.00033 | 9 ڕەبیعی کۆتایی 1320 |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی تۆمارکردن
تەلەگرافنامەی بە شیفرە لە ویلایەتی سوریاوە هاتووە

بەهـۆی سـەرپێچیەکانی مستەفا پاشا میرانی، لـە ویلایەتەکانـی بەتلیـس و دیاربەکر لایەنەکانـی سـەعرد و جەزیرە شـێخ حوسـێن زێبـاری لـە شـێخی تەریقەتـی خالدیـە، تەکیـەکان و ماڵوموڵـك و دەسـەڵاتەکانی بەجـێ هێشـتوە، ئەمجـارە لەگـەڵ ٣٠ کـەس لـە خێزانەکـەی هاتۆتـە شـام، شـێخ حوسـێن زێبـاری تووشـی دەردەسـەری و پەرێشـانی بۆتـەوە، دەرکەوتـووە بـۆ ئـەوەی ببێتـە جێگـەی بەزەیـی لەگـەڵ ٣٠ کـەس بەیەکـەوە هەڵاتـوون و تاوەکـو جەنابـی خەلافەتپەناهـی پەسـەندی بـکات، ئەگـەر لێـرە لـە شـوێنێکی گونجـاو میوانـداری بکرێـت، ئـەوا بـۆ ئاسـانکردنی بژێـوی ژیانـی لەگـەڵ هەمـوو جیهـان پەیوەنـدی دەبێـت، بۆیـە پاشا بەزەیـی نیشـان بـدات و دابمەزرێـت، فەرمـان، لـە ٣ تەممـوز ١٣١٨.

نازم والی سوریا




هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| 27 جەمادی کۆتایی 1320 | 00574.00068 | DH.MKT. |

٢٧ جەمادی کۆتایی ١٣٢٠
١٧ ئەیلوول ١٣١٨
بۆ ویلایەتی وانی بەهیە

بـۆ ئاشـتکردنەوە و چاککردنـەوەی پەیوەنـدی نێـوان شـێخ محەمـەد ئەفەنـدی بارزانـی و شـێخ سـدیق ئەفەنـدی شـەمدینانی لـە سـەرەتای سـاڵەوە بـە ئـەرك قائیمقامـی عەقـرە سـاڵح پاشـا و هاوەڵانـی کـە لـە ٨ پۆلیـس پێـك دێـن رەوانـەی شـەمدینان کـراون، لـە نـاو ویلایـەت نزیکـەی دوو مانـگ ماونەتـەوە، خەرجـی پۆلیسـەکان رێکخـراوە و بـە گشـتی بەرامبـەر خەرجـی ناوبـراوان بـە شـێوەیەکی هەمیشـەیی ٥٠٠٠ قـوروش وەکـو خەرجـی رێـگا دابینکـراوە، لـە مێـژووی ٢١ ئۆغسـتۆس ١٣١٨ وەکـو سـەروو فەرموویەتـی لەگـەڵ بڕیارنامـە بـۆ شـورای دەوڵـەت فەرمانگـەی دارایـی نووسراوەتـەوە و نێـردراوە، بـڕە پـارەی دیاریکـراو لـە سـەدا پێنجـی لـە سـندوقی ئاسـانکاری بابـی عالـی دەنێردرێـت، خەرجـی رێـگا لـە موازەنـە هەژمـار دەکرێـت، لەگـەڵ رێکخسـتنی لـە خشـتەی خەرجـی دەنووسرێتـەوە و ئەمـەش بـە ووتـەی ژمێریـاری بـە پێویسـت زانـراوە و رادەگەیەندرێـت.




هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 00580.00047 | 23 شەعبان 1320 |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی نووسین
ژمارە ٤٨١٧
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
ڕاگەیەندراوی بەندەیە

لە قەزای شەمدینان کە سەر بە ویلایەتی وانە، شێخ عوبیدوڵلا زادە شێخ سدیق ئەفەندی و لە قەزای بارزان شێخ محەمەد ئەفەندی لەگەڵ بەگزادەکانی برادۆست چەند ساڵێك دەبێت لە نێوانیان ناکۆکی و دووبەرەکی هەیە، لەبەر گرنگی بابەتەکە، بۆ ئاشت کردنەوەی نێوانیان، جەنابی یاریدەدەری والی حەمدی بەگ ئەفەندی بە هەڵبژاردن بۆ شوێنەکە ڕۆیشتووە، بەهۆی ئەو ئامۆژگاریە کاریگەریانەی کراوە، ئەو ناکۆکیەی لە نێوانیاندا هەبووە، نەماوە و ئاشتبوونەوەکە سەری گرتووە، هەروەها ناوبراو لەو خەرجی ڕێگایەی کە وەریگرتووە لە ٢٦٠٠ و هەندێك قوروش پێکهاتووە، بۆ خەرجی زیادەش بەشی نەکردووە، جگە لەمە ماوەی ئەرکەکەی ٥٨ ڕۆژ بەردەوام بووە، دوای ڕاگەیاندنی ئەو خەرجیە زیادەیەی کە خەرجی کردووە، ڕۆژانە ٥٠ قوروشی بۆ دابینکراوە، بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارەش لە ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەتی موسڵ بە بڕیار ئاماژەی پێکراوە، لیستی بڕیارنامەی خەرجی ڕێگا دووبارە بە مەبەستی لێکۆڵینەوە نێردراوەتە شوێنی مەبەست، دواتریش لەگەڵ کەسێک بڕیارنامەکە گەیەندراوەتە شوێنی خۆی، لە کاتی جێبەجێ کردنی ئەگەر هاتوو خەرجی ڕێگاکە بەشی نەکرد، ئەوا برەکەی لە شوێن خۆی بە شێوەیەکی تایبەتی دەکرێتە بڕیار و بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندیشی بە بڕیاری شورای دەوڵەت لەگەڵ نووسراوی سەدری ئەعزەم لە مێژووی ٨ ئۆغستۆس ١٣١٢ ئاگاداری نێردراوە، بەم تێروانینە بۆ جێبەجێ کردنی بە ووتەی ژمێریاری مۆڵەت دراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٣ شەعبان ١٣٢٠ و لە ١١ تشرینی دووەم ١٣١٨.
نازری کاروباری ناوەخۆ



هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 00638.00029 | 29 شەعبان 1320 |
|---|---|---|

ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی تۆمار
ژمارە ١١٠
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بۆ جەنابی ئەفەندم

ئـەو تاوانـەی خراوەتـە پـاڵ قائیمقامـی قـەزای زێبـاری هەڵوەشـاوە محەمەد عەلـی بـەگ، لـە دادوەری لێکۆڵینەوەی مولکیـە گیـراوە، چونکـە دەسـتی تێـدا هەیـە، ئـەو کاتـەی بریـار دەدرێـت کـە دادگایـی بکرێـت، لـە جەنابـی مەشـیخەتپەناهی مۆڵەتەکـەی بەدەسـت نەهاتـووە، بـەڵام ئەگـەر سـەیری دادگای قائیمقامـی ناوبـراو بکرێـت، کاغەزەکانـی نێردراوەتـە دادگای ئیسـتینافی شـورای دەوڵـەت، لـە کۆتاییـدا ئەگەر چـی لە جەنابی مەشـیخەتپەناهی مۆڵەتەکـەی دەرچـووە، بـەڵام کاغـەزی باسـکراو گەراوەتـەوە لـە حاڵەتێکـدا ئەگـەر دەرکەوێـت ناهەقـە وێنـەی بنەرەتـی بریارنامـەی دادوەری لێکۆڵینـەوە دەردەچێـت، لەلایـەن نائیبـی قـەزا محەمەد خلوسـی ئەفەنـدی داواکاری پێشـکەش کـراوە کـە پەلـە بکرێـت لـە دادگاییکردنـی، لـە کاتـی حەواڵـە کردنـی، ئەگـەر تەنیـا لەسـەر بریارنامـەی دادوەری لێکۆڵینـەوە دادگاییەکـەی جێبەجـێ بکرێـت ئـەوا لـە دەرەوەی دەسـەڵاتی یاسـایە، بەپەلـە کاغەزەکانـی یاخـود وێنـەی پەسـەندکراوی رەوان بکرێتـەوە و لـە بـارەی ناردنـی لـە داواکاری گشـتی مولکیـە بـە پەراوێـز بـاس کـراوە کـە رابگەیەندرێـت و ئامـاژەی پـێ بکرێـت، بـە هـاوکاری نەزارەتپەناهـی ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.

لە ٢٩ شەعبان ١٣٢٠ و لە ١٦ تشرینی دووەم ١٣١٨
نوری والی موسڵ


| DH.TMIK.M. | 00141.00020 | 4 موحەرەم 1321 |
|---|---|---|

- فەرمانگەی ئەرکانی گشتی جەنگی
یەکەی چوارەم
وێنەی شیفرەی ئەو تەلەگرافنامەیەیە کە لەلایەن جەنابی زەکی پاشا لەشکری چوارەمی ئەرزنجان لە ١٣ مارت ١٣١٩ هاتووە

لە ٩ مارت ١٣١٩ زانیاری ئەرکانی جەنگی هاتووە کە لە شەمدینان چەتەی زێبار کۆبوونەتەوە، بە تەواوەتی ئەم هەواڵە ڕاست نییە، ئەگەرچی شێخ سدیق ئەفەندی لەو لایەنە مەروماڵاتی تاڵان کردووە و شوانەکانی کوشتووە، بەڵام شێخی ناوبراو لە بەرامبەر جێبەجێ کراوەکانی حکوومەت سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، هەروەها ئەو هۆزانەی کە گەڕاونەتەوە موسڵ شێخ سدیق ئەفەندی بەو هیوایەیە کە هۆزەکان بە گژ یەکدا بدات، بە پشت بەستن بەم ئاماژانە لە هەموو لایەك لە ویلایەتەکانی دەوروبەر فەرمانبەرێکی گەورە هەر ئێستا بچێتە زێبار، بە وەڵام بە بابی عالی ڕاگەیەندراوە، ئەمەش لە ئاماژەی ویلایەتی وان دەرکەوتووە، فەرمان.


- فەرمانگەی گشتی ئەرکانی جەنگی
یەکەی چوارەم
٢٢٦
ڕاگەیەندراوی بەندەیە

هاوپێچی نووسراوی بەندەمانە کە لە مێژووی مارت ١٣١٩ ژمارە ١٠٩ دەرچووە، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە ئەو مەفرەزەیەی بۆ زێبار نێردراوە، لەلایەن هاوکاری شێخ سدیق بەناوی شەریف بەگ و هاوکارەکەی ڕێگەیان لێ گیراوە، هەروەها نزیکەی ٥٠٠ ئەرمەنی لەلای هاوکاری شێخی ناوبراو هەیە، نیەتی ئەوەیان هەیە ڕووبەرووی نزیکەی ١٠ تابور لە سەربازی شاهانە ببنەوە، جگە لەمە دوای داگیرکردنی زێبار، هێرش دەکەنە سەر عەقرە و موسڵ، ئەمجارە لەلایەن موشیرەتی جەلیلەی لەشکری شەشەمی همایۆن تەلەگرافنامە هاتووە، وێنەیەکی پێشکەشی سەروو کراوە، لەم بارەیەوە موشیرەتی لەشکری چوارەمی همایۆن ئاگادار کراوەتەوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٤ موحەرەم ١٣٢١ و لە ٢٠ مارت ١٣١٩.
ڕزا سەر عەسکەر





DH.TMIK.M.00141.00020.001

هەواڵنامەی کتێب




DH.TMIK.M.00141.00020.007




هەواڵنامەی کتێب

| 19 رەبیعی کۆتایی 1321 | 00142.00059 | DH.TMIK.M. |
|---|---|---|

فەرمانگەی گشتی ئەرکانی جەنگی
هۆبەی چوارەم
١٤١٦
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بۆ جەنابی دەوڵەت

لە خاڵە گرنگەکانی قەزاکانی عەقرە و زێبار بۆ نیشتەجێ کردنی تابورێك، پێویستە تابورێك بە ٤٠٠ سەربازەوە نیشتەجێ بکرێن، لە کاتی پێویستیش بۆ ئەوەی مەفرەزەکان برۆنە ناوچەکە، لە مەرکەزی ویلایەتیش پێویستی بە تابورێکی ترە، هەروەها لەلایەنی کەرکووك و سلێمانیە بۆ زیادکردنی سەربازی شاهانە ئەو وەڵامەی لە ویلایەتی موسڵ هاتووە، لە تەلەگرافنامە هاتووە، لەسەر نووسراوی ١٩ نیسان ١٣١٩ ژمارە ١٠٣ ی نەزارەتپەناهی لە وەڵامی ئەو راوپرسەی کە پێشووتر نێردراوە، نووسراو لە موشیرەتی جەلیلەی لەشکری شەشەمی همایۆن وەرگیراوە، لە ناو ویلایەتی موسڵ فرقەی ١٢ی نیزامیەی همایۆن بوونیان هەیە و ئامادەن، ئەو شوێنەی کە داگیریان کردووە فراوان کردنی گونجاو نییە، لەگەڵ ئەوەش لە خاڵە پێویستەکاندا هێزی گونجاو هەیە، هەر بۆیە لەبەر رووداوەکەی شێخ سدیق لە زێبار و چواردەوری ئەم ماوەیە زیاتر لە یەك تابور سەربازی شاهانە کۆکراوەتەوە، ئەم ماوەیە بە پێویست نازانرێت یەك تابوری پیادەی تر لە شوێنەکە نیشتەجێ بکرێت، لەسەر ئاماژەی ویلایەت فەرمان دراوە کە ئالای ٤٦ی نیزامیە لە سنجار دوو بلۆکی تابوری سێیەم بەشێوەیەکی کاتی لە موسڵ بمێننەوە، دوای ئەوەی ناکۆکی نێوان شێخ سدیقی شەمدینانی و شێخ محەمەد بارزانی بە تەواوەتی کۆتایی پێ دێت و کۆتایی بە رووداوی باسکراو دێت، ئالای ٤٨ کە لە دەوروبەری موسڵ دامەزراوە و تابوری سێیەم کە لە زێبارە و ئەو مەفرەزانەی لە شوێنەکانی ترە، بە کۆکردنەوەیان دوو بلۆك بە شێوەیەکی هەمیشەی لە زێبار نیشتەجێ دەکرێت، دوو بلۆکەکەی تر لە موسڵ دەهێڵدرێتەوە، ئەو تابورەی لە سنجاریشە لەگەڵ ئەوانەی موسڵ بەهێز بکرێن، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٩ رەبیعی کۆتایی ١٣٢١ و لە ٢ تەمموز ١٣١٩.

رزا سەر عەسکەر

هەواڵنامەی کتێب

| DH.TMIK.M. | 00147.00070 | 14 شەعبان 1321 |
| --- | --- | --- |

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لە ویلایەتی موسڵ قەزای رواندز تەکیەی گوندی گولە بە هاوکاری سەربازەکانی قوماندانیەتی میری ئاڵا ئەنیس بەگ و موزەفەر بەگ شێخی زێبار و پیاوەکانی حەسەن ئاغای زێباری بە تەواوەتی سووتێنراوە و وێران کراوە، بە گشتی کەلوپەل و ئاژەڵەکان و شەش لە پیاوەکانیان بردووە، لەلایەن شێخ محەمەد سادق ئەفەندی شەمدینانی پروپاگەندەی ئەو رووداوە کراوە، بۆ بەدواداچوون لە ویلایەتی ناوهاتوو فەرمان دەرچووە، لە ٣ حوزەیران ١٣١٩.

تاهیر والی وان


نەزارەتی کاروباری دارایی
قەڵەمی نووسین (تۆمار)
ژمارە ٧١٩
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بۆ جەنابی دەوڵەت
لە نێوان شێخ سدیق ئەفەندی شەمدینانی و محەمەد نور ئەفەندی بارزانی لەگەڵ برادۆستیەکان ناکۆکی و رووبەروبوونەوە روویداوە، بۆیە لە میرەکانی لەشکری شەشەمی همایۆن یەکێکی لێهاتوو و بێ لایەن هەڵبژێردرێت و لێکۆڵینەوە لە بابەتەکە بکات، لە بارەی خەرجکردنی خەرجی رێگاکە لە کارگێری نیزامیە ئەوا بریار لە ئەنجوومەنی تایبەتی بریکارەکان بە فەرمانی پاشای جەنابی خەلافەتپەناهی رەزامەندی لەسەر دراوە، زانیاریش دراوەتە لایەنی والای سەر عەسکەر، بۆ جێبەجێ کردنی لە مێژووی ١٨ حوزەیران ١٣١٩ نووسراوی سەدری ئەعزەم بە گوێرەی وەڵامی راگەیەندراوی پێشووتر لەلایەن سەر عەسکەر نووسراو وەرگیراوە، لەم بارەیەوە لە کەرکووك ئالای سوارەی ٣٤ میر ئالای توفیق بەگ دامەزراوە، لە ١٣ ئۆغستۆس بۆ لای زێبار رۆیشتووە، ئەمەش لە لەشکری همایۆنی ناوهاتوو ئاماژەی پێکراوە، بۆ چۆنیەتی جێبەجێ کردنەکەشی لە بابی عالی راگەیەندراوە و ئاماژەی پێکراوە، هەروەها لەسەر نووسراوی سەروو لە ژمێریاری گشتی داراییش باس کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٤ شەعبان ١٣٢١ و لە ٢٢ تشرینی یەکەم ١٣١٩.

نازری دارایی




DH.TMIK.M.00147.00005.001

هەواڵنامەی کتێب




DH.TMIK.M.00147.00070.002

| DH.TMIK.M. | 00157.00056 | 18 شەوال 1321 |
| --- | --- | --- |


- بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
شێخ سدیق ئەفەندی لە ناو ویلایەتی موسڵ لە ناحیەکانی زێبار و مزوری چەندین گوندی هەیە سەر بە تەکیەکەی ئەون، بەهۆی ئەو ڕووداوانەی ڕوویان داوە، هەموو مولکەکەی بە مەبەست لەلایەن هاوکارەکانی محەمەد ئەفەندی شێخی بارزان سوتێنراون و داهاتەکانی لەگەڵ ئاژەڵەکانی تاڵان کراون، لە بارەی ئەوانە هیچ شتێك نەکراوە، بەم بوێری کردنە سەرپێچیەکانیان زیاتر دەبێت، ئەمەش بە قائیمقامی شەمدینان ڕاگەیەندراوە، بۆ جێبەجێ کردنی کاری پێویست فەرمان ڕاگەیەندراوە، لە ٢٠ تشرینی یەکەم ١٣١٩.
تاهیر والی موسڵ

- فەرمانگەی گشتی ئەرکانی جەنگی
یەکەی چوارەم
٢٨٠٧
ڕاگەیەندراوی بەندەیە
ئاشتکردنەوەی نێوان ئاغاکانی زێبار لەگەڵ شێخەکانی بجیل و بارزان خراوەتە ژێر پاراستنەوە، ئەمەش لە موشیرەتی جەلیلەی لەشکری شەشەمی هومایۆن بە نووسراو نێردراوە، وێنەی نووسراوەکان بە نهێنی و هاوپێچ پێشکەشی سەدارەتپەناهی کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٨ شەعبان ١٣٢١ و لە ١٦ تشرینی یەکەم ١٣١٩.
رزا سەر عەسکەر


- فەرمانگەی گشتی ئەرکانی جەنگی
یەکەی چوارەم
٢٩١٠
ڕاگەیەندراوی بەندەیە
لە ١٦ تشرینی یەکەم ١٣١٩ ژمارە ٢٨٠٧ نووسراوی بەندەمانە، لە زێبار بە مسۆگەر کردنی بیرۆکەی شێخ سدیق ئەو بارودۆخە نەشیاوەی کە دروستی کردووە، لەلایەن میری ئاڵای ئەنیس قوماندانی مەفرەزە بۆ قوماندانیەتی فرقەی ١٢ نووسراوی کردووە، بە نووسراوی موشیرەتی جەلیلەی لەشکری شەشەمی هومایۆن نێردراوە، دوو نووسراوی ١٩ و ٢١ ئۆغستۆس ١٣١٩ هاوپێچ وێنەیان پێشکەشی سەدارەتپەناهی کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٨ شەعبان ١٣٢١ و لە ٢٦ تشرینی یەکەم ١٣١٩.
رزا سەر عەسکەر

- فەرمانگەی گشتی ئەرکانی جەنگی
یەکەی چوارەم
٣٠٢٦
ڕاگەیەندراوی بەندەیە
مێژووی ٨ تشرینی دووەم ١٣١٩ ژمارە ٣٠١٥ هاوپێچی بەندەمانە، شێخ سدیقی شەمدینانی لەگەڵ شێخ محەمەد بارزانی و لە بارەی هەموویانەوە میری ئاڵا تۆفیق بەگ بۆ لێکۆڵینەوە ئەرکی پێ سپێردراوە، تەلەگرافنامەی بۆ موشیرەتی جەلیلەی لەشکری شەشەمی هومایۆن ناردووە، وێنەیەکی ئەو تەلەگرافنامەیە بۆ سەروو نێردراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٣ ڕەمەزان ١٣٢١ و لە ١٠ تشرینی دووەم ١٣١٩.
رزا سەر عەسکەر

- ویلایەتی وان
قەڵەمی نووسین (تۆمار)
ژمارە ١٣٢
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بۆ جەنابی ئەفەندم
لە شەمدینان تەکیەی جەنابی سەید تەها، لە ویلایەتی موسڵ گوندەکانی ناحیەی زێبار دەفتەری تۆمار و زەخیرە و هەموو جۆرە کەلوپەلێك، لەلایەن فەقی عەبدولڕەحمان و حەسەن زێباری هاوکاری شێخ محەمەد ئەفەندی بارزانی، تاڵان کراوە و دەستدرێژی کراوەتە سەر و ١٥ گوندی سوتاندووە و تێکداوە، بۆ جێبەجێ کردنی کاری پێویست وەکیلی تەکیەکە لە موتەسەرفیەتی هەکاری داواکاری ناوبراو هاوپێچ پێشکەشی جەنابی نەزارەتپەناهی کراوە، بۆ جێبەجێ کردنی هاوکاری سەروو پێویستە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٨ شەوال ١٣٢١ و ٢٤ کانوونی یەکەم ١٣١٦.
تاهیر والی وان





DH.TMIK.M.00157.00056.001





DH.TMIK.M.00157.00056.003

هەواڵنامەی کتێب





DH.TMIK.M.00157.00056.004




DH.TMIK.M.00157.00056.010

هەواڵنامەی کتێب




DH.TMIK.M.00157.00056.013




هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| DH.TMIK.M. | 00159.00046 | 12 زیلقەعدە 1321 |


١٢ زیلقەعدە ١٣٢١
١٧ کانوونی دووەم ١٣١٩
بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە
ناحیەکانی زێبار و شـێروان و مزوری و ریکان و پیرەسـنی لەلایەن چەتەکانەوە وێران کراوە و روخێنراوە، بەرێوەبردنی تەکیـەی سـەید تەهـاش بـە تەواوەتـی تێکچـوە، زانیاری پوخـت بـە دوو پارچە نـووسراو لـە ویلایەتـی وان وەرگیراوە، لەگـەڵ هاوپێچەکـەی دوای خوێندنـەوە دەنێردرێتـەوە، بـە ووتـەی قۆمیسـیۆن بـۆ خێراتـر کردنی مامەڵەکـە هاوپێچ نێـردراوە، لـەم بارەیـەوە ٢٠ و ٢٢ کانوونـی یەکـەم ١٣١٩ دوو پارچـە تەلەگرافنامـە بـە ویلایەتـی ناوهاتـوو ئـاگاداری پێویسـت جێبەجـێ کـراوە، بـە گفتوگـۆ بەبێ لایەنـی بەرێوە بچێـت، ئامـادەکاری ئـاوا بکرێت کە رێگەخـۆش نەکات تـا سـکاڵا و ناکۆکـی دروسـت بێـت، هەرچـی زووە هیممـەت بکرێـت بۆ جێبەجـێ کـردن و چۆنیەتـی بەرێوەبردنی.



هەواڵنامەی کتێب

| DH.TMIK.M. | 00164.00019.001 | 15 زیلحیجە 1321 |
|---|---|---|

بۆ ویلایەتی موسڵ
١٥ زیلحیجە ١٣٢١
١٩ شوبات ١٣١٩
مانگی رابردوو لە کۆتایی مایس، لە لایەنی موسڵ لە سەربازی شاهانە میری ئاڵای ئەنیس بەگ لەگەڵ پیاوەکانی شێخ محمد بارزانی و ناوە نووسراوەکان، هەروەها بە یارمەتیدانی ئەوانە مەفرەزەیەک سەرباز نێردراوە هێرشیان کردۆتە سەر گوندەکان و کەلوپەلیان تالان کردووە، جگە لەوەش خانەکانی گوندەکانیان تێك داوە و سووتاندویانە و بوێریان کردووە دەستدرێژی بکەنە سەر کچێك و پیاوێکیان کوشتووە و کچێکیان بریندار کردووە، لەگەڵ لێکۆڵینەوە نەگەیشتوونەتە هیچ ئەنجامێك، خەڵکی ناوچەکە سکاڵایان نووسیوە و لە قەزای رواندز ناحیەی شێروان گوندی کەلیکە بە مۆری مەلا موسا داواکاری ناردووە، مامەڵەکەی بە پەلە لەگەڵ ووتەی قۆمیسیۆن ناردراوەتە سەعادەت، پێویستە زوو جێبەجێ بکرێت.




Y.MTV.00250.00110.002

کتێبی هەواڵنامە

| Y.MTV. | 00250.00110 | 16 جەمادی کۆتایی 1321 |
| --- | --- | --- |


پایەی سەر عەسکەر
قەڵەمی نووسین
تایبەتی
وێنەی تەلەگرافنامەی بە شیفرەی مێژووی ١٨ ئۆغستۆس ١٣١٩ لە موشیرەتی لەشکری شەشەمی همایۆن هاتووە شێخ سدیق شەمدینانی لەگەڵ هەندێك پیاوی گوندی ئەرگوش سەر بە ناحیەی مزوری باڵا لەگەڵ زۆربەی پیاوەکانی هۆزی کوردی یەکیان گرتووە، لە ناحیەی ناوهاتوو هێرشیان کردۆتە سەر گوندی بەند عەرو پیاوێك و ئافرەتێک بە دەمانجە لێدراون، هەروەها ٦٠٠ سەرمەڕیان بە تاڵان بردووە، بۆ تۆڵە سەندنەوە موریدەکانی بارزان گوندی ئیدیسی سەر بە ناحیەی مزوریان تاڵان کردووە، لەم بارەیەوە شێخ سدیق هەواڵی پێگەیشتووە، هاوەڵانی دووبارە ئابلۆقەی گوندی ....... داوە، هەروەها بە مەبەستی هێرش و پەلاماردانی مزوری باڵا ئەو جانەوەرانەی هاتوون لە ئەرگوشیەکانن، ژمارەیان لە نێوان ٣٠٠ کەس دەبێت، یا ئەوەتا ئەوانە لەناوببردرێن یاخود ئەو ئەرگوشیانەی کە سەر بە شێخ سدیقن، بۆ وان دەڕۆن لەگەڵ بارزانیەکان نێوانیان ئاشت بکرێتەوە، یاخود موریدەکانی هەردوو لا ئەوانەی ئاژاوەگێر و شەڕکەرن دەستگیر بکرێن، بەم راگەیەندراوە ئەنیس بەگ میری ئاڵای بە هاوەڵی ٢٠٠ لە رواندز ٥٠ لە موسڵ ٤٠ نەفەر لە ئاڵای ٤٨ ی تابوری سێیەم، زیاد بکرێت. ئەمەش بە فرقەی ١٢ و قوماندانیەتی موسڵ راگەیەندراوە، لەبەر پەلاماری ئەرگوشیەکان ئەگەر بێتو ئاشت بوونەوەیان مەحاڵ بوو، ئەوا ئەنیس بەگ میری ئاڵای ئەو مەفرەزەیەی بۆی رێکخراوە ئەوانە دەستگیر بکات و لە بارەی رووداوەکانی زێباریش لێکۆڵینەوەکان دەست پێ بکات، لە تەلەگرافنامەکەی تر ئەوەی راگەیەندراوە میری ئاڵای تۆفیق بەگ بە ناردنی زانیاری بەیەکەوە نوسراو بۆ قوماندانیەتی ناوهاتوو نووسراوە.


T.C. BAŞBAKANLIK OSMANLI ARŞİVİ DAİRE BAŞKANLIĞI (BOA)

OSMANLI ARŞİVİ
DH.ŞFR
305 | 122

DH.ŞFR.00305.00122.001

| DH.ŞFR. | 00305.00122 | 12 سەفەر 1312 |
| --- | --- | --- |
| بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>لەبەر پەلامارەکانی شێخ سدیق و هاوەڵانی بە تایبەتی بۆ قەزای زێبار کە ئامانجی پەلامارەکانی بووە، ساڵی رابردوو پارەی گشتی بەدەست نەگەیشتووە، ئەم ساڵیش بەهۆی ئەو هێرشەی لەلایەن هاوەڵانی شێخ کراوە، رسوماتی مەرومالات دووچاری لەناوچوونێکی گەورە هاتووە، بۆ پاراستن و کۆکردنەوەی دە یەکیش بە بریارنامەی ٦ کانوونی دووەم ١٣١٨ ژمارە ٢٥٠ فەرمانی دووبارە ڕێکخستنەوەی زێبار وەکو قەزا دراوە.<br>٢٧ نیسان ١٣١٩<br>نوری والی موسڵ | | |




DH.ŞFR.00308.00040.001


| DH.ŞFR. | 00308.00040 | 24 رەبیعی یەکەم 1321 |
| --- | --- | --- |

بۆ نەزارەتی ناوەخۆ


لە تەلەگرافنامەکانی ٢٥ مایس ١٣١٩ راگەیەندراوە، لە قەزای زێباری هەڵوەشاوە کە سەر بە سانجەقی کەرکووکە، ناحیەکانی شێروان و مزوری باڵاش کە سەر بە قەزای رواندزن، مەرەکانی هەژمار نەکراوە، هەر بۆیە باجەکەشی کۆنەکراوەتەوە و نەهاتۆتە دەست، تەنیا لەبەر دەستدرێژی پیاوەکانی شێخ سدیقیش کەس داوای دە یەکیشی نەکردووە، بەڕێوەبردنی کارگێری بەرێکوپێکی بەرێوە ناچێت، بۆیە لە موتەسەرفیەتی کەرکووک ئاماژە بە جێبەجێ کردنی کارەکە کراوە، لەبەر دەستدرێژی ئەو دواییە ناحیەکان بە قەزاکانی عەقرە و عەمادیە بەستراوەتەوە، بە هەمان شێوە رووداوەکان بەردەوامن، بۆیە لە مێژووی ٩ کانوونی دووەم ١٣١٨ ژمارە ٢٥٢ بریارنامە راگەیەندراوە، دووبارە قەزای زێبار رێك دەخرێتەوە، کاتی خۆی لەبەر نەبوونی هەوڵ و کۆشش تا ئاسایشی بەرقەرار بکرێت هەڵوەشاوەتەوە، داهاتی خەزێنەی دوو ساڵی بە تەواوەتی بە هەدەر چووە، ئەم هەڵوەشاندنەوەیە خزمەتی دەستدرێژی و زوڵمی شێخی ناوبراوی کردووە، خەرجی ناردنی سەرباز لەگەڵ داهاتەکان یەکسانە، بۆیە دووبارە قەزای ناوبراو لە رووی کارگێریەوە رێك بخرێتەوە، دووبارە راگەیەندراوە، فەرمان.

لە ٧ حوزەیران ١٣١٩

نوری والی موسڵ





DH.ŞFR.00308.00040.001




هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| BEO. | 002058.154299 | 2 سەفەر 1321 |

٢ سەفەر ١٣٢١
١٧ نیسان ١٣١٩
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لـە بـارەی ئـەو چەتانـەی کـە زێباریـان ئابڵوقـەداوە و بەهانـەی پێـوە دەگـرن، بـە ئاماژەکانـی ویلاتـی موسـڵ و وان تەلەگرافنامـە لـە موشـیرەت و لەشـکری چوارەمـی هومایـۆن هاتـووە، لەرێـز یەکـترەوە یەکیـان گرتۆتـەوە، لەسـەر ئابڵوقەکـە شـێخ سـدیق پەیوەنـدی پێـوە نییـە، شـێخ ئەفەنـدی لـە شـەمدینان نەرۆیشـتووە، لەلایەن شـێخی ناوبراو و ویلایەتـی وان پروپاگەنـدە کـراوە، بـۆ ئاشـکراکردنی کـە ئاخـۆ ئابڵوقـەدارەکان سـەر بـە چ لایەنێکـن بـە قوماندانیەتی مەفـرەزەی سـەربازی بـۆ روون کردنـەوە راگەیەنـدراوی بـۆ موشـیرەتی لەشـکری شەشـەمی هومایـۆن نـاردووە، لـە وەڵامـدا ئابڵوقـەدارەکان بەشـێکی تـەواوی سـەر بـە هۆزەکانـی شـەمدینان و ئـەوەی ماوەتـەوەش سـەر بـە قەزاکانی عەقـرە و زێبـار لەگـەڵ ناحیـەی شـێروانە و پەیوەسـتن بـە ئەوانـەوە، هەروەها بۆ گەرانـەوەی کەلوپەلە تالانکـراوەکان و گەرانـەوەی دانیشـتوان بـۆ گوندەکانیـان و نیشـتەجێ کردنیـان نـووسراو کـراوە، نـووسراوی سـەر عەسـکەر لـە مێـژووی ٣٠ موحـەررەم ١٣٢١ ژمـارە ٥٥٨ هاوپێـچ بـۆ دەوڵـەت نێـردراوە، هەروەهـا لـە نـووسراوی ناوهاتـوو لەگـەڵ نـووسراو بـە مێـژووی جۆراوجـۆر حەواڵـەی نەزارەتـی جەلیلـە کـراوە، بـۆ جێبەجـێ کردنـی هیممـەت بکرێـت و هاوپێچـەکان بگەرێندرێنەوە.





هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 002064.154732 | 9 سەفەر 1321 |
|---|---|---|

٩ سەفەر ١٣٢١
٢٤ نیسان ١٣١٩
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

٣٠ موحەرەم ١٣٢١ مێژووی نووسراوی هاوپێچە، زێبار ئابلۆقە دراوە، لە کاتی ڕۆیشتنی قوماندان ئەنیس بەگ و مەفرەزەکەی لەگەڵ نزیك بوونەوەیان، چەتەکان پەرشوبڵاوبوونەتەوە، زۆربەیان پەنایان بۆ شەمدینانی شێخ سدیق بردووە، لە ناویان نزیکەی ٣٠٠ کریستیان هەیە، گوندێکی زۆر بە تەواوەتی وێران بووە، کەلوپەل و مەروماڵات لەناوچوون و تاڵان کراون، خەڵکێکی زۆر مردووە، ئەمجارە بە تایبەتی شێخی ناوبراو بیرۆکەی ئەوەی هەیە کە بیرۆکەی گەندەڵی خۆی فراوان بکات، لە ویلایەتەکانی موسڵ و وان لە هەر یەکێکیان لە پلەوپایەی بەرز فەرمانبەر لەگەڵ قۆمیسیۆنێك لە ژێر سەرۆکایەتی دامەزرێت، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو بابەتە بکات، ئەگەر شێخی ناوبراو لە بارزان و زێبار دەست نەکێشێتەوە ئەوا ڕووداوەکە گەورەتر دەبێت، لە ئێستادا بە شێوەیەکی کاتی بارودۆخەکە هێمن بۆتەوە، بە ناردنی سەرباز لەلایەنی موسڵ و واز هێنان لە زێبار ئەنجامەکەی باش نابێت، لە موشیرەتی جەلیلەی لەشکری شەشەمی هومایۆن ئاماژەی پێکراوە، لەم بارەیەوە زانیاری تێروتەسەلی لە موشیرەتی ناوبراو ناردراوە، بۆ جێبەجێ کردنی لە مێژووی ٧و٨ سەفەر ١٣٢١ ژمارە ٦٧٥و٦٨٣ دوو پارچە نووسراوی سەر عەسکەر لەگەڵ هاوپێچەکانیەوە بەیەکەوە بۆ لایەنی دەوڵەت نێردراوە، بە تێروانین لە ئاماژەی پێشوو جێبەجێ کردنی بەپەلە بێت و بۆ ناردنەوەی هاوپێچەکانیش هیممەت بکرێت.




هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 002074.155550 | 23 سەفەر 1321 |
| --- | --- | --- |

٢٣ سەفەر ١٣٢١
٨ مایس ١٣١٩
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە


هاوپێچی نووسراوی مێژووی ٢٢ سەفەر ١٣٢١ بە تەواو نەبوونی کاری زێبار، هەندێك ئاژاوەگێر چاوەڕێی دەرفەتێك دەکەن، هەندێکیشیان بۆ سوڵحکردن ئامادە نین، بە راگەیەندراوی ئەنیس بەگ میری ئاڵای، لە قوماندانیەتی موسڵ راگەیەندراوە، لە لەشکری چوارەمی هومایۆن پرسیار کراوە کە سەربازی شاهانە رەوانەی شەمدینان کراوە یاخود نەکراوە بە گوێرەی ئەو تەلەگرافنامەیەی کە لە موشیرەتی جەلیلەی لەشکری شەشەمی هومایۆن هاتووە، لە وەڵامی ئەو راگەیەندراوەی کە پێشووتر نێردراوە، وەڵام لە موشیرەتی جەلیلەی لەشکری چوارەمی هومایۆن هاتووە، ئەو هێزە سەربازیەی کە لە دەوروبەری وان هەیە، بۆ پاراستن و بەرقەرارکردنی ئاسایشی ئەو دەوروبەرە و بۆ سنووری ئێران بەش دەکات، بۆیە حاڵی حازر ئەو پلە و کەرستە سەربازیەی ویلایەتی وان کە هەیە، ناتوانێت بچێتە لای زێبار، ئەمەش لە وەڵامی راگەیەندراوی قوماندانیەتی فرقەی هەشتەم دەرکەوتووە، لەگەڵ ئەوەش ئەگەر پێویستی کرد بە پێی توانا هاوکاری سەربازی رەوان دەکرێت، لە قوماندانیەتی ناوهاتوو راگەیەندراوە، بە گوێرەی ئەو راگەیەندراوانەی لە بارەی شێخ سدیق لە ویلایەتەکانی وان و موسڵ دەرچووە، هەر لە کۆنەوە لەگەڵ یەك ناکۆکن، ئەگەر پێویست بکات لەشکری چوارەمی هومایۆنیش مەفرەزەی سەربازی دەنێرێتە لای شەمدینان و زێبار.




هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 002125.159350 | 19 رەبیعی کۆتایی 1321 |
|---|---|---|

نەزارەتی دادوەری و مەزهەبەکان
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری سزا
ژمارە ٣٢٨
بۆ لایەنی جەنابی سەدری ئەعزەمی سەدارەتپەناهیمان
ڕاگەیەندراوی بەندەیە
هاوپێچی نووسراوی مێژووی ١٠ مایس ١٣١٩، لە لای زێبار و عەمادیە خانووی سووتاندووە و خەڵکی کوشتووە، بەهۆی ئەم کارە بەدانەی کە کردوویەتی بە پێنج ساڵ بە سزای سەوڵ لێدان، سزا دراوە، بەڵام هێشتا شێخ سدیق دەستگیر نەکراوە، هەروەها برادەری و لەگەڵ کەسوکاری کە لە حیجازن ڕایانکردووە، بە هاتنی ئەوانیش سەرپێچی زیاتر دەبێت، جگە لەمە بە گوێرەی هەندێك ووتە لە داواکاری گشتی ئیستینافی موسڵ ئەمجارە وێنەی ئەو تەلەگرافنامەی بە شیفرەی کە هاتووە، بە کراوەیی پێشکەش کراوە، جێبەجێ کردنی بە فەرمانی سەدارەتپەناهی دەبێت، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٩ ڕەبیعی کۆتایی ١٣٢١ و لە ٢ تەمموز ١٣١٩.
نازری دادوەری





BEO.002164.162226.002

کتێب هەواڵنامەی

| 27 جەمادی کۆتایی 1321 | 002164.162226 | BEO. |
|---|---|---|

فەرمانگەی گشتی ئەرکانی جەنگی
یەکەی چوارەم
٢٢٣٨
راگەیەندراوی بەندەیە
شـێخ سـدیق لـە مەمالیکـی ئێرانیـە خەریکـی دروسـت کردنـی قەڵایـە، لـە سـەفەرتی ئێرانیـش راگەیەنـدراوە، لـە بـارەی شـێخی ناوبـراو لێکۆڵینـەوە دەسـت پـێ بـکات بـۆ ئـەم مەبەسـتەش تۆفیـق بـەگ میـری ئـاڵای بـۆ لای زێبـار نێـردراوە، بۆیـە ئـاگاداری پێویسـت دراوەتـە ناوبـراو کـە هەرچـی رۆژێـك زووتـرە لێکۆڵینەوەکـە تـەواو بکرێـت، لەسـەر نـووسراوی سـەدری ئەعزەمـی سـەدارەتپەناهی لـە مێـژووی ٢٨ ئۆغسـتۆس ١٣١٩ ژمـارە ١٧١٨ لـە وەڵامـی ئـەو ئامـاژەیـەی کـە پێشـووتر نێـردراوە، تەلەگرافنامـە لـە موشـیرەتی جەلیلـەی لەشـکری شەشـەمی هومایـۆن هاتـووە کـە بـە پێویسـتە زانـراوە لێکۆڵینەوەکـە بـە پەلـە ئەنجـام بدرێـت و ئەنجامەکـەی رابگەیەندرێـت، جگـە لەمـەش ئـاگاداری میـری ناوبـراو بـۆ قوماندانیەتـی فرقـەی ١٢ نووسراوەتـەوە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ٢٧ جەمـادی کۆتایـی ١٣٢١ و لـە ٦ ئۆغسـتۆس ١٣١٩.
رزا سەر عەسکەر




هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| BEO. | 002212.165846 | 13 شەعبان 1321 |

- تەلەگرافنامە بۆ ویلایەتی وان
٢٢ تشرینی یەکەم ١٣١٩
بە واژووی موختار عەبدوڵڵا و پێنج لە هاووەڵانی لە مەرکەزی شەمدینان لە ٢١ تشرینی یەکەم تەلەگرافنامە راکێشراوە، دوای هێنان و خوێندنەوە، کار لە سەر لێکۆڵینەوە و ئەنجام و ئاگادار کردنەوە دەکرێت.

- بۆ سەدارەتی پایەبەرز
یارمەتیدەرانی محەمەد شێخی بارزان، لە چەتە ناودارەکان فەقی عەبدولرەحمان و برادەری حەسەن زێباری، محەمەد شێروانی، ئەحمەد و سوار و سەلیم مزوری، جادر و کۆچەر، لە عەشیرەتی هەرکی ریز ئاغا و برادەرەکەی ئەحمەد ئاغا، میری ئاڵای نیزامیە محەمەد تۆفیق بەگ هانی داون و داوای لێکردوون، بۆیە بە یەکگرتوویی چوونەتە سەر ناحیەی مزوری، هەر لە کۆنەوە سەید تەها .... ...... ..... لەم رۆژانە هێرشیان کردۆتە سەر گوندەکانمان، موڵکی تەواوی تەکیەی ناوبراو بە داهاتەکانی مەروماڵات و ئاژەڵ و کەلوپەل و شتومەکەکانی تاڵان کراوە، هەروەها لەو گوندانەی کە ئاماژەی پێکراوە لەگەڵ خانەکانی، سێ منداڵ لەگەڵ شانە هەنگوینەکان بەیەکەوە سووتاندووە، ئەو خەڵکە زوڵم لێکراوە، ماڵ و منداڵەکانیان دەربەدەر بوون، لە خاکی غەریب پێویستیمان بە نانە، ئەو کەلوپەلانەی تاڵان کراوە بۆ گەرانەوەیان داوا لە دادگا دەکەین مافەکانمان بگەرێننەوە.
سیلوریان شیوی ئەرگوش
موختارەکانی ..... .....
عەبدوڵڵا و پێنج لە هاوەڵەکانی




تلغراف نامه

مقام صدارت عظمایه

OSMANLI ARŞİVİ
BEO
2212 | 165846 | 2

BEO.002212.165846.002




BEO.004239.317868.006

هەواڵنامەی کتێب


| BEO. | 004239.317868 | 9 شەوال 1321 |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
فەرمانگەی هەواڵگری گشتی
یەکەی دووەم
٨٣٣٠١ گشتی
١١١٦ تایبەتی
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
راگەیەندراوی بەندەیە

چـواردەوری بـارزان، عەقـرە، عەمادیـە، زێبـار ماوەیەکـی زۆرە قسـەی لەسـەر دەکرێـت، بـۆ رێگـری کـردن لـە بـارودۆخ و رووداوەکانـی چەتەگـەری و کارە نەگونجاوەکانـی هەروەهـا بـۆ جێگیـر کـردن و بەرقـەرار کردنی ئەمن و ئاسایشـی دەورووبـەری باسـکراو، مەرکەزەکـەی بـارزان بێـت و لـە چینـی سـێیەم لە زێبـار قەزایەك رێـك بخرێـت، بۆ ئەمـەش لـە ئەنجوومەنـی کارگێـری ویلایەتـی موسـڵ بریارنامـە لـە مێـژووی ٥ ئۆغسـتۆس ١٣٢٩ ژمارە ٤٦ پێشـکەش کـراوە، راپۆرتـی ئەمـن و ئاسایشـیش بـە گوێـرەی مـاددەی یاسـایی رێکخـراوە، لیسـتەکەی نێـردراوە، بە فەرمـوودەی سـەدارەتپەناهی بـە خوێندنـەوەی لـە ئەنجوومەنـی تایبەتـی بریـکارەکان و بەدەستگەیشـتنی فەرمانـی پاشـای جەنابـی پاشـا رادەگەیەندرێـت، ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.

لە ٩ شەوال ١٣٣١ و لە ٢٩ ئۆغستۆس ١٣٢٩
نازری ناوەخۆ







DH.TMIK.M.00171.00026.003

| DH.TMIK.M. | 00171.00026 | 1 جەمادی کۆتایی 1322 |
| --- | --- | --- |

ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی نووسین (تۆمار)
ژمارە ٦٧
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
بۆ بەرێزانی دەوڵەت

ناحیەی گەردی لە قەزای شەمدینان، گوندەکانی هرکشك و ئاینەدار مەرومالات و ئاژەڵەکانیان لەلایەن بارزانیەکان تالان کراوە، بۆ ئەم مەبەستە سێ پارچە داواکاری لە ویلاتی وان بۆ لێکۆڵینەوە پێشکەشی سەروو کراوە، لە مێژووی ٤ مایس ١٣٢٠ ژمارە ٤٢ فەرماننامەی عالی نەزارەتپەناهی ئاگاداری نێردراوە و قائیمقامی عەقرە ئاگادار کراوەتەوە، ئەمجارە بە پێی وەڵامەکەی لە نووسراوی بەرێوەبەرایەتی زێبار لە داواکاری ناوبراوەکاندا لە مێژووی خۆی دیاری کراوە، لە زێباریەکان گوندێک کە ناوی هێنراوە، نەچوونەتە ناحیەی گەردی، بە پێچەوانەوە خەڵکی شەمدینان شێخ سدیق بە هاندان و جولەی ئەو لەگەڵ خەڵکی ناحیەی ناوبراو و هەندێك لە هۆزەکان بە یەکەوە بە یەکگرتووی هێرشیان کردۆتە سەر زێبار، ئەو مەفرەزە نیزامیەی ئەوێ لە ترسان کشاونەتەوە، بۆیە ئەو بوهتانە کە بە زێباریەکان کراوە بە پێی ماددەی تالان، هیچ راست و دروست نییە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١ جەمادی کۆتایی ١٣٢٢ و ٣١ تەمموز ١٣٢٠.
والی موسڵ

هەواڵنامەی کتێب




DH.TMIK.M.00180.00035.003


هەواڵنامەی کتێب

| DH.TMIK.M. | 00178.00056 | 9 جەمادی کۆتایی 1322 |
|---|---|---|

فەرمانگەی گشتی ئەرکانی جەنگی
یەکەی چوارەم
١٣٣٥
راگەیەندراوی بەندەیە

هاوپێچی نووسراوی مێژووی ٣ ئۆغستۆس ١٣٢٠ ژمارە ١٢٩٤، بۆ ئەوەی جموجۆڵی بارزانیەکان و کاری سەرپێچیکارانەیان لەوە زیاتر گەورە نەبێت و درێژە نەکێشێت، لێرە بۆ ئەوەی رێگە بگیرێت لە دووبارەبوونەوەی ئەو جۆرە چالاکیانە، پێویستە هەر ئێستا ئامادەکاری بکرێت، بە تێروانین لە ژمارەی چەتەکان، هێزی مەفرەزە رێکبخرێت و لە ژێر قوماندانیەتی ئەفسەری بە توانا رەوان بکرێت، ئەوانە تەمبێ بکرێن و ئەو کەلوپەل و پارەوپولانەی تالانیان کردووە بە تایبەتی چەك بە تەواوەتی وەربگیرێتەوە و ئەو چەکانەی پەیوەستن بە کامە لایەنی سەربازی لەگەڵ پارەوپول و کەلوپەلەکان بدرێنەوە خاوەنەکانی خۆیان، بەم شێوەیەش رێگە نەدرێت بە هیچ شێوەیەك جارێکی تر کاری لەم شێوەیە دووبارە بێتەوە، ئەمەش بە تەلەگرافنامەی بەندە بۆ موشیرەتی جەلیلەی لەشکری شەشەمی هومایۆن نێردراوە، لە ویلایەتیش ئامادەکاری پێویست بکرێت و رێگە نەدرێت ئەوانە کاری نەشیاوی لەم جۆرە ئەنجام بدەنەوە، سەبارەت ئەوانەی پەیوەندیدارن لە جێبەجێ کردنی ئەم کارە فەرمان و ئاماژە نێردراوە، راوبۆچوونی سەدارەتپەناهیە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.


لە ٩ جەمادی کۆتایی ١٣٢٢ و لە ٨ ئۆغستۆس ١٣٢٠
رزا سەر عەسکەر




DH.ŞFR.00330.00008.001

| | | |
|---|---|---|
| DH.ŞFR. | 00330.00008 | 2 جەمادی یەکەم 1322 |

بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
لەوەتەی قەزای زێبار هەڵوەشاوەتەوە، ئەوێ لە فەرمانبەر و ئەوانی تر خاڵی بووە، بۆیە شێخ سدیقی شەمدینانی و مورید و جانەوەرەکانی شێخ محەمەد بارزانی هێرش دەکەنە سەر یەکتر و بارودۆخی نەشیاو روو دەدات، قەزای ناوهاتوو بۆتە جۆلەوانیەك بۆ چەتەکان چۆڵ کراوە، بە هەزارەها دانیشتوانەکەی بێ کار ماونەتەوە و مافی خەزینە خوراوە، لە بارەی دووبارە رێکخستنەوەی قەزاکە، لە ئەنجامی ئەو راگەیەندراوانەی کە کراوە، داواکراوە ناحیەکان هەڵوەشێتەوە، خشتەی رووبەر و بریارنامەی ٢٧ حوزەیران ١٣٢٠ ژمارە ٣٨ پێشکەش کراوە، بۆ نەهێشتنی ئەو رووداوانە و بەرقەرار بوونی ئەمنیەت و ئاسایشی ناوچەکە و پاراستنی قەزاکە هەرچی زووە فەرمانی دووبارە رێکخستنەوەی قەزاکە رابگەیەندرێت و قائیمقامێکی چالاك و لێهاتوو بەپەلە دابمەزرێت و رەوان بکرێت، فەرمان، لە ٢ تەمموز ١٣٢٠.
نوری والی موسڵ


T.C. BASBAKANLIK OSMANLI ARSIVI DAIRE BASKANLIGI (BOA)

تلغرافنامه


OSMANLI ARŞİVİ

DH.ŞFR

330 | 8 | 1-2


هەواڵنامەی کێتێر

DH.ŞFR.00330.00008.001





| 26 جەمادی کۆتایی 1322 | 00332.00055 | DH.ŞFR. |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
٥ تەمموز ١٣٢٠ هاوپێچی تەلەگرافنامەی وەڵامی بەندەیە، قوماندانی ژاندارمە کە نێردرابووە زێبار لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکەی سەرکەوتوو نەبووە، بە گفتوگۆ لەگەڵ موشیرەتی جەلیلە، ئەنیس بەگ میری ئاڵای سوارە، نێردراوە تا ئەرکەکە تەواو بکات، لەسەر ئەو راگەیەندنانە و ئامۆژگاریانەی کە بۆ هۆزەکانی بارزان و شێخ سدیق کردوویەتی، بەم دواییە ئەو زوڵمانەی کە ئەنجامیان داوە، دوو تفەنگ و چوار قاتور و برێك فیشەکی سەربازی شاهانە لە ژێر دەستی کوردەکانەوە بووە، بەبێ رووداو کۆی کردوونەتەوە، بە ناردنی بۆ مەرکەزی ویلایەت رادەستی لایەنی سەربازی کراوە، لە بارەی زانیاری رووداوەکان و هۆکارەکانیش میری ناوبراو بە ژورنالی پۆستە پێشکەشی کردووە، لە ٢٥ ئۆغستۆس ١٣٢٠.
نوری والی موسڵ


هەواڵنامەی کتێب


| 6 ڕەبیعی کۆتایی 1322 | 00862.00078 | DH.MKT. |
|---|---|---|

٦ ڕەبیعی کۆتایی ١٣٢٢
٧ حوزەیران ١٣٢٠
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
بەهـۆی پێویسـتی و ناچاریـەوە، بڕێکـی گونجـاو ئاقچـە بـە بریـکاری پێشـووی قائیمقامـی زێبـار ئەدیـب گەوهـەر ئەفەنـدی بدرێـت، ناوبـراو داواکاری پێشـکەش کـراوە، داوای پـارەی کـردووە، هەروەهـا ناوبـراو لەبـەر هـەژاری و ناچاریـەوە شـایەنی بەزەییـە و ١٠٠ قوروشـی بـۆ ڕێـك بخرێـت و پێـی بدرێـت، ڕەزامەنـدی بـۆ جەنابـی سـەدری ئەعزەمـی سـەدارەتپەناهیە.





| 12 رەبیعی یەکەم 1322 | 002342.175588 | BEO. |
|---|---|---|

١٢ رەبیعی یەکەم ١٣٢٢
١٥ مایس ١٣٢٠
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
هاوپێچـی نـووسراوی ٢٥ موحـەررەم ١٣٢٢ ئەو سـەرکردە چەتانەی کە شـێخ سـدیق پێشـوەختە بۆ لای زێبـاری رەوان کـردوون، هەواڵـی دروسـت هاتـووە کـە شـێخی ناوبـراو لـەم نـاوە دووبـارە دەسـت بـە سـەرپێچی و دەسـتدرێژی کـردن دەکات، هەرچـی فەرمانبـەری هەژمـار و سـەربازی نیزامیـە و پۆلیـس لـە عەقـرە هەیـە، بـە زووتریـن کات بـۆ زێبـار جولەیـان پـێ بکرێـت، لـە ناوچـەی ناوهاتـوو دەسـتەی تابـوری رەدیـف رێکخـراوە، وێنـەی ئـەو بریارنامەیەی کـە موشـیرەتی جەلیلـەی لەشـکری شەشـەمی هومایـۆن ناردوویەتـی، هەروەهـا مەفرەزەیەکـی لەشـکری نیزامیـەی ١٠٠ کەسـی کـە هەیـە، فەرمـان دراوە بـەرەو زێبـار بـروات، لـە کۆتاییـدا بـە فەرمانـی پاشا جەنابـی خەلافەتپەناهی رەزامەنـدی نیشـان داوە کـە میـری ئـاڵای تۆفیـق بـەگ بـەرەو زێبـار بروات، لـە بارەی شـێخی ناوبـراو لـە بریارنامەی ناوهاتـوو باسـکراوە، بـە تێروانیـن لـە ئاماژەی رابـردوو دوو پارچـە نـووسراو لـە ٨ و ١٢ رەبیعـی یەکـەم ١٣٢٢ ژمـارە ٥٩٤ و ٦٢٤ لـە والای سـەر عەسـکەرەوە هاتـووە، پێشکەشـی دەوڵـەت کـراوە تـا کارەکـە جێبەجـێ بکرێـت و بـە هاوپێچـەوە رەوان بکرێتەوە.



BEO.002379.178402.001

<table>
<tr><td>BEO.</td><td>002379.178402</td><td>14 جەمادی یەکەم 1322</td></tr>
<tr><td colspan="3">١٤ جەمادی یەکەم ١٣٢٢<br>١٥ تەمموز ١٣٢٠<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>هاوپێچی نووسراوی ١٦ سەفەر ١٣٢٢، راگەیەندراوەکانی ویلاتەکانی وان و موسڵ لەسەر سەرپێچیەکانی شێخ سدیق هەردوو لا لەسەری کۆکن، هەروەها شێخ محەمەد بارزانی لەگەڵ شێخ سدیق بەمەبەستی چاککردنەوەی نێوانیان ئەو هەوڵانەی کە دراوە، هیچ دەستکەوتێك بەدەست نەهاتووە، بۆ ئەوەی ئەو مەسەلەیە گومانەکانی ئاشکرا بکرێن و ووردبینی بۆ بکرێت لە دەرسەعادەت فەرمانبەرێکی ووردبینی هەڵبژێردرێت و دامەزرێت، بۆ ویلایەتی ناوهاتوو رەوان بکرێت، لە لەشکری چوارەم و شەشەمی هومایۆنیش لە ئەرکان و میریەکانی هەر یەکە کەسێك بدۆزرێتەوە بۆ دۆزینەوەی راستیەکان کار بکەن، ئەوەی ناهەقە ئاشکرا بکرێت و ئەو شتانە بە ناهەق بردراوە بگەرێندرێتەوە، لەلایەن هەردوو لەشکر هێزی مەفرەزە رێك بخرێت و دوای ئەوەی دانیشتوان مافەکانیان دەگەرێتەوە، ئینجا هەردوو شێخی ناوهاتوو نێوانیان ئاشت بکرێتەوە یاخود بەو سزایەی کە شایەنیانە سزا بدرێن، لە موشیرەتی جەلیلەی لەشکری شەشەمی هومایۆن وەڵام راگەیەندراوە، بەم شێوەیەش لە بەرژەوەندی هەموو لایەك دەبێت، وەڵامی نووسراو لە ٩ جەمادی یەکەم ١٣٢٢ ژمارە ١٠٨٤ لە لایەن والای سەر عەسکەریمانەوە هاتووە، هاوپێچ بۆ سەروو نێردراوە، دوای خوێندنەوە بە هاوپێچەوە هیممەت بکرێت لە ناردنەوەی.</td></tr>
</table>




BEO.002436,182661,002

| BEO. | 002436.082661 | 2 شەعبان 1322 |
|---|---|---|

نەزارەتی داد و مەزهەبەکان
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری سزا
ژمارە ٥٢٣
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
ڕاگەیەندراوی بەندەیە

لـە ویلایەتـی موسـڵ دانیشـتووانی قەزاکانـی عەقـرە و ڕوانـدز و ناحیەکانـی زێبـار و شـێروان و مـزوری لەگـەڵ عەبدولسـەلام کـوڕی شـێخ محەمـەد بارزانـی زیاتـر لـە ١٠٠٠ هـاوەڵ لـەم سـاڵە ڕۆژی ١٥ مانگـی حوزەیـران هێرشـیان کردۆتـە سـەر ناحیـە و گوندەکانـی قـەزای شـەمدینان کەلوپـەل و پارەوپـول و مەروماڵاتـی دانیشـتوانەکەیان بـردووە و خانەکانیان سـوتاندووە و لـە دانیشـتووان ٢٦ و لـە نیزامیـە ١ هەروەهـا لـە ژاندارمـەش ١ دەکاتـە ٢٨ کەسـیان کوشـتووە، جگـە لەمـە ٢٠ کەسیشـیان برینـدار کـردووە و لـە عەسـکەری نیزامیـە ١٤ تفەنگـی مـادزر و ١ تفەنگـی مارتینـی تـاڵان کـراوە و ٦٠ کەسـیش بـە دیـل گیـراون، هەروەهـا لـە ٢٠ی ئـەم مانگـە دیسـان شـێخی ناوهاتـوو لەگـەڵ هاوەڵانـی ئابڵوقـەی گونـدی نیهـادەی داوە، زیاتـر لـە ١٠٠ کـەس لـە ژن و پیـاو و منـداڵ هانایـان بـۆ قۆناغـی مامـۆ ئاغـا بـردووە، هەندێـك لەوانـە کـوژراون و ئـەوەی ماوەتـەوەش بـە خانەکـەوە سـوتێنراون، بـە پشـت بەسـتن بـە ئاماژەی سـەرۆکایەتی دادگای سـەرەتایی قـەزای گـەوار بـە داواکاری گشـتی ئیسـتینافی ویلایەتـی وان ڕاگەیەنـدراوە، لەبـەر ئـەو تاوانانـەی کـە ئەنجـام دراون، بەدواداچوونـی یاسـایی بکرێـت و تاوانبـاران لـە حکوومەتـی خۆجێـی دەسـتگیر بکرێـن و ڕادەسـتی لایەنـی داد بکرێـن، ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ٢ شـەعبان ١٣٢٢ و لـە ٢٩ ئەیلـوول ١٣٢٠.
نازری داد

هەواڵنامەی کتێب





DH.MKT.00955.00024.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 00955.00024 | 2 رەبیعی یەکەم 1323 |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
ژمارە ١٤٦


لە ناو ویلایەتی موسڵ لە بەڕێوەبەرایەتی رۆژئاوای سەرچنار بەڕێوەبەری غەوارە عەبدولرەحمان ئەفەندی گوازراوەتەوە، بۆیە داواکراوە عەبدولقادر ئەفەندی بۆ بەڕێوەبەرایەتی غەوارە دابمەزرێت، بەو ئاماژەیەی کە بۆ وەڵامی سەروو لە ویلایەتی موسڵ نووسراوی مێژووی ١٩ مارت ١٣٢١ ژمارە ٥ و تەلەگرافنامەی ٣ نیسانی هەمان ساڵ نێردراوە، کە عەبدولقادر ئەفەندی هێشتا لە تەمەنی ١٣ ساڵیدایە، هەرچی عەبدولرەحمان ئەفەندی کاتێک کە بەڕێوەبەری غەوارە بووە، ئەرکەکەی بەجێ هێشتووە و نەگەڕاوەتەوە سەر کارەکەی، لەبەر ئەوە دوورخراوەتەوە، هەر خۆی لە بنەرەتدا هەردوو ناحیە رێک دەخرێنەوە، لە کاتی دووبارە رێکخستنەوەی زێبار وەکو قەزایەك، ئەوا ئەو دوو ناحیەیە هەڵدەوەشێتەوە. لە کاتی ووردبینی کە راگەیەندراوە عەبدولقادر ئەفەندی تەمەنی ١٣ ساڵە، بەڵام دوای مردنی باوکی ناوبراو پارەی هەتیو و بێوەژنی بۆ براوەتەوە، کەچی دەرکەوتووە تەمەنی زیاتر لە ٢٠ ساڵە، بۆیە لەم مووچەیە بێبەش دەبێت و پەسەند کراوە، هەروەها لەلایەن موتەسەرفیەتی سلێمانیە، دامەزراندنی ناوبراو لە بەڕێوەبەرایەتی غەوارە لە ویلایەتەوە کۆتایی پێ هاتووە، سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی هەردوو ناحیەش لە بنەرەتدا کاغەزەکانی لە شورای دەوڵەت هێشتا نەخراوەتەوە بواری جێبەجێ کردن، بۆیە بە گوێرەی بریار مامەڵەکە ئێستا بخرێتە بواری جێبەجێ کردن و ناوبراوان لە بەڕێوەبەرایەتیەکان دەست بەکاربن، لە وەڵامدا لە ویلایەتی ناوهاتوو ئەمر و ئاماژەی پێکراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.
لە ٢ رەبیعی یەکەم ١٣٢٣ و ٢٣ نیسان ١٣٢١




هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 002551.191293 | 9 سەفەر 1323 |
|---|---|---|

٩ سەفەر ١٣٢٣
١ نیسان ١٣٢١
بۆ لایەنی والای سەر عەسکەرمان و نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لەلایەنی عەقرە و زێبار ئەو ناکۆکیەی لە نێوان هۆزەکانی هەرکی و سورچیدا هەیە، بۆتە هۆی ئەوەی خەڵک بکوژرێت و بمرێت، لەسەر ئەو رووبەرووبوونەوەی کە روویداوە، شێخی هۆزی سورچی تاوەکو تۆڵەی خۆی بکاتەوە، ٥٠٠ تفەنگچی رێکخستووە و خۆی ئامادە کردووە، بۆ ئەوەی رێگە نەدرێت لە نێوان هۆزەکان شەڕ و رووبەرووبوونەوە روو بدات، هەروەها بۆ ئەوەی ئەمنیەت و ئاسایش بەرقەرار بکرێت، بە قوماندانیەتی لەشکری هومایۆن راگەیەندراوە کە پێویستە ١٥٠ نەفەر پیادە لە سەربازی شاهانە بە قوماندانیەتی ئەنیس بەگ میری ئاڵای لە موسڵ رەوان بکرێت، هەرچی دووبارە بوونەوەی ئەو جۆرە رووداوانە ئەوا سێ ساڵ لەمەوپێش بە زیادکردنی ژمارەی ژاندارمە و ئەنجامدانی چاکسازی هەروەها بە هەڵوەشاندنەوەی قەزای زێبار، لە بارەی دووبارە رێکخستنەوەی قەزاکە، ئەو ئاماژانەی کە پێشوتر هاتووە، لە ئەنجامی کارا نزیك نەبۆتەوە، هەندێك زانیاری تێروتەسەل لە ویلایەتی موسڵ بە تەلەگرافنامەی مێژووی ٣١ مارت ١٣٢١ بۆ سوپاسالاری والا بەرز کراوەتەوە، هەروەها بە نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە راگەیەندراوە، کە دووبارە دەست بکرێت بە رێکخستنەوەی قەزای زێبار و پەلەش بکرێت لە زیادکردنی ژاندارمە و چاکسازی بکرێت.




| DH.ŞFR. | 00369.00057 | 2 رەجەب 1324 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

لە کاتی خۆیدا بە بێ بۆنە قەزای زێبار هەڵوەشاوەتەوە، ناوچەکە لە حکومەت خاڵی بووە و بۆ چەتەکان بۆتە جۆلەوانی، بۆیە چەند جارێك راگەیەندراوە کە دووبارە قەزاکە لە رووی کارگێڕیەوە رێکخستنی بۆ بکرێتەوە، بۆ ئەمەش چەندین جار هەوڵی بۆ دراوە، بەڵام تا ئێستا فەرمانی دەرنەچووە، قەزای ناوهاتووش هەروەکو خۆی ماوەتەوە، هەموو ساڵ خەزینەی جەلیلەش بە هەزارەها لیرە زیانی پێ دەگات، لە رووی ئەمنیەت و ئاسایشەوەش بەرقەرار نییە، لەبەر ئەو هۆکارانەی کە راگەیەندراوە بە پەلە دووبارە لە رووی کارگێڕیەوە قەزاکە رێکخستنەوەی بۆ بکرێتەوە، فەرمانەکەشی بە تەلەگرافنامە ئاماژەی پێ بکرێت و رابگەیەندرێت، لە پێناو بەرژەوەندی تکا دەکرێت.

٩ ئۆغستۆس ١٣٢٢


مستەفا والی موسڵ

هەواڵنامەی کتێب


| DH.MKT. | 01146.00015 | 21 زیلحیجه 1324 |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
قەڵەمی فەرمانبەران
ژمارە ٨١٠

لـە بـارەی قائیمقامـی پێشـووی زێبـار محەمـەد عەلـی بـەگ بابەتەکـەی خراوەتـە بـەر دەسـتی دادگای ئیسـتیناف بـە گوێـرەی ئـەو دادگایـەی کـە کـراوە لـە ئەنجامەکـەی بێتـاوان دەرچـووە، بۆیـە دووبـارە کار کردنـی خراوەتـە ژێـر بریـار، بـە گوێـرەی ئـەو داواکاریـەی و هاوپێچەکـەی پێشـکەش کـراوە، خوێندنـەوەی بـۆ کـراوە، لەلایـەن جەنابـی نەزارەتپەناهـی راگەیەنـدراوە و لـە سـەرۆکایەتی شـورای دەوڵەتـی جەلیلـە دەرچـووە و حەواڵـە کـراوە و لـە نـووسراوی ١١ کانوونـی یەکـەم ١٣٢٢ ژمـارە ٩٦ ئامـاژەی پێکـراوە. لە کاتـی ووردبینـی محەمـەد عەلـی بـەگ دەرکەوتـووە کـە کاتێـك قائیمقامی زێبـار بووە ئـەو تاوانـەی خراوەتـە پاڵی، بـەڵام لـە ئەنجامـی دادگاییکردنەکـەی بێتاوانـی سـەلمێنراوە، ئەمـەش بـە نـووسراوی سـەرۆکایەتی شـورای دەوڵەتـی جەلیلـە بـە مێـژووی ١ ئۆغسـتۆس ١٣٢٢ ژمـارە ١٠٢ راگەیەنـدراوە و لـە تۆمـار روون بۆتـەوە، هەروەهـا ناوبراو سـەرەتا کـە لـە قائیمقامیەتـی دهـۆك و ئەرکـی پێشـووی کە لە سـەماوە بووە سـکاڵای لەسـەر کـراوە و دووبـارە بۆتـەوە، تۆمار کـراوە کـە قەدەغەیـە جارێکـی تـر ئەرکی پێ بسـپێردرێت، لە قۆمیسـیۆنی مولکیـەی فەرمانبـەران ئەرکەکەی پەسـەند کـراوە، کاغـەزی کەسـێتی وەرگێـردراوی پەسـند کـراو دەرکەوتـووە، هەرچەنـدە لـە داواکاری قائیمقامیەتـی سـەماوە لە ئەنجوومەنـی کارگێـری سـانجەقی کوناهیـە بـە گوێـرەی ئـەو لێکۆڵینـەوەی کـراوە پەسـەند نەکـراوە و لـە فەرمانگـەی شـورای دەوڵەتیـش بـە بریارنامـەی ١٩ مـارت ١٣٢٢ بـە راگەیەنـدراو پەسـەند کـراوە، بـە پشـت بەسـتن بـەو بریـارە وەرگرتنـی ئەرکـی قائیمقامیەتـی بـە گونجـاو زانـراوە، داواکـراوە راگەیەندراوی باسـکراو راسـت بکرێتەوە، بـە ووردبینی کـردن وەرگرتنـی ئـەرك و راسـت کردنـەوەی تۆمـار خراوەتـە ژێـر بریـارەوە، لـە وەڵامـی ئەمـەش لـە سـەرۆکایەتی ناوهاتـوو فەرمـان و ئامـاژەی دەرچـووە، هەروەهـا دووبـارە نـووسراو و هاوپێچی باسـکراو پێشـکەش کراوەتـەوە، ئەمر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ٢١ زیلحیجـە ١٣٢٤ و لـە ٢٢ کانوونـی دووەم ١٣٢٢.
یاریدەدەر بە ناوی بەرێوەبەری قەڵەمی فەرمانبەران




DH.MKT.01146.00015.003




DH.MUİ..00001.6.00014.005

| | | |
|---|---|---|
| DH.MUI. | 00001.6.00014 | 28 زیلقەعدە 1327 |

- بۆ نەزارەتی ناوەخۆ

عەبدولسەلام شێخی بارزان لەگەڵ هاوەڵانی دێنە ژێر باڵی حکوومەتی مەشروتیەی عوسمانیە و داوای پارێزبەندی دەکەن هەروەها داوای تکا و پارانەوە دەکەن، دوای ئەمەش ئەو هێڵەی کە حکوومەت دەیکێشێت ئەوان نایبەزێنن، جگە لەمەش ئەو چەکانەی کە لەلایانە بە تەواوەتی رادەستی دەکەنەوە، بە رێگەی پیاوی تایبەتەوە سەردانی ناوبراوان دەکات، لەم بارەیەوە چاوەڕێی فەرمانی دەوڵەتین.

لە ٢٨ تشرینی دووەم ١٣٢٥

عەبدولقادر لە ئەندامانی ئەعیان

- بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە


بەپەلەیە

ئەگەرچی تا ئێستا لە بارەی دێوانەکانی بارزان لە لایەنی جەنابی سەدارەتپەناهی وەڵامێك نەهاتووە، بەڵام فازڵ پاشا والی موسڵ بە دڵنیاییەوە بەردەوام بەدواداچوون بۆ کارەکە دەکات و لە بارەی گرنگی مەسەلەکە هێزێکی لە ٥٠٠ پیاو کۆکردۆتەوە و لەسەر رۆیشتنن، هەروەها خەریکی شکاندنی هێزی دێوانەکانی ناوهاتوو و کەمکردنەوەیانن، ئەو هاوەڵانەی کە ملکەچی خۆیان خۆیان رادەگەیەنن، بە گوێرەی بەرژەوەندی داعیەکان یەکسان بێت، ئەوا چاوەڕێی فەرمانی نەزارەتپەناهی دەکرێت


لە ٢٦ تشرینی دووەم ١٣٢٥

عەبدولقادر لە ئەندامەکانی ئەعیان

هەواڵنامەی کتێب




DH.MUİ..00001.6.00014.006



ML.EEM.00614.00041.001

| ML.EEM. | 00614.00041 | 14 رەبیعی یەکەم 1325 |
|---|---|---|

بابی عالی

فەرمانگەی سەدارەتی پایەبەرز
قەڵەمی نووسین
ژمارە ١٧
بۆ نەزارەتی خەزینەی تایبەتی شاهانەی پایەبەرز
بۆ جەنابی ئەفەندم


لە ویلایەتی موسڵ، ئەو گوندانەی دەکەونە نێوان قەزای عەقرە و قەزای زێباری هەڵوەشاوە، ئەوەی لە ناو عەقرە ماوەتەوە ٥٤ پارچە گوند هەیە، لەبەر سەرپێچی هۆزەکان دانیشتوانەکەی پەرشوبڵاوبوونەتەوە، ئەمرۆ هاتۆتە بارودۆخێك کەسی تێدا ناژیت، هەروەها لەبەر ئەوەی نموونەی ئەو گوندانەیە کە گوندی کشتوکاڵین، خراونەتە سەر موڵکی میری و بۆنەتە موڵکی میری جەنابی شەهریاری، بۆیە دەبێت ئاوەدان بکرێتەوە و لەو چواردەورەیەدا زۆر هۆزی نیشتەجێ نەکراو هەیە، لەوێ نیشتەجێ بکرێن بەم شێوەیە ناچار دەبن بە کشتوکاڵ و پیاوەکانی بە جوتیاریەوە خەریك بن، ئەمەش دەبێتە هۆکارێك گوندەکانی چواردەوریش ئاوەدان بکرێنەوە، جگە لەمە ئەو نەستورانەی لە دەوروبەر هەن وا دەکات بەرامبەر بە ئەوانە ژمارەی موسڵمانیش زیاد بێت، کە دەبێتە هۆی کاری چاکە زیاتر ئەنجام بدرێت، بۆ ئەم کارەش خەزینەی تایبەتی شاهانە لە ویلایەتی موسڵی بەهیە ڕاگەیەندراوە و ڕەزامەندی دراون، شوێنگرەوەشی لە نێوان هەردوو خەزینە هەژمار دەکرێت، بۆ جێبەجێ کردن و وەرگرتنی ڕەزامەندیش فەرمانی پاشای جەنابی خەلافەتپەناهی دوای فەرمان نەزارەتی سەروو ئاگادار کراوەتەوە، نووسراوی مابەینی هومایۆنی ملوکانەی باش کیتابەتی جەلیلە ناوی گوند و زانیاری لە دەفتەر نووسراوەتەوە و وێنەی هاوپێچ نێردراوە، هەروەها نەزارەتی ناوەخۆ و دارایی ئاگادار کراوەتەوە، ئیتر نەزارەتی سەروو بە ئەمر و فەرمانی هومایۆنی شاهانە بۆ جێبەجێ کردنی نووسراو دەکات.

لە ١٤ ڕەبیعی یەکەم ١٣٢٥ و لە ١٤ نیسان ١٣٢٣
سەدری ئەعزەم

ئەو گوندانەی کە کەسی تێدا نییە لە کاتی خۆیدا لە دەفتەری تایبەتی نووسراوەتەوە و دراوەتە ویلایەت، هەروەها ئەگەر بکرێت لە حاڵی حازردا ئەو گوندانەی کە خاڵین لە دانیشتووان و کشتوکاڵی تێدا ناکرێت، لەگەڵ ئەوەی ڕاستەقینەکە بری دۆنمەکەیان لە دەفتەر دیاری کراوە


هەواڵنامەی کتێب

| ناوی گوند و زەوی کشتوکاڵی | دۆنم | رستەفینەکە |
| --- | --- | --- |
| گوندی خەربە باڵا | 2925 | 1500 |
| گوندی خەربە ژێر | 5000 | 2200 |
| گوندی کونهتوریلی | 1500 | 450 |
| گوندی حەمە کەند | 4935 | 1900 |
| گوندی مەلیکە حاجی | 4000 | 2150 |
| گوندی ئەوادە خەربە | 3500 | 1000 |
| گوندی ئالەرش | 2516 | 750 |
| مام تەلبان | 6000 | 1500 |
| گوندی دەرین خەرابە | 2025 | 650 |
| گوندی بەتورە | 2000 | 400 |
| گوندی کەرمکبا | 2500 | 550 |
| گوندی مام داوید | 2000 | 400 |
| گوندی .....کاولی | 2375 | 500 |
| گوندی خلفکی | 1200 | 600 |
| گوندی باژێرە مەحمور | 2560 | 750 |
| گوندی زکاوە | 2325 | 1000 |
| گوندی گومەتی | 2985 | 750 |
| گوندە باراوە خوە عالی | 3612 | 1600 |
| گوندی سەروو کانی | 2646 | 500 |
| گوندی حوریان مام کورد | 4528 | 1200 |
| گوندی کوچار | 4754 | 2000 |
| گوندی کەرمکان مەحیان | 1400 | 950 |
| گوندی مع بین بی رشك | 8963 | 2500 |
| گوندی ئەحمی | 3300 | 600 |
| گوندی کیلی بی | 11267 | 3200 |
| گوندی لاهل | 3200 | 1500 |
| گوندی کیلی تیسان | 4519 | 1700 |
| گوندی کلول مامەگرد | 2500 | 950 |
| گوندی موکاوە | 2900 | 650 |
| گوندی دارین | 5000 | 1520 |
| گوندی چەمەسیل | 1800 | 400 |
| گوندی مویلیان | 3190 | 1000 |
| گوندی تورشك | 3100 | 950 |
| گوندی پاسوی | 2500 | 600 |
| گوندی بی | 2025 | 600 |
| گوندی سیهال | 4000 | 1500 |
| گوندی قویك دەری | 5000 | 800 |
| گوندی مام خەلیفە | 2000 | 950 |
| گوندی جەمە سداق | 3000 | 600 |
| گوندی کاشفە | 1500 | 400 |
| گوندی موکاوە دەری | 3175 | 800 |
| گوندی جەلان عەریوك | 2500 | 600 |
| گوندی جەلان ئەمنین | 2063 | 450 |
| گوندی سیلان سلاح | 774 | 300 |
| گوندی سمیلان | 2595 | 700 |
| گوندی بنیاتە | 8525 | 1900 |
| گوندی مع کیلی پسران قلعه نیر | 9946 | 2500 |
| گوندی خەروز | 3000 | 800 |
| گوندی کورتك | 6000 | 1600 |
| گوندی شفا تۆمەر | 2500 | 700 |
| گوندی ئەکال کەبور | 950 | 250 |
| گوندی کەشکان | 2076 | 600 |
| گوندی کافیە | 1500 | 400 |
| ئەکال سەغور | 1200 | 250 |
| کۆکراوە | 183804 | 55400 |



ML.EEM.00614.00041.002

هەواڵنامەی کتێب




228153.001

| | | |
|---|---|---|
| BEO. | 003043.228153 | 14 ڕەبیعی یەکەم 1325 |

١٤ ڕەبیعی یەکەم ١٣٢٥
١٤ نیسان ١٣٢٣

نـووسراو لـە نەزارەتـی ناوەخـۆی جەلیلـە و نەزارەتـی دارایـی جەلیلـە بـۆ نەزارەتـی خەزینـەی تایبەتـی شـاهانەی عالـی نێـردراوە، لـە ویلایەتـی موسـڵ دەکەوێتـەوە نێـوان قـەزای عەقـرە لەگەڵ قـەزای زێبـاری هەڵوەشـاوە، لـەم حاڵەتە لە نـاو عەقرە ٥٤ پارچـە گونـد بەهـۆی سـەرپێچی هـۆزەکان دانیشـتووەکانی پەرشـوبڵاوبوونەتەوە، ئەمـڕۆ خاڵی و بێ دانیشـتووانە، وەکـو هـەر گونـد و زەوییەکـی کشـتوکاڵی ئەوانـەش خراونەتە سـەر موڵکـی میری هومایـۆن، بـۆ ئـاوەدان کردنەوەیان لـە چـواردەوری ئـەو گوندانـە زۆر هـۆز هەیـە نیشـتەجێ نەکـراون، لەگـەڵ نیشـتەجێ کردنیـان بـە پێویسـت زانـراوە ئـەو هۆزانـە بـە کشـتوکاڵ کردنـەوە خەریـك بکرێـن، بـەم شـێوەیە دەبێتـە هۆکارێکیـش بـۆ ئـاوەدان کردنـەوەی گوندەکانـی دەورووبـەر، جگـە لەمـەش لـە بەرامبـەر ئـەو نەسـتوریانەی کـە لـە ناوچەکـەن ژمـارەی موسـڵمانان زیـاد دەکات، ئـەم جـۆرە چاکـە جۆراوجۆرانـە بـۆ داعیـەکان جێبەجـێ دەکرێـت، ئەوانـە لـە خەزینـەی شـاهانە دەکردرێـن و لـە ویلایەتـی موسـڵی پایەبـەرز ڕاگەیەنـدراوە و مۆڵـەت دراوە، شـوێنگرەوەکەش لە نێـوان دوو خەزینەدا هەژمـار دەکرێـت، لـە بـارەی ڕاگەیانـدن و مۆڵەتـی جێبەجـێ کردنـی فەرمانـی پاشـای جەنابـی خەلافەتپەناهـی چـی فەرمـووە بـە نەزارەتـی خەزینـەی تایبەتـی شـاهانەی سـەروو ڕاگەیەنـدراوە، بـە نـووسرا لـە مابەینـی ملوکانـەی بـاش کیتابەتـی جەلیلـە زانیـاری و نـاوی گونـدەکان لـە دەفتـەر نووسراوەتـەوە و وێنەیەکـی هاوپێـچ بـۆ سـەروو نێـردراوە، هەروەهـا بـە ئـاگادار کردنـەوەی نەزارەتـی دارایـی جەلیلـە و خەزینـەی تایبەتـی شـاهانەی جەلیلـە جێبەجـێ کـراوە، لەلایـەن نەزارەتەکانـەوە بـە ئەمـر و فەرمانـی هومایۆنـی شـاهانە هیممـەت بکرێـت بـۆ جێبەجـێ کردنـی.


هەواڵنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب


| DH.ŞFR. | 00662.00156 | 6 جەمادی یەکەم 1328 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە لە ٣ مایس ١٣٢٦
١٣٥
لـە بەرامبـەر بارزانیـەکان نییـەت باشـی خـۆی دەربریـوە، فەرمانـی دابەشـکردنی ١٠٠ هـەزار قـوروش دەرچـووە، بۆیە لـە شـوێن خـۆی دەسـتەیەکی سـەرکردایەتی بـە سـەرکردایەتی والـی بەغـداد و قوماندانیەتـی ئـەو رێـك دەخرێـت، سـەرەتا قائیمقـام سـەفوەت بـەگ دامـەزراوە و لە کەرکووك هێـنراوە، هەم بۆ دابەشـکردنەکە و هـەم لە قائیمقامیەتی عەقـرە لـە بـارەی دیوانەکانـی بـازران لێکۆڵینـەوە لەسـەر ئـەو کاغەزانـە دەکات کـە وەکـو سـکاڵا پێشـکەش کـراوە، دوێنـێ نێردراوەتـە بـارزان، لـە کۆتایـی ئەرکەکـەی ئـەو ئاغایانـەی لە سـنووری ئێرانـن، لە نێـوان خۆیان ناکۆکـی هەیە، بـۆ تەواوکردنـی کاری سـەر سـنوور بـۆ ناردنـی ناوبـراو بـۆ شـوێنەکە دیسـان بـە رای جەنابـی نـازم پاشـا بۆتـە راپـۆرت و لەگـەڵ راگەیەنـدراوی ناردنـی بـۆ شـوێنی مەبەسـت بەپەلـە هەژمـاری بـۆ بکرێـت و خەرجـی رێـگای پـێ بدرێـت، کـە لـەم کارە ئـەوەی جێبەجێـی دەکات کار نەکاتـە سـەر کارەکـەی و غـەدری لـێ نەکرێـت، ئەمەش لە ٣١ ئۆغسـتۆس ١٣٢٦ لەگـەڵ تەلەگـراف راگەیەنـدراوە، رێگـە پێـدراوە ناوبـراو بـە چ شـێوەیەك خەرجـی رێگاکـەی یاخـود رۆژانەکـەی وەردەگرێـت.




DH.MUİ..00001.2.00076.005

<table>
<tr><td>DH.MUİ.</td><td>00001.2.00076</td><td>15 ڕەمەزان 1329</td></tr>
<tr><td colspan="3">شیفرە لە ویلایەتی وان وەرگیراوە<br>هاوپێچی تەلەگرافنامەی ٢٧ ئۆغستۆس ١٣٢٥ کە وەرگیراوە، ئەو تەلەگرافنامەیەی لە وەڵامدا لەلایەن قائیمقامی شەمدینان بە وەکالەت هاتووە، ئاغاکانی هۆزی گەردی میر شاکر و بورج و مەلا مەحمود یەك تاقم ئاغا بەیەکەوە چوونەتە پاڵ بارزانیەکان، ئەگەر چی پێویست کراوە هەرچی زووە تۆپی چیای و سەربازی تەواو بگاتە شوێنی مەبەست، بەڵام کاتێك پێویستی کرد سەربازی زیاتر بنێردرێت، ڕاگەیەندراوە ئەوا هۆزی گەردی و هەرکیش بە گشتی دەچنە پاڵیان، لەگەڵ یەکەم تەلەگرافنامە ڕاگەیەندراوە، هەرچی زووە فەرمان بدرێت لەسەر چالاکی سەربازی و هەرچی ئەو وەڵامەی لە چۆڵەمێرگ وەرگیراوە، ڕاگەیەندراوە کە لە قەزا بە هیچ شێوەیەك بارودۆخێکی ئاوا باش نییە، ڕاگەیەندراوە، لە ٢٧ ئۆغستۆس ١٣٢٥.<br>بەکر سامی والی وان</td></tr>
</table>



DH.MUİ..00001.4.00059.002

هەواڵنامەی کیبر

| DH.MUI. | 00001.4.00059 | 29 رەمەزان 1327 |
| --- | --- | --- |

فەرمانگەی ئەرکانی گشتی جەنگی
یەکەی سێیەم
٣٦٧٣
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
پوختە: سەرلە نوێ ڕێکخستنەوەی قەزای زێبار بە شاراوەی نەبووە
بۆ جەنابی ئەفەندم


نووسراوی مێژووی ٢٤ ئەیلوول ١٣٢٥ ژمارە ١١٧٥ وەڵامی نەزارەتپەناهیە، ڕێکخستنی کارگێری زێبار وەکو قەزا کە مەرکەزەکەی بارزان بێت، هەروەها ناحیەی شێروان پەیوەندی بە رواندزەوە بپچرێت و ببەسترێتەوە بە قەزای زێبار، ئەوا لەلایەنی سەربازیشەوە بە کێشە نەزانراوە، جگە لەمە بە نیشتەجێ کردنی تابورێك لە بارزان، ئەوا لە تابورەکەی رواندز بلۆکێك بچێتە شێروان، بۆ ئەمەش ئاگاداری پێویست دراوەتە قوماندانیەتی لەشکری شەشەم و تەلەگرافنامەی نێردراو هاوپێچ نێردراوەتەوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەفەندیمە.
لە ٢٩ رەمەزان ١٣٢٧ و لە ١ تشرینی یەکەم ١٣٢٥
نازری جەنگی

| DH.MUİ. | 00001.5.00050 | 19 زیلقەعدە 1327 |
|---|---|---|


- بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
قەڵەمی شیفرە
ئەو شیفرەیە کە لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە
هاوپێچ تەلەگرافنامەی مێژووی ١٧ تشرینی دووەم ١٣٢٥، شێخی بارزان و موریدەکانی شوێنی بارزانیان ئابڵوقەداوە، تاکی ڕەدیف زانیاریان هەیە کە ملکەچ نین و بە سوود وەرگرتن لە ترسنۆکیان ئەوێ جێگیر بکرێت و سەرباز و هۆزەکانی هاوکار ناچار کراون کە شکست بێنن، ئەو کەرستە و چەك و یەك دوو تۆپەی کە دەستکەوتوون، جگە لەمە هێشتا لەناوچوونەکانیش برەکەی دیارینەکراوە، ئەمەش بە ئاماژەی خۆجێی دەرکەوتووە، هاتنە مەیدانی شێخە توندرەوەکان هەروەها دووبارە کۆکردنەوەی خەڵکی ناو هەکاری لە هۆزی تەیاری و زۆربەی هۆزەکانی لە خۆی کۆکردۆتەوە، ئەمەش بینراوە و ئەوەی لە دەستیان هاتووە بە هەواڵگری متمانەکەر نێردراوە، تەنانەت لە زۆربەی ناوچەکان هێڵی تەلەگراف وون بووە و ئەم جۆرە بارودۆخە لە کات و شوێنی خۆی ڕەزامەندی لەسەر وەرگیراوە، دواکەوتن و قورس کردنی کارەکان بە حەزوئارەزووی کەسێک کراوە، بۆ ئەوەی ڕێگە نەدرێت کارەکە فراوان بێت، لە ویلایەتی وان ئامادەکاری کاریگەر کراوە و بە هەر شێوەیەك بێت لە مەرکەزی ویلایەت هێڵێکی تەلەگراف بۆ عەقرە دابین بکرێتەوە، بە پێویست زانراوە و بە پەلە فەرمان و ئاماژە رابگەیەندرێت، کارەکە بە تێروتەسەلی بە نەزارەتی جەنگی ڕاگەیەندراوە، لە ١٨ تشرینی دووەم ١٣٢٥.
فازڵ والی موسڵ و قوماندانی دەورووبەر

- بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
قەڵەمی شیفرە
ئەو شیفرەیەیە کە لە ویلایەتی وان هاتووە
عەبدولسەلام بارزانی دیسان یەك تاقم زیاندراری لە چواردەوری خۆی کۆکردۆتەوە، لە چیای شیش هاتۆتە سەر مەفرەزەی سەربازی و ئابڵوقەی خاڵی سەربازی داوە، بۆ تەمبێ کردنیان ئەگەرچی لە ژێر قوماندانیەتی محیەددین پاشا هێزی سەربازی ڕۆیشتووە، چاودێری کردنیان ئەنجامی باش دەدات بە دەستەوە، زۆر بە گرنگیەوە لە ویلایەتی موسڵ ئاماژەی پێکراوە کە سەید تەها ئەفەندی شەمدینانی ئەگەر پێویست بکات هۆزەکان لەگەڵ خۆی جولە پێ بکات، چەند ڕۆژ پێش ئێستا بۆ دوورخستنەوەی زیاندارانی ناوهاتوو، سەید تەها ئەفەندی یاخود لە ناو ناوچە نوێیەکان کە هۆزی زارزەی تێدا نیشتەجێیە، بە سەدان کەسانی سوارە و پیادە ڕۆیشتوون، کەچی هیچ سوودێك لە بوونی ئەوانە وەرنەگیراوە، بە پێچەوانەوە ڕێککەوتووە لەلایەن هۆزی ناوهاتوو وێرانکاری کراوە، ئەمەش بە کاریگەرەوە باس دەکرێت، ئەگەر بۆ ڕەوان کردنی هۆزەکان دەرفەت بشرەخسێت ئەو کەسانەی کە ئەرکیشیان پێ نەسپێراوە جولەیان پێ بکرێت و ڕەوان بکرێن، ئەوا ڕێك دەکەوێت زەحمەت کێشانەکە بمێنێت، لە کاتی خوێندنەوەی بەندەمان ئەوانەی ئەرکیان پێ دراوە سوودیان نەبینراوە، جگە لەوە دەبنە جێگای گومان و زیانی جۆراوجۆر ڕوو دەدات بۆ پشتگۆی خستنیان لە کۆتایی دەبێتە کێشە، ئەو ئاماژەیەی لە ویلایەتی موسڵ هاتووە، ئەوا ڕاگەیەندراوی شەمدینان لە بواری جێبەجێ کردن دایە، هەرچی زووە فەرمانی نەزارەتپەناهی ڕادەگەیەندرێت، فەرمان.

١٩ تشرینی دووەم ١٣٢٥
بەکر سامی والی





DH.MUİ..00001.5.00050.005



DH.MUİ..00001.5.00050.006

هەواڵنامەی کتێب





DH.MUİ..00001.6.00006.011

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MUI. | 00001.6.00006 | 18 شەوال 1327 |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
قەڵەمی نووسراو
٢٥٥٢
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بۆ جەنابی ئەفەندم
لـە بـارەی تەمبـێ کردنـی شـێخی بـارزان ئـەو چالاکیـە سـەربازیانەی کـە ئەنجـام دەدرێـن، وێنـەی تەلەگرافنامـەی قوماندانیەتـی موسـڵ و دەورووبـەر دەرچـووە و نێـردراوە، لـە وەکالەتـی عالـی نەزارەتـی جەنگـی لـە مێـژووی ١٣ تشرینـی یەکـەم ١٣٢٥ ژمـارە ٣٨٠٧ لەگـەڵ نـووسراوی هاوپێـچ وەرگیـراوە، بەیەکەوە بۆ سـەروو نێـردراوە، هەروەها لە فەرمانـی بەدواداچـوون و دەسـتگیرکردنی ناوبـراو لـە نـووسراوی باسـکراو بـاس کـراوە و نـووسراو بـۆ لایەنی سـەربازی ویلاتـەکان کـراوە تـا کاری پێویسـت ئەنجـام بـدەن، لـە نەزارەتـی عالیـەکان بـۆ ویلایەتـی موسـڵ و وان و ویلاتەکانـی دەورووبـەر ئـاگاداری تونـد نێـردراوە، لـە فەرمانـی دەسـتگیرکردن و تەمبـێ کردنـی ناوبـراو هـەر ئێسـتا و بەپەلـە جێبەجـێ بکرێـت و ئەنجامەکـەی بـە هاوپێـچ بنێردرێتـەوە، بۆ هیممـەت کردنی نـووسراو کـراوە، لە ١٨ شـەوال ١٣٢٧ و ٢٠ تشرینـی یەکـەم ١٣٢٥.

سەدری ئەعزەم




DH.MUİ..00001.6.00010.002

| 27 زیلقەعدە1327 | 00001.6.00010 | DH.MUI. |
|---|---|---|

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
قەڵەمی نووسین
ئەو شیفرەیەیە کە لە وەکالەتی ویلایەتی بەتلیس هاتووە
لە ٢٦ تشرینی دووەم ١٣٢٥ لە بارەی شێخی بارزان تەلەگرافنامەی بە شیفرەی ٢٤ تشرینی یەکەم ١٣٢٥ کە لە ٢٧ تشرینی یەکەم ١٣٢٥ وەرگیراوە، کە ئەگەری ئەوەی نییە هاتبێتە ناو هۆزی حیدریەکان، لەگەڵ ئەوەش هۆزی ناوهاتوو لەگەڵ مەلازگرد و ئەخلات و موش دراوسێیە، لەم ناوچانە لێکۆڵینەوە کراوە، بە گوێرەی ئەو وەڵامانەی کە لە قائیمقام و موتەسەرفەکانی ئەو شوێنانە وەرگیراوە، ئەم راستیە دەرکەوتووە، هەروەها دەرکەوتووە کە ناوبراو لەوێ نییە، شێخی ناوبراو لەگەڵ زۆربەی هۆزەکانی عەقرە و زور و وان دوژمنە، بۆیە ئەگەری ئەوەی نییە چووبێتە ئەو ناوچانە، بەڵام لە عەمادیە عەبدولعەزیز ئاغا کە یەکێکە لە سەرۆک هۆزەکان خەزووری ناوبراوە، هەروەها یەکێك لە سەرۆکەکانی تەیاری لەگەڵ تانو و ساتو لە کۆنەوە پەیوەندی باشیان هەبووە، بۆیە دووركەوتنەوەی نەگونجاوە لەگەڵ هۆزی تەیاری لە ناو عەمادیە و دەوروبەری لەلایەن خەڵکەوە پارێزگاری لێ دەکرێت و سەرپەرشتی دەکەن، ئەو شوێنانەی شوێنی نیشتەجێ بوونی ناوبراوە مەفرەزەی بەهێز و چاوکراوە دابنرێن و ئەوانە ماوەیەك لەو شوێنانە نیشتەجێ بکرێن، بەم شێوەیە بێ دەسەڵات کردنی ناوبراو و دەستکەوتنی گونجاوتر و باشتر دەبێت، ئەو شوێنانەی ناویان هاتووە زیاد لە خۆی هاتوچۆی زەحمەتە، رێگاکان ٤٠ تا ٥٠ کاتژمێر دووریەکەیەتی، بۆیە لە دەروازەی ویلایەت و خاڵە پێویستەکان فەرمانبەران ئاگادار بکرێنەوە، ئەگەر بێتو بێتە ئەو ناوچانە بە لایەنی سەربازی و مولکیە بە یەکگرتووی جولە بکەن و بە تەمای خوا دەستگیر دەکرێت، راگەیەندراوە، لە ٢٧ تشرینی دووەم ١٣٢٥.
سالم بریکاری والی


هەواڵنامەی کتێب

| DH.MUI. | 00001.6.00027 | 29 زيلقعده 1327 |
|---|---|---|


بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
قەڵەمی شیفرە
ئەو شیفرەیەیە کە لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە

لـە ٢٦ تشرینـی دووەم ١٣٢٥ شـێخی بـارزان و هاوەڵانـی لـە جموجۆڵەکانـی ئـەم دواییـە لـە رووی گرنگـی دانـەوە بۆتـە شـەرمەزاری، بـە گوێـرەی لێکۆڵینـەوەی کۆتایـی کـە لـە خۆچێـی کـراوە دەرکەوتـووە کـە ناوبـراو هەرگیـز سـەر هەڵناگرێـت، بـە شـێوەیەك لەناوبـردراوون و لێـدراون کـە بـە لێـدان و دوورخسـتنەوە بـە هیـچ شـێوەیەك دەرفەتـی سـەرپێچی کردنـی نەمـاوە، هەروەهـا لەگـەڵ چەنـد هاوەڵێکـی سـنووری ویلایەتـی بریـوە و لە هـەکاری چۆتە ناحیەی چـاڵ، ئـەوەی دەزانرێـت لەبـەر بارودۆخـی ناسـکی هـەکاری لـە کاتـی بەدواداچـوون توانیویەتـی خـۆی دەربـاز بکات، لـە کاتـی خۆیـدا ئەگـەر دەسـتگیرکردنی ناوبـراو مەحـاڵ بوویێـت، بـەڵام دوورخسـتنەوە و لەناوبردنـی کۆمەڵەکـەی چەندیـن جـار بـۆ ویلایەتـی وان نووسراوەتـەوە، هەروەهـا لـەو کاتـەی ویلایـەت تووشـی تەنـگ پێهەڵچنیـن بـووە، سـەعدی ئاغـا لـە دۆراوەکان بـووە ماوەیەکـی زۆرە لـە ناحیەی چـاڵ ماوەتـەوە، لەوێ جانـەوەری کۆکردۆتەوە دەسـتی بـە چالاکـی کـردووە، لـە دوا چالاکیـدا دەرفـەت برەخسـێت هەرچـی زووە ئـەو مەسـەلەیە ئەنجامەکـەی دواکەوتووە، کاتێـك لەلایەنـی بـارزان بـووە ئامـاژەی پێکـراوە، ئەگـەر بێتـو دوو پارچـە سـەرباز لـەوێ هەبێـت، ئـەوا خراپـەکار ناتوانێـت بێتـەوە نـاو ویلایـەت، ئەگـەر بگەرێتـەوەش لەبـەر ئـەوەی بەشـێکی گـەورەی موریـدەکان و هاوەڵانـی لەناوچـوون و شکسـتخواردوون، ناتوانـێ سـەرپێچیەکی ئەوەتـۆ بـکات، هێزێکـی تـەواو لە بـارزان ماوەتـەوە، هەروەها لـە رۆیشـتنی بـۆ موسـڵ لـەو رێگایـە چۆنیەتـی راگەیاندنـی دراوە، لـە تەلەگرافنامـەی نەزارەتپەناهـی ٢٤ تشرینـی یەکـەم ١٣٢٥ هەواڵـی ئـەوە  هاتـووە کـە ناوبـراو لـە نزیـك بـارزان بینـراوە، لـە هەمـان کاتـدا بـە پێویسـت زانـراوە کـە لەگـەڵ ویلایـەت گفتوگـۆ بکرێـت، بـەڵام هیـچ ئەنجامێکـی نەبـووە، لەگـەڵ راگەیەندراوەکانـی پێشـوو هاوشـێوە بینـراوە، لـە ٢٦ تشرینـی یەکـەم ١٣٢٥ بـە بڕیـاری ئەنجوومەنـی کارگێـری ویلایـەت ئـەو سـەربازانەی بوونیـان هەیـە لەگـەڵ کۆکردنـەوەی خەڵکـی گشـتی فەرمانـی  قوماندانیـەت بـۆ دەسـتگیرکردنی شـێخ دەرچـووە، بـەم شـێوەیە لـە فەرمانـی بەدواداچـوون لێبـووردن و فەرامـۆش کـردن نیشـان نـەدراوە، ئێسـتا هەواڵـی ئـەو شـوێنە بێـت کـە ناوبراوی لێیـە، هەمـوو شـتێك ئامادەیـە و لـە فەرمانـی بەدواداچـوون ئامـادەکاری راسـتەقینە و کـرداری دراوە، لـەو کاتـەی چاوەرێـی کاتێکـی گونجـاو کـراوە تـا دەسـتگیر بکرێـت، دوا چالاکیەکانـی دەرکـەوت، وەك ئـەوەی لـە سـەرەوە بـاس کـراوە، گرنگـی و هیـچ کاتێـك و بـە هیچ شـێوەیەك لـە بەدواداچوونـی راسـتەقینە و کرداری بۆشـایی دروسـت نەبووە، ئەندامانـی رەدیـف هـەر لـە کۆنـەوە لـە دەرکەوتنـی خاڵـی نەبووینـە لـە ملکەچنەبـوون و ترسـنۆکی کاریگەریـان دەرکەتـووە، کـە لـە هیـچ رووبەرووبوونـەوە و شـەرێکدا ئامادەنەبوونـە و شـوێنی شـەڕ و چەکیـان جـێ هێشـتووە، بـە هەڵاتنیـان گرنگـی دراوەتـە مەسـەلەکە، جگـە لەمـە بـە گوێـرەی لێکۆڵینـەوەی ئـەم دواییـە دەرکەوتـووە لـە خاڵی بـارزان تـۆپ و ئـەرزاق و کەلوپـەل نەکەوتۆتـە دەسـت بارزانیـەکان، هەرچی زووشـە ئـەم مەسـەلەیە ئەنجامێك بداتە بـە دەسـتەوە، فەرمـان، لـە ٢٩ تشرینـی دووەم ١٣٢٥.

فازڵ والی




DH.MUİ..00001.6.00027.004


TELEGRAMME

L'état n'accepte aucune responsabilité à raison du service de la télégraphie

| N° du dépôt | Nombres des mots | Group | Date du dépôt | Heures | Minutes | Matin ou Soir | Voies | Ind. non taxées |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|

OSMANLI ARŞİVİ

DH.MUİ

هەواڵنامەی کتێب

DH.MUİ..00001.7.00007.015

| DH.MUI. | 00001.7.00007 | 10 زیلقەعدە 1327 |
|---|---|---|
| بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>لە ١٤ تشرینی یەکەم ١٣٢٥ سەبارەت بە دادگاییکردنی ئەو چەتانەی بارزانی کە دەستگیرکراون و دەستبەسەرن، لە ڕەوانە کردنیان بۆ دیوانی جەنگی عورفی سلێمانیە، جگە لەمە هێنان و ڕەوانە کردنی شایەدێکی زۆر و هەواڵگرێکی زۆر بۆ سلێمانیە، ئەوا ٥٠ تا ٦٠ کاتژمێر دووری ڕێگایە، بەمەش جۆرەها کێشە دروست دەبێت، بۆیە ئەو دیوانی جەنگی عورفیە ناچار دەبێت بۆ ماوەیەکی زۆر لە ئەرکەکەی بەردەوام بێت، بۆ ئەوەی مامەڵەکە بە خێرایی تەواو بێت و ڕێگە لە کێشەکان بگیرێت، بۆ لێکۆڵینەوە و دادگایی ئەم کارە دیوانی جەنگی عورفی ناوهاتوو لێرە یاخود لە عەقرە یەکەیەك بکاتەوە، بۆ ئەمەش بریاری ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەت دەبێت و داوای هاوکاری دەکەین، لە ١٠ تشرینی دووەم ١٣٢٥.<br>محەمەد فازڵ قوماندانی والی موسڵ | | |


هەواڵنامەی کتێب

| 22 ڕەمەزان 1327 | 00001.00060 | DH.MUI. |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
شیفرەی وەرگیراوی قوماندانیەتی والی موسل و دەورووبەری


هاوپێچی تەلەگرافی مێژووی ١٧ ئەیلوول ١٣٢٥، شێخی بارزان بە بارودۆخێکی پەرێشانیەوە هەڵاتووە، مەفرەزەکان و سیخورەکان چاودێری ناوچەکە دەکەن و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەن، بە گوێرەی ئەو هەواڵە دروستانەی کە وەرگیراوە، ناوبراو جلی خۆی گۆریوە و ریشی تراشیوە و لەگەڵ چوار لە پیاوەکانی جگە لە قادر و خالد کە کوڕەکانی هاوەڵی تاوانەکانی سەرکردەی چەتەکان فەقی عەبدولرەحمانن، بەیەکەوە لە ناو ویلایەتی وان لە ناو کریستیانەکانی تەیاری هۆزی تەحوب لە گوندی زاوینەن، مولازمی ژاندارمە لەگەڵ بەرێوەبەری ریکان سەرۆکی هۆزی تاتار ئۆرامار ئەو لێکۆڵینەوەی کردوویانە دەرکەوتووە لە ناو تەیارەکانن، لەم بارودۆخە لە دەرەوەی ویلایەتەکەمان لەگەڵ سەرۆکی کریستیانەکانی تەیاری بە گفتوگۆ بوێری کردووە داوای لێبووردن و پاراستنی کردووە و بۆ ئەوێ هەڵاتووە، بۆ دەستگیرکردنی چەتەکان جموجۆڵی سەربازی گونجاو نییە، هۆزە ناوهاتووەکان کریستیانن ، هەر شتێکی بچووك لە کۆتاییدا گەورە دەکەن و دەگەیەننە باڵیۆزخانەکان، بۆیە بۆ ئەنجامدانی هەر شتێك راگەیەندراو و هەواڵ دراوەتە ویلایەتی وان هەروەها سەرووش هەرچی زووە کارێك بکەن و بە فەرمان ناردن چارەسەری ئەو بارودۆخە بکەن، شێخی ناوبراویش بگەرێتەوە شوێنی خۆی یاخود وەکو یەکەم جار ئەگەرچی ڕێگە نەدراوە هیچ رێکەوتنێك لەگەڵ هۆزەکانی چواردەوری بکات، بەڵام بۆ رێگری کردن لە هەر ئەگەرێك وەکو راگەیەندراوی پێشوو لە بارزان دوو تۆپ لەگەڵ یەك تابور جێگیر بکرێت، لە شێروانیش یەك مەفرەزە لەگەڵ بەرێوەبەرێکی لێهاتوو نیشتەجێ بکرێت، هەرچی هۆز و ئەوانەی پشتیان پێ بەستراوە خزمەتی باش و دڵسۆزیان بینراوە، رێگە بدرێت هۆزە هاوکارەکان کاروباری هەموو ویلایەت بەرێوەببەن، تا چەند رۆژێکیش ئەو سەربازە عوسمانیانەی کە ماوە بکشێنرێنەوە و بگەرێنەوە ناو مەرکەزی ویلایەت، ٢٤ ئەیلوول ١٣٢٥.

قوماندانی والی موسڵ و دەورووبەری


DH-mui 1-3/60

داخلیه نظارتی

DH.MUİ..00001.3.00060.003


داخلیه نظارتی

OSMANLI ARŞİVİ
DH.MUİ
1-3 | 60 | 3-2

DH.MUİ..00001.3.00060.003


هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| 27 شەعبان 1327 | 00011.1.00047 | DH.MUI.. |


شیفرە لە ویلایەتی وان وەرگیراوە

ئـەو تەلەگرافنامەیـەی لـە مێـژووی ٢٧ ئۆغسـتۆس ١٣٢٥ لـە بـارەی شـێخی بارزانـەوە راگەیەنـدراوە، بەشـێک لـە هۆزەکانـی شـەمدینان و گـەوار بـۆ تەمبـێ کردنیـان و دوور خسـتنەوەیان تاوەکـو ببێتـە وانەیەکیـش بـۆ هەمـوو هۆزەکانـی تـر لـە وەرزی هاتووچـۆ بـۆ لایەنـی شـەمدینان و گـەوار هاتووچـۆ ئەکـەن، بـۆ ئـەم مەبەسـتە هێزێکـی پێویسـت بچێتـە ناوچەکـە، هـەر لـە کۆنـەوە لـە بەرامبـەر کاری بـەد و تاوانەکانیان سـزایان نەبینیـوە، بۆیە لـە خۆبایی بوونـە هەروەهـا واز ناهێنـن کـە لەلایەن دانیشـتوانی کریسـتانیەکان خۆیـان بشـارنەوە، لەلایەن ئەم هۆزانـەوە چەکی بـێ هەژمـار لـە دەسـتیان دا هەبـووە و دەسـتی بەسـەر داگیـراوە، هەروەهـا لـە لایەنـی کارگێـری بەهـۆی ئـەو کارە خراپانـەی لـە پێشـوو کردوویانـە سەرەسـەرەکەی ماوەتـەوە، ئـەو پارەوپولـەی میـری کـە بەردەسـت دەبێـت بەرامبـەر بـە خۆیـان دژی دەوڵـەت بـەکاری دەهێنـن، ئـەو هێـزە سـەربازیەی کـە دەروات، بـە فەرمانـی قوماندانیەتـی دەبێـت، چونکـە بـۆ ئـەم ئەرکـە گرنگـە لێهاتـووە، لێـرە لـە میرەکانـی سـەربازی هیـچ یەکێـك بـە قـەت ئـەو بـاش نییـە، لەوانە کـە لـە بریـکاری فرقـەی قوماندانیەتـی هەیـە، یـاوەر پاشـا لـە مێـژە لـەم دەورووبـەرە لێهاتـووە و چالاکـە، بـە تایبەتی لـە دەورووبـەرە نوێیەکانـدا بـۆ دەسـت بەسـەرداگرتن زیـاد لـە پێویسـت لێهاتـووی خـۆی نیشـان داوە، سـەرکەوتنی گـەورەی بەدەسـت هێنـاوە، پاشـای ناوبـراو بـە دامەزرانـدن و ناردنـی بـۆ ئـەم ئەرکـە سـوودی هەبـووە، بـەڵام لـە قۆمیسـیۆنی تایبـەت پلەکـەی بـۆ قائیمقام نـزم کراوەتـەوە، لە موشیـرەت راگەیەنـدراوە، کـە داوای کردووە خانەنشـین بکرێـت هەروەهـا لـە دەرسـەعادەتیش داوای رەزامەنـدی کـردووە، مـاوەی ٣٥ سـاڵ سـەرباز بـووە، لـە لەشـکری چـوارەم و شەشـەم زۆر جـار لـە کاتـی چاودێـری کردنـی چەتـەکان و چالاکیەکانـی برینـدار بـووە، لـە هـەر ئەرکێکـدا کـە ئەنجامـی داوە سـوودی هەبـووە، ئـەو ماوەیـەی لـە وەکالەتـی ویلایەتـی وان بـووە بـە تایبەتـی لـە رووداوی ٣١ مـارت ١٣٢٥ شـایەتی رێزلێنـان بـووە، بـەم شـێوەیە لـە خزمەتکـردن و دڵسـۆزیەکەی زۆر دیـار بـووە، بـەم کارە هەڵەیـە زوڵمـی لـێ دەکرێـت، ئەگـەر نزمکردنـەوەی پلەکـەی پەیوەسـتە بـە کەمتەرخەمـی و مامەڵەیەکـی هەڵـەوە ئـەوا رێگـە نەدرێـت زوڵمـی لـێ بکرێـت، ئـەو مامەڵەیـەی لەگـەڵ بکرێـت کـە شـایەنیەتی، هەرچـی زووە لێـرە وەکو قوماندانیەتـی فرقـە وەکـو قوماندانێکـی چـالاك و لێهاتـوو دابمەزرێـت و بنێردرێتە شـوێنەکە، لە ٣١ ئۆغسـتۆس ١٣٢٥.

والی وان بەکر سامی





DH.MUİ..00011.1.00047.001




DH.MUİ..00011.1.00047.001

هەواڵنامەی کتێب




هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| MV. | 00134.00072 | 22 زیلقەعدە 1327 |

٢٢ زیلقەعدە ١٣٢٧
٢٢ تشرینی دووەم ١٣٢٥
پوختەی دارایی
لەسەر پەلامار و سەرپێچیەکانی شێخی بارزان عەبدولسەلام هەندێك نووسراوی تێروتەسەلی نەزارەتەکانی جەنگی و ناوەخۆ خوێندراوەتەوە.

بریار
بە گوێرەی ئەو روونکردنەوانەی لێی تێگەیشتووین، چالاکی لە پڕ و توندڕەو ئەنجام دەدات و پەلاماری چاودێری سەربازی داوە و بۆ ناو ویلایەتی وان هەڵاتووە، ئیتر بۆ چاودێری کردنی لە پێش چاوان وون بووە، لەلایەن پاشای والی موسڵ و قوماندان راگەیەندراو هاتووە، پێویست دەکات شێخی ناوبراو دەستگیر بکرێت، دەبێ لەگەڵ لایەنی سەربازی لە ویلایەتەکان بە یەکگرتووی جوڵە بکەن، بۆیە فەرمانی توند دراوەتە جەنگی و ویلایەتەکانی وان و موسڵ و ویلایەتەکانی دەوروبەر، هەروەها بۆ تەمبێ کردنی ناوبراو بەپەلە دەستبەسەرکردن بکرێت، لە مێژووی ١٩ تشرینی یەکەم ١٣٢٥ ئاگاداری دەرچووە، لە نەزارەتی ناوەخۆش ئامۆژگاری کاریگەر دراوەتە ویلایەتەکانی موسڵ و وان و بەتلیس و دیاربەکر، جگە لەمەش نەزارەتی جەنگی ئاگاداری پێویستی داوەتە ئەو شوێنانەی کە کار لەسەر ئەو بابەتە دەکەن، شێخی ناوبراو ئەو توندرەوانەی لە چواردەوری خۆی کۆکردۆتەوە و چۆتە بارزان و لەوێ پەلاماری هێزی سەربازی داوە، بوێری کردووە دوو پارچە تۆپ و برێکی زۆر چەك و کەلوپەلی جەنگی تاڵان بکات، ئەو ئاگادارییانەی لە حکوومەتی مەرکەزیەوە هاتووە، کەچی فەرمانبەرانی دەوڵەت و فەرمانبەرانی سەربازی ئەو ئاگادار کردنەوانەیان بە هەند وەرنەگرتووە، بە داخەوە لەناو بێ ئاگاییەك و لێبووردەیەك بوونە کاتەکە تێپەڕیوە، هیچ چاودێری و لێکۆڵینەوەیەکیان نەکردووە، ئەگەر بێتو لێرە لە بێ ئاگای و بێهۆشی دابێت، ئەوا زۆر بە ئاسانی بارودۆخ و مامەڵەکان بە هەموو شێوەیەك دەگۆڕێت، بۆیە لە نەزارەتەکانی جەنگی و ناوەخۆ فەرمان دراوە ئەوانەی تەمبەڵیان کردووە لە چاودێری کردنی چەتەی ناوبراو ئەوا لە هەر پلەوپایەیەك بن یەکسەر لە کارەکەیان دووربخرێنەوە لەگەڵ ئەوەش دادگایی بکرێن، تەلەگرافنامەکان لە هەر مێژوویەك بن، لە نەزارەتی ناوەخۆی ویلایەتەکانی ناوهاتوو و نەزارەتی جەنگی بەپەلە کارەکە جێبەجێ بکرێت و بۆ مامەڵەی جێبەجێ کردنەکەش نووسراو بۆ نەزارتەکانی ناوهاتوو نێردراوە.




DH.MKT.02907.00044.001


| | | |
|---|---|---|
| DH.MKT. | 02907.00044 | 16 رەجەب 1327 |

بۆ سەرۆکایەتی جەلیلەی ئەنجوومەنی نێردراوان

لـە مەرکـەزی ویلایەتـی موسـڵ، ناحیـەی زێبـار سـەر بـە قـەزای عەقـرە شـێخی بـارزان عەبدولسـەلام نیشـتەجێیە و دانیشـتوانی هەژاریـان تووشـی پەرشـوبڵاوی و زوڵـم کـردووە، بەهـۆی کاریگـەری لێبووردنیـان بازنـەی دەسـەڵاتی فـراوان کـردووە و لەخۆبایـی بـووە، ئـەو چەتانـەی کـە کـۆی کردونەتـەوە دەورووبەرەکـەی شـارۆچکەکەمان کـە مەرکـەزی قەزایـە داگیـری کـردووە و دانیشـتوانەکەی بـە رق و کینـەوە خسـتویەتیە ژێـر دەسـەڵاتی خـۆی، بـە مەبەسـتی خزمەتکردنـی هیواکانـی خـۆی لـە مەشروتیـەت بـێ بـەری کـردووە و گوندەکانـی ئابڵوقـەداوە، تاوانـی تـاڵان و سـوتان و کوشـتن و تێکـدان و دەسـتدرێژی نامـوس ئەنجـام دەدات، شـێخی ناوبـراو بەهـۆی ئـەو زوڵـم و سـەرپێچی و دەسـتدرێژیانەی کـە ئەنجامـی دەدات، قەزاکەمـان کـە لـە ٢٠٠٠٠ کـەس پێـك دێـت دەیەوێـت داگیری بـکات، شـارۆچکەکەمان و گوندەکانـی دەوروبـەری بـەردەوام لـە ژێـر مەترسـی چەتەکانـە، حکوومەتـی خۆچێـی دوای چەندیـن راگەیەنـدراو بـە گوێـرەی هێـزی خـۆی لـەم رۆژانـە بـە هانامانـەوە هاتـووە و هێـزی مەفرەزەیەکـی سـەربازی نـاردووە، بـەڵام بـۆ تەمبـێ کردنـی شـێخی ناوبـراو سـەرکەوتوو نەبوونـە و دەسـەڵاتیان پـێ نەشـکاوە، دانیشـتوانەکەی بـە ناچـاری لـە کاروکاسـبی خۆیـان و لـە نووسـتن بـێ بـەش بوونـە، چـەك لـە دەسـتیان پارێـزگاری لـە سەروسـامانیان دەکـەن، لـە بەرامبـەر هێرشـەکاندا بـەردەوام لـە ئامادەباشـیدان، ١٠٠٠ لیـرە پارەوپـول و ١٠٠٠٠٠ بـاغ و باخچەکانیـان بۆتـە خـۆراکـی چەتـەکان، ئـەو هەمـوو زانیارانـە بـە تۆمـاری لێکۆڵینـەوە ناتوانرێـت بنێردرێـت چونکـە هێڵـی تەلەگرافمـان نییـە و رێگامـان گیـراوە، بۆیـە ناتوانیـن رووداوی رۆژانەمـان رابگەیەنین، لە ناخۆشـترین رۆژەکانمانـە داوا دەکەیـن ئـەم جـۆرە زوڵمانـە لـە دوای چـوار پێنـج رۆژی تـر نەمێنێـت، داواکاری رزگارکردنـی گیانمـان نـاردووە، تـا ناچـار دەبیـن کـە ملکەچـی شـێخی ناوبـراو بیـن ئـەوا بەزەییتـان بـە حاڵمانـدا بێتـەوە، فەرمان.


لـە دانیشـتوانی شـارۆچکە: ..... عەبدولەعەزیـز، ..... عەبدولـرەزاق، ..... محەمـەد عەلـی، ........ حەسـەن، ..... سـامی، ........ عەبدولقـادر، جبرائیـل، سـەرۆکی کرسـتیان، کرسـتیان کلدانـی، ..... عومـەر، ..... عەبدولرەحـمان، حەسـەن سـەرۆك، بـە نـاوی میللەتـی یەهـودی ئیلیـاد بـود، بـە نـاوی میللەتـی یەهـودی شـەمعون ساسـون

کتێبی هەواڵنامە


TELEGRAMME

L'état n'accepte aucune responsabilité à raison du service de la télégraphie

DH.MKT.02907.00044.001


TELEGRAMME

L'état n'accepte aucune responsabilité à raison du service de la télégraphie


OSMANLI ARŞİVİ

DH.MKT

2907 44 1-3

DH.MKT.02907.00044.001

هەواڵنامەی کتێب



BEO.003633.272417.002

هەواڵنامەی کتێب


| BEO. | 003633.272417 | 16 شەعبان 1327 |
| --- | --- | --- |

فەرمانگەی گشتی ئەرکانی جەنگی
یەکەی سێیەم
٢١٠٠

پوختە: بۆ تەمبێ کردنی چەتەکانی بارزان هێزی پێویست نێردراوە، چەتەی ناوبراویش مەبەستی مەشروتیەتە، وێنەی تەلەگراف پێشکەش کراوە.

راگەیەندراوی بەندەیە

بـۆ تەمبـێ کردنـی چەتەکانـی بـارزان ئـەو هێـزە سـەربازیەی کـە رەوان کـراوە، لەبـەر زۆری چەتـەکان سـەرکەوتوو نەبوونـە، بۆیـە داوای هـاوکاری لـەو هێـزە کـراوە کە بـۆ چاودێری کردنـی هەمەوەنـدەکان ئەرکیان پێ سـپێردراوە، بۆ جێبەجـێ کردنـی ئـەم ئەرکـەش راسـتەوخۆ کارەکە دراوەتە والی موسـڵ، بـۆ ئەو ناوچەیـە جولەی کـردووە، هەروەها ئەوانـەی لەگـەڵ چەتەکانـی بـارزان دەسـتیان تێکـەڵ کـردووە، بە بیرۆکـە و مەرجیـان رازین، لەسـەر گرنگی هەندێك ووتـە لـە وەکالەتی قوماندانی لەشـکری شەشـەمی هومایۆن شـیفرەی بـە تەلەگرافنامە هاوپێچ وێنەیەکی پێشـکەش کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٦ شەعبان ١٣٢٧ و لە ١٩ ئۆغستۆس ١٣٢٥.
نازری جەنگی





هەواڵنامەی کتێب

273202.001

| 15 رەمەزان 1327 | 003643.273202 | BEO. |
|---|---|---|


بۆ نەزارەتی دارایی
١٥ رەمەزان ١٣٢٧
١٧ ئەیلول ١٣٢٥
بـۆ چاودێـری کـردن و دوورخسـتنەوەی گەندەڵکارانی عەقرە لەگـەڵ چەتەکانی هەمەوەند و بارزانی، لە شـوێن خۆی یارمەتـی هـۆزەکان رێکخـراوە، بـۆ هـاوکاری و خەرجـی سـەربازی و جێگیرکردنـی ناوچەکە بـە پەلە ٥٠٠٠ لیـرە رەوان بکرێـت، بـۆ ئـەوەی رۆژانـە بدرێتە هۆزەکان، ئـەم پارەیە بۆ کامە فەرمانگـە دەنێردرێت بە ئاگاداری ویلایەتی موسـڵ بـری پـارەی دیـاری کـراو لـە نەزارەتی ناوەخۆ بە مێـژووی ١٥ ئەیلـوول ١٣٢٥ ژمـارە ٢٦٤٤ نووسراو نێردراوەتە سـەروو.




هەواڵنامەی کتێب

| 10 شەوال 1327 | 003653.273924 | BEO. |
|---|---|---|

١٠ شەوال ١٣٢٧
١٢ تشرینی یەکەم ١٣٢٥
بۆ نەزارەتی دەرەوەی جەلیلە
باڵیـۆزی دەوڵەتـی ئینگلتـەرا لـە موسـڵ لـە نـاو ویلایـەت لـە زۆر ناوچـە سـوراوەتەوە، دواتـر چۆتـە عەقـرە تـا چاودێـری ئـەو ڕێگایـە بـکات کـە بـە مەبەسـتی دوورخسـتنەوەی یاخیبـووە بارزانیـەکان هێـزی سـەربازی پێدارۆیشـتووە، هەروەهـا لـە نـاو هەمەوەندەکانیـش سـوراوەتەوە، ئـارەزووی هەبـووە چـاوی بـە شـێخی بارزانیـش بکەوێـت، لـەو کاغەزانـەی کـە دەسـتکەوتوون تێـدا دەرکەوتـووە کـە لەگـەڵ ناوبـراو گفتوگـۆی کـردووە، لـە وەکالەتـی قوماندانیەتـی لەشـکری شەشـەم تەلەگرافنامـە دەرچـووە، وێنەیەکـی هاوپێـچ لەگـەڵ ئـەو نـووسراوەی لـە نەزارەتـی جەنگـی وەکالەتـی عالـی لـە ٦ تشرینـی یەکـەم ١٣٢٥ ژمـارە ٣٦٨٨ وەرگیـراوە، بەیەکـەوە بـۆ دەوڵـەت نێـردراوە، لـەو کاتـەی کـە بەدواداچـوون ئەنجـام دراوە باڵیـۆزی ناوبـراو لـەو شـوێنە مەترسـیدارانە سـوراوەتەوە، بـە تایبەتـی لەگـەڵ چەتەیـەك گفتوگـۆی کـردووە، ئەمـەش جێـگای قەبـوڵ نییـە، هیممـەت بکرێـت کـە بـە باڵیۆزخانـەی ئینگلیـز ڕابگەیەندرێـت و ئەنجامەکـەی ڕابگەیەندرێـت دواتـر هاوپێچـەکان بگەڕێندرێتـەوە.





هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 003656.274133 | 16 شەوال 1327 |
|---|---|---|


- نووسراو بۆ نەزارەتی سەروو
١٦ شەوال ١٣٢٧
١٨ تشرینی یەکەم ١٣٢٥
١٩ ئەیلـوول ١٣٢٥ بـەم مێـژووە نـووسراو نووسراوەتـەوە، بـۆ سـزادانی ئـەو بارزانیانـەی کـە یاخـی بوونـە، سـەبارەت بـە خـەرج کردنـی پێداویسـتی گرنگ لەگـەڵ دابینکردنی پێداویسـتی بۆ سـەربازی شـاهانە و هۆزەکانـی یارمەتیدەر، رێکخسـتنی داهاتـی ناوەخـۆی پێویسـتە، لـەم سـاڵەدا ئـەو خەرجیانـەی کـە لـە دەرەوەی بودجـەن، بـۆ ئـەوەی هەژمـار بکرێـن، یـەك بریـار یاخـود خەرجـی نێـردراو لـە بودجـەی جەنگـی و دارایـی بنووسرێتـەوە و رێـك بخرێت، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش نـووسراوی نەزارەتـی ناوەخـۆ لـە مێـژووی ١٥ تشرینـی یەکـەم ١٣٢٥ ژمـارە ٢٨٥٩ نێردراوەتـە سـەروو بـە تێروانیـن لـە ئاگاداری پێشـوو بەپەلـە جێبەجـێ بکرێـت.

- ئـەوەی بـاس کـراوە لـە مێـژووی ١٩ ئەیلـوول ١٣٢٥ نـووسراوی نەزارەتـی دارایی هاوپێـچ لەگەڵ نووسراوی سـەدری ئەعـزەم نووسراوەتـەوە، هەروەهـا وەڵامەکە نەهاتووە.

- ئـەو سـەربازە یەدەگانـەی کـە بـۆ چاودێـری کردنـی چەتـەکان بەکاردەهێنرێـن، ئـەو مەفرەزەیـە رۆژانـە خەرجـی پێویسـتە، لـە موازەنـەی ناوەخـۆ تۆمـار کـراوە، ١٤٦ هـەزار باقـی قـوروش لـە سـاڵی داهاتـوو بـۆ نەزارەتـی جەنگـی دابینکـراوە و دەگوازرێتـەوە، بـەڵام لـە نەزارەتـی دارایـی نـوسراوی ١٢٦٤ هاتـووە، وەڵامـی نەزارەتـی ناوەخـۆ و جەنگـی بـە راگەیەنـدراوی ئـاگادار کردنـەوە بـە مێـژووی ١٥ تشرینـی یەکـەم ١٣٢٥ دراوەتـە قەڵـەم.





BEO.003656.274133.002




BEO.003656.274133.003

هەواڵنامەی کتێب



656.274192.001

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 003656.274192 | 17 شەوال 1327 |
|---|---|---|

- ١٧ شەوال ١٣٢٧

١٩ تشرینی یەکەم ١٣٢٥

بۆ وەکالەتی عالی نەزارەتی جەنگی

بـۆ تەمبـێ کردنـی شـێخی بـارزان ئـەو چالاکیـە سـەربازیەی جێبەجـێ کـراوە، وێنـەی دوو پارچـە تەلەگرافنامـە لـە قوماندانیەتـی موسـڵ و دەوروبـەری دەرچـووە، بـە ناردنـی وێنەیەکـی ئـەو تەلەگرافنامانـە نـووسراوی مێـژووی ١٣ تشرینـی یەکـەم ١٣٢٥ ژمـارە ٣٨٠٧ خوێندنـەوەی بـۆ کـرا و لـە پوختەکـەی هاتـووە لـە فەرمانـی بەدواداچـوون و دەسـتگیرکردنی ئامـادەکاری بکرێـت، لـە خوێندنـەوەی والآ بـە ئـەرك زانـراوە، هەروەهـا لـە ویلایەتەکانـی وان و موسـڵ و ویلاتەکانـی دەوروبـەر ئـاگاداری توند رۆیشـتووە، بـۆ نەزارەتـی ناوەخـۆی عالـی نـووسراوە کـە پێویسـتە جێبەجـێ بکرێـت، لـە لایەنـی سەربازیشـەوە لەگـەڵ ویلاتـەکان بـە یەکگرتـووی جولـە بکرێـت، هەروەهـا لەبـەر ئـەم کارەش ئـەو کەسـانەی کـە دەسـتگیر کـراون، بـۆ دیوانـی جەنگـی بنێردرێـن، هیممـەت بکرێـت بـۆ جێبەجـێ کردنـی کارەکان.

- نەزارەتی ناوەخۆ


بـۆ تەمبـێ کردنی شـێخی بـارزان جموجۆڵـی سـەربازی تەلەگرافنامەی موسـڵ و قۆماندانیەتـی دەوروبەر نێـردراوە، ئـەوەی لـە نەزارەتـی جەنگـی بـە وەکالـەت نـووسراو وەرگیـراوە بـە مێـژووی ١٣ تشرینـی یەکـەم ١٣٢٥ ژمـارە ٣٨٠٧ هاوپێـچ بـۆ والآ نێـردراوە، هەروەهـا ناوبـراو فەرمانـی چاودێـری کردنـی و دەسـتگیرکردنی لـە نـووسراوی ناوبـراو ئاماژەی پێکـراوە کـە ئامادەکاری کـراوە، لـەم بارەیـەوە پێویسـتە لایەنـی سـەربازی لەگـەڵ ویلایەتـەکان بـە یەکگرتوویـی جولـە بکـەن، بـۆ ئـەم مەبەسـتە بـۆ وەڵامدانـەوە نـووسراو کـراوە، نەزارەتـی سـەروو لەگـەڵ ویلایەتـی موسـڵ و وان لەگـەڵ ویلایەتەکانـی دەوروبـەر ئاگادارکردنـەوەی تونـد نێـردراوە، بـۆ دەسـتگیرکردنی ناوبـراو و فەرمانـی تەمبـێ کردنـی، خێـرا ئەنجامـی جێبەجـێ کردنەکـەی روون بکرێتـەوە.

| 13 شەوال 1327 | 003663.274684 | BEO. |
|---|---|---|

- بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
فەرمانگەی گشتی هەواڵ
یەكەی دووەم
٢٦٤٤
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
لە گەندەڵەكانی عەقرە، چەتەكانی هەمەوەند و بارزان بۆ چاودێری كردنیان و دوورخستنەوەیان، ئەو هۆزانەی لە ناوچەكانی خۆیان ئامادە كراون بۆ ئەوەی یارمەتی ئێمە بدەن، بۆ خەرجی ئەوانە و سەربازەكان پێویستە بە پەلە ٥٠٠٠ لیرە بنێردرێت، هەروەها پێویستە رۆژانە خەرجی بدرێتە ئەو هۆزانەی كە هاوكاریمان دەكەن. ئەو پارەیە بۆ كامە بانق دەچێت، لە ویلایەتی موسڵ تەلەگرافنامە نێردراوە، چۆنیەتیشی لە نەزارەتی دارایی نووسراوەتەوە، لە وەڵامدا بە پێی ئەو نووسراوەیەی وەرگیراوە، ئەو خەرجی رۆژانە و زەخیرانەی كە دەدرێتە هۆزەكان لە دابینكردنی ناوەخۆ جێبەجێ دەكرێت، لە كۆتاییدا لە ویلایەتی ناوبراو تەلەگرافنامەیەك هاتووە، ئەگەرچی بۆ سەربازەكان ٨٠٠٠ لیرە لە بانق خەوێنراوە، خەرجی سەروو كە باس كراوە، پێویست ناكات لە بودجەی نەزارەت بدرێت، ئەگەر پێویست بكات بری پارەی دیاری كراو ئەگەر پێویست بكات خەرجیەكە لە ئاقچەی دابینكراوی ناوەخۆ رێك بخرێت، لەم ساڵەوە لە بودجەی دەرەكی ئەو جۆرە خەرجیانە بڕیاری لە سەر بدرێت، یاخود خەرجی ناوبراو كە لە سەروو هاتووە لە سەر بودجەی نەزارەتی جەنگی و دارایی خەرجیەكان دابین بكرێت و هەژمار بكرێت، بە ووتەی ژمێریاری نیشان دراوە و مۆڵەت دراوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو كەسەیە كە فەرمان دەردەكات، ١٣ رەمەزان ١٣٢٧ و ١٥ ئەیلوول ١٣٢٥.
تەڵعەت نازری ناوەخۆ


- بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
فەرمانگەی هەواڵگری گشتی
یەكەی دووەم
٢٨٥٩
پوختە: بۆ تەمبێ كردنی یاخیبووەكانی بارزان ئەو رۆژانەیەی كە دەدرێتە سەربازە هاوكارەكان دیاریكراوە لە كامە دەرماڵە رێك دەخرێت.
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
راگەیەندراوی بەندەیە
هاوپێچی نووسراوی مێژووی ١٥ ئەیلوول ١٣٢٥، بۆ تەمبێ كردن و دوورخستنەوەی چەتەكانی هەمەوەند، ئەو هۆزە هاوكارانەی كە لەگەڵ سەربازی شاهانە بەیەكەوە كار دەكەن، بۆ خەرجی ئەركەكەیان تا لە ئەنجوومەنی تایبەتی بریكارەكان بریارێك دەدرێت، ئامادەكاریەكانی رێكخستنی سەربازی بە ئاماژەی نەزارەتی جەنگی، قوماندانیەتی لەشكری شەشەم ئاگادار كراوەتەوە، بەم شێوەیە مامەڵەكە ئەنجام دەدرێت، هەروەها بۆ دوورخستنەوەی یاخیبووەكانی بارزان ئەو هۆزە هاوكارانەی كە بەكاردەهێنرێن، خەرجی یەك مانگیان لە ٨٧١٨٥ قوروش پێك دێت، بە راگەیاندنیشی دابینكردنی بری دیاریكراو پێویست دەكات لە هەژماری ناوەخۆ رێك بخرێت، ئەگەر چی نووسراو بۆ نەزارەتی جەنگی كراوە، لەگەڵ نووسراوی باسكراودا راگەیەندراوە و ئاماژەی پێكراوە، بەڵام خەرجی باسكراو لە بودجەی نەزارەت دابین ناكرێت بەڵكو لە دەرماڵەی ناوەخۆ دابین دەكرێت، بۆیە لەم ساڵەوە لە دەرەوەی بودجە ئەم جۆرە خەرجیە بە شێوەی هەژماركراودا بریاری لەسەر دەدرێت یاخود لە بودجەی نەزارەتەكانی جەنگی و دارایی خەرجی نووسراو رێك دەخرێت و دابین دەكرێت، رای سەدارەتپەناهیە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو كەسەیە كە فەرمان دەردەكات، لە ١٣ شەوال ١٣٢٧ و لە ١٥ تشرینی یەكەم ١٣٢٥.
راوێژكار بە ناوی نازری ناوەخۆ

هەواڵنامەی كتێب




BEO.003663.274684.002


هەواڵنامەی کتێب




BEO.003663.274684.003

| BEO. | 003672.275394 | 22 رەمەزان 1327 |
| --- | --- | --- |

فەرمانگەی گشتی ئەرکانی جەنگی
هۆبەی سێیەم
لە لەشکری شەشەم وەکیلی قوماندان لە بەغداد بە مێژووی ٢٤ ئەیلوول ١٣٢٥ شیفرەی تەلەگرافنامە نێردراوە
باڵیۆزی دەوڵەتی ئینگلتەرا لە موسڵ لە مانگی تەممووز هاتۆتە بەغداد چەند رۆژێك لەوێ ماوەتەوە، دواتر ویستویەتی بە رێگەی سەلاحییە بچێتەوە موسڵ، لە رێگای سەلاحییە بە رێگەی بازیان چۆتە سلێمانییە، ئەو هەواڵە دراوەتە قوماندانی تابوری سەلاحییە، نووسراو و نووسینی جموجۆڵی ناوبراوم لە لەشکری قۆماندان بینی و ئاگادارکراوەتەوە، هەروەها ئەو رێگایانە لە رووی ئاسایشەوە باش نییە، ئەمرۆ چاودێری کردنی رێگاکە باش نییە، بە وەڵام ئاگادار کراوەتەوە، دوای ئەوەی چۆتە کەرکووك چەند رۆژێك لەوێ ماوەتەوە، لە رێگەی چەمچەماڵ چۆتە سلێمانییە، لەوێشەوە چۆتە بانە و سەردەشت، هەواڵی نافەرمیمان پێ گەیشتووە، لەوێشەوە دوای سورانەوە چۆتە لای بارزانیە یاخی بووەکان و دواتریش چۆتە عەقرە، هەروەها هەر چەندە لەسەر هەر هۆکارێك بێت نەچۆتە بارزان گەراوەتەوە، لە کاتی گەرانەوە هیچ زانیارییەکی دەست نەکەوتووە. لە عەمادییە جێگیر بووە، بۆ لای تەیارە رۆیشتووە، بەڵام لە هەموو لایەك جێگەی سەرسورمانە کە زانیاریان نەداوە، ئەم زانیاریانە بۆ ویلایەت نێردراوە، لەم ماوەیەدا باڵیۆزی ناوبراو چۆتە ناو هەمەوەندە یاخی بووەکان و سوراوەتەوە، بەم مەبەستەش هاتووە تا لەگەڵ شێخی بارزان قسە بکات، بە پشت بەستن بە هاتنی باڵیۆز، شێخی بارزان عەبدولسەلام نامەی نووسیوە و نامەکان دەستیان بەسەرداگیراوە، هەروەك دەرکەوتووە بەهۆی ئەو سەربازانەی نێردراوەتە سەریان، شێخی ناوبراو ناچار بووە بەرگری لە خۆی بکات. لەبەر ئەوەش بووە داوای هاوکاری کردووە، لە مێژووی ١١ ئۆغستۆس ١٣٢٥ نووسراو نوسراوەتەوە مۆری لێدراوە لە کاتی ناردنیشی هەڵاتووە، لە کاتی هەڵاتنەکەشی ئەو کاغەزانەی بەجێ هێشتووە و دەستی بەسەر داگیراوە. هەر لە کۆنەوە ئەوانە پەیوەندییان بە یەکترییەوە هەیە و ئەمەش لە ووتەی یاخی بووە دەستگیرکراوەکان روون بۆتەوە، بۆ ئەم مەبەستە ئەگەر ئەو جۆرە باڵیۆزانە رێگەیان پێ بدەی و بەجێیان بهێڵی ئازاد بن، ئەو کاتە جێگیرکردنی ئاسایشی ئەو ناوچانە ئەستەم دەبێت، هەردەم بە کەموکوری دەمێنێتەوە و لە رووی سیاسییەوەش زۆر کێشە دروست دەبێت، بۆیە پێویستە بە پێی فەرمان بە پەلە ئامادەکاری بکرێت. تەلەگرافنامەی والی موسڵ و قوماندانی فەیسەڵ پاشا نێردراوە، بۆ ئەوەی جموجۆڵی باڵیۆز چاودێری بکرێت و سیخوری لەسەر بکرێت، هەروەها بە پێی ئەو زانیاریانەی کە بەردەستە، بۆ دەستگیرکردنی شێخی ناوبراو دەست بە چاودێری کردنی بکرێت، لە هەر بارێکدا دەستگیرکردن و گەرانەوەی سەقامگیری ناوچەکە و جێگیر کردنی ئاسایش پێویستە و لە هەمان کاتدا بۆ هەر شوێنێك برۆن پێویستە چاودێری بکرێن و ئاگادار بکرێنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش ئاگادارکراونەتەوە، جگە لەمە هەر لە کۆنەوە تەنانەت چەند رۆژ پێش ئێستا بە پێی هەواڵ دوو ئینگلیز چوونەتە ویلایەتی سوریا و بە جلی هۆزەکان چوونەتە شارۆچکەی جوفی، هەرچەند لە بارەی ئەوانە لێکۆڵینەوە دەستی پێکردووە، بۆ نەهێشتن و قەدەغەکردنی ئەو جۆرە سورانەوانە پێویستە بە پەلە ئامادەکاری بکرێت، ئەوەیان گرنگ و پێویستە. بۆ لێکۆڵینەوە لەم دوو ئینگلیزەش لە ویلایەتی سوریا پێویست بە یارمەتی دەکات و داواکراوە.





BEO.003672.275394.004

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 003673.275448 | 22 زیلقەعدە 1327 |
|---|---|---|


- بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
فەرمانگەی گشتی هەواڵ
هۆبەی دووەم
٣٢٤٤
بۆ سەدارەتپەناهی
شـێخی بـارزان عەبدولسـەلام تاقمێـك شـەرکەری لـە خـۆی کۆکردۆتـەوە، لـە کۆتاییـدا رۆڵکـەری بـارزان دوای رووبەڕووبوونـەوە دەسـتی بەسـەر چـەك و کەلوپەلـی سـەربازی لەگـەڵ دوو تـۆپ داگرتـووە، شـێخی ناوبـراو دووبارە هاتۆتـەوە مەیدان لایەنگـری بـۆ خـۆی پەیـدا کـردووە، لـە نـاو هـەکاری لەگـەڵ هـۆزی تەیـاری (طیـاری) یارمەتـی وەرگرتـووە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە ویلایەتـی وان پێویسـتە ئامـادەکاری بکرێـت، هەروەهـا لـەوێ هێڵـی تەلەگـراف بوونـی نییـە، لـەم حاڵەتانـە پێویسـتە بـە کات و مـاوەی خـۆی هـەواڵ وەربگیرێـت، بۆیـە لـە ناوەنـدی ویلایـەت بەپەلـە تەلەگـراف بـۆ عەقـرە نێـردراوە، موسـڵ ئـاگادار کراوەتـەوە، هەروەهـا بـۆ تەمبـێ کردنـی شـێخی ناوبـراو و یارمەتیدەرەکانـی هێـزی سـەربازی رەوانـە کـراوە، سـەید تەهـا ئەفەنـدی خەڵکـی شـەمدینان جولـەی بـە هۆزەکـە کـردووە، ویلایەتـی ناوبراویـش ئـاگادار کراوەتـەوە، لـە رۆژانـی رابـردووش بـۆ دوور خسـتنەوەی ناوبـراو یارمەتـی لـە چەنـد هۆزێـك وەرگیـراوە، چەنـد سـەد کەسـێك رۆیشـتوون، بـەڵام لەوانـە سـوود وەرنەگیـراوە، تەنانـەت وا بـاس کـراوە، ئەوانـە گوندەکانیـان وێـران کـردووە، بـەم شـێوەیە سـوود لـە هـۆزەکان وەرناگیرێـت، بـە پێچەوانـەوە زیانـی تریـان دەبێـت و قەرەبـوو ناکرێتـەوە، لـە بـارەی ئاگادارکردنـەوەی ویلایەتـی وان و چاودێـری کردنـی هـۆزەکان مۆڵـەت لـە نـەزارەت وەرگیـراوە، هـەردوو لا قسـەیان لەگـەڵ یەکـتر کـردووە تـا ئامـادەکاری بـە پەلـە ئەنجـام بدرێـت و شـێخی ناوبـراو بـە هـەر شـێوەیەك بێـت دەسـتگیر بکرێـت، ئـەو کەلوپەلانـەی بـردراوە بگەڕێندرێتـەوە، لـە بـارەی هێڵـی تەلەگرافیـش لـە نەزارەتـی دارایـی بـاس کـراوە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ٢٢ زیلقەعـدە ١٣٢٧ و ٢٢ تشرینـی دووەم ١٣٢٥.
راوێژکار بەناوی نازری ناوەخۆ

- فەرمانگەی گشتی ئەرکانی جەنگی
یەکەی سێیەم
بۆ نەزارەتی جەنگی لە لەشکری چوارەم شیفرەی تەلەگرافنامە نووسراوەتەوە
ئەرکانی جەنگی
شـێخی بـارزان عەبدولسـەلام لـە ویلایەتـی وان بـۆ نـاو نەسـتوریەکان هەڵاتـووە، لـە کۆتاییـدا خەڵکـی لـە خـۆی کۆکردۆتـەوە، هۆزەکانـی شـێروان و مزوریـش چوونەتـە پاڵیـەوە، بە هەموویـان هاتوونەتە چـواردەوری بـارزان، لەوێ دوو تابـوری رەدیـف بـە تەواوەتـی پەرێشـان بوونـە و بە چەکەکانیـەوە لەگەڵ دوو تۆپ کەوتوونەتە دەسـت شـێخی ناوبـراو، هەروەهـا زۆر ئەفسـەر شـەهید کـراون، لەلایەن محەمەد پاشـا والی موسـڵ و قوماندانەوە لەشـکری چوارەم ئـاگادار کراوەتـەوە، سـەرەتا بـەرەی دواوەی چەتـەکان بگیرێـت و بە پەلـەش دوو تابـور بنێردرێت، لێرە لـەو وەڵامەی کـە نووسراوەتـەوە، ئەگـەر پێویسـت بـکات ئـەو هێـزەی لـە ویلایەتـی موسـڵ هەیـە، سـوود لـە تابورەکانـی رەدیفی دەوروبـەر وەربگیرێـت و کەلوپەلـەکان بگەڕێندرێتـەوە، بـە هـۆی گرنگـی بابەتەکەوە ناوبـراو ناچار کـراوە رابکات، لـە مـاوەی یـەك دوو مانـگ هێزێکـی گرنگ کۆبکرێتـەوە، ئەمجارە لە بـارەی دوورخسـتنەوە و سـزاکەی توندتر بێت، لەشـکری چـوارەم بـۆ ناوچەکـە و بنێردرێتـە بـارزان، تـا دەشـکرێت زیندانـی بکرێـت، لـە ١٩ تشرینـی دووەم ١٣٢٥.




BEO.003673.275448.005

هەواڵنامەی کتێب



BEO.003673.275448.008




BEO.003675.275614.002

هەواڵنامەی کتێب

| 19 زیلقەعدە 1327 | 003675.275614 | BEO. |
|---|---|---|


بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
فەرمانگەی گشتی هەواڵگری
یەکەی دووەم
٣٢٢٠
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
راگەیەندراوی بەندەیە

نـووسراوی ٢٧ ئۆغسـتۆس ١٣٢٥ ژمـارە ٢١٠٧ وەڵامـی سـەدری ئەعزەمـی سـەدارەتپەناهیە، دەستبەسـەرکردن و دەسـتگیرکردنی چەتەکانـی بـارزان هەروەهـا بـۆ جێبەجـێ کردنی دادگاییکـردن و لێکۆڵینـەوەکان زۆر لـە گەواهیدەر و هەواڵگـر هێنانیـان بـۆ دیوانـی جەنگـی عورفـی سـلێمانیە بەهـۆی دووری و بەفیرۆدانـی کات و دروسـت بوونـی کێشـەوە واباشـترە دیوانـی جەنگـی ناوهاتـوو یـا ئەوەتـا لـە مەرکـەزی ویلایـەت یاخـود لـە عەقـرە یەکەیـەك دابمەزرێنێـت لـە ویلایەتـی موسـڵ بـە تەلەگرافنامـە وەڵامەکـەی نووسراوەتـەوە، بـە تێروانیـن لـە وێنەیەکـی ئاماژە پێکردنەکـە لـە ئەنجوومەنـی تایبەتـی بریـکارەکان رازی بـوون بـە دەسـت سـەدارەتپەناهیەوەیە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ١٩ زیلقەعـدە ١٣٢٧ و لـە ١٩ تشرینـی دووەم ١٣٢٥.
راوێژکار بە ناوی نازری ناوەخۆ

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 003677.275745 | 17 زيلحيجه 1327 |
| --- | --- | --- |

فەرمانگەی گشتی ئەرکانی جەنگی
یەکەی سێیەم
لە بەغداد وێنەی تەلەگرافنامەی بە شیفرە لە ١٧ کانوونی یەکەم ١٣٢٥، لە لایەن بریکاری لەشکری قوماندانی شەشەم میری لیوا شەوکەت پاشا هاتووە
لـە ٣ کانوونـی یەکـەم ١٣٢٥ شـێخی بـارزان و دێوانەکانـی دووچـاری شکسـت هاتـوون، مـاوەی دوو مانـگ شـەو و ڕۆژ لەلایـەن محەمـەد فـازڵ پاشـا چاودێـری کـراون، هەروەهـا لـەم ڕووبەڕووبوونـەوەی کـە ڕوویـداوە، لـە سـەرۆکی چەتـەکان پیسـی بـەدکار عەبدولرەحـمان لەگـەڵ چەنـد تونـدڕەو و چەنـد هاوەڵێـک لەناوبـردراون، نزیکـەی ١٠٠ی تریـش بـە زینـدووی دەسـتگیر کـراون و نێردراونەتـە دیوانـی جەنگـی عـورف موسـڵ، هەروەهـا شـێخی ناوبـراو لـە کۆتایـی کارەکـە بـۆ دەرەوەی ویلایـەت ڕایکـردووە، لـە ناحیـەی چـاڵ سـەر بـە ویلایەتـی وان هـەوڵ دەدات بـە هـاوکاری سـەعدی ئاغـا، ئاغـای چـاڵ بچێتـە نـاو تەیاریەکانـی گونـدی زاویـە، هەروەهـا لەگـەڵ چەنـد هاوکارێـک و خانەوادەکەنیـان لەلایـەن سـەعدی ئاغـا ماونەتـەوە و پێویسـتە پێش ئـەوەی بگاتە نـاو تەیاریەکان دەسـتگیر بکرێن، ئەمـەش بـۆ ویلایەتـی وان نووسراوەتـەوە، ئیـتر لـە نـاو ویلایـەت شـوێنەواری چەتـەکان نەمـاوە، ئیـتر دانیشـتوانی هەژاریـش بپارێزرێـن و بگەڕێنـەوە گوندەکانیـان و نیشـتەجێ بکرێنـەوە، دوای دەرکەوتنـی چەتـەکان و لێدانیـان و دوورخسـتنەوەیان، لـە گونـدی بـارزان دوو تـۆپ و دوو تابـوری ڕەدیـف بەجـێ هێڵـدراوە، جگـە لەمـە لـە ناحیـەی شـێروانیش یـەك بلۆکـی نیزامیـە بەجـێ هێڵـدراوە، هەروەهـا ٤٠ کەسـی ئێسـتر سـوار و ژاندارمـەی بینباشـی سـاڵح ئەفەنـدی نێردرابوونـە قـەزای عەمادیـە، بـەڵام بـۆ ئـەوەی دەسـت بـە کاروبارەکانـی ویلایـەت بـکات گەڕاوەتـەوە موسـڵ، ئـەم هەواڵـەش لەلایـەن پاشـای ناوبـراو ڕاگەیەنـدراوە، ئەمجـارە هەواڵـی ئـەوە هاتـووە شـێخی ناوبـراو لـە هـەکاری گەڕاوەتـەوە، ئەگەرچـی هەواڵـی تونـد دراوەتـە قوماندانیەتـی بـارزان بـۆ ئـەوەی دەسـتگیر بکرێـت، بـەڵام لەبـەر جموجۆڵێکـی هەڵـە سـەرکەوتوو نەبوونـە، لـەم بارەیـەوە ئەوانـەی کەموکوریـان هەبـووە سـزا دەدرێـن، بڕیار دراوە لەسـەر دادگایـی کردنـی تاکـی ڕەدیـف و ئەفسـەرەکان، هـەر چەنـدە تـا ئەمـڕۆ هیـچ کەموکوریەکیـان نەبووە، بـەڵام لـە ڕووداوی ئـەم دواییـەی بـارزان بەبـێ شـەر شـوێنەکەی خۆیـان بەجـێ هێشـتووە و گەڕاونەتـەوە ڕوانـدز، بلۆکـی نیزامیـەی شـێروانیش گەڕێندراونەتـەوە شـوێنی خۆیـان، بۆ چاودێـری کردنیان هیـچ کاتێك درێغیـان نەکردووە و ناشـکرێت، لـە ڕاسـتییدا فرقـەی دووەم یاخـود لەلایـەن پاشـای ناوبـراو کارەکـە بـە تەواوەتـی جێبەجـێ کـراوە.




BEO.003677.275745.005


| DH.MUI. | 00001.11.00015 | 30 جەمادی یەکەم 1328 |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
قەڵەمی شیفرە
ئەو شیفرەیەیە کە لە ویلایەتی موسڵ هاتووە
هاوپێچ تەلەگرافنامەی بە شیفرەی ٢٦ مایس ١٣٢٦، ماوەی دوو ساڵە لە تاڵان کردنی پارەوپول و کوشتنی خەڵك و سووتاندنی گوندەکان، لەم جۆرە تاوانە سەرسورهێنەر و داخ لە دڵانە خەریکن، ناوچەکانی زێبار و عەقرە لەلایەن شێخی بارزانی زیاندار عەبدولسەلام و هاوەڵانی تێك دەدرێت و بریندار دەکرێت، ئەوانە لەلایەن هێزی سەربازی چاودێری دەکرێن و دوور دەخرێنەوە، بەشێکیشی دەستگیر کراوە، رادەستی دیوانی جەنگی عورفی کراون، ئەوەی هەڵاتووە و دەستگیرنەکراوە، بۆ دەستگیرکردنی شێخی ناوهاتوو و هاوەڵانی دیوانی عورفی دامەزراوە، لە نەزارەتپەناهیەوە جێبەجێ دەکرێت، هەروەها لەبارەی قەبوڵ کردنی تکاوپارانەوەیان پێداچوونەوەی زۆر نەکراوە، بە قوماندانیەتی لەشکری شەشەمی هومایۆن قائیمقام سەفوەت بەگ بۆ قوماندانیەتی بارزان دامەزراوە، لە ویلایەت بەهۆی هۆکاری نادیار تکایەکەی قەبوڵ کراوە، دەرکەوتووە ئەوانە یەك ساڵ پێش ئێستا بۆ پاراستنی حکوومەت و بەرقەراربوونی ئاسایش تکاکەی قەبوڵ کراوە، دیسان لووتی بەرز بووە و خەنجەری دەرهێناوە دوای شکست هێنانی بەبێ مەرج تکاکەی قەبوڵ نەکراوە، لەم بارەیەوە وێنەی ئەو تەلەگراف و نووسراوانەی کە لە والی بەغداد و لە قوماندانیەتی لەشکری شەشەم و قائیمقامی ناوبراو و قائیمقامیەتی عەقرە وەرگیراون، ریزکراون، لە نووسراوەکانی تری قائیمقامیەتی عەقرە، فرقەی مەندانی هۆزی هەرکی ئەوانەی بۆ بابل رۆیشتوون، لەلایەن شێخی بارزان و هاوەڵانی رێگەیان پێ نەدراوە بپەرنەوە، جگە لەمە تەقەیان لێ کراوە، دوو پیاویان بریندار بووە هەروەها ئاژەڵێکی زۆر لەناوچوون، لەم بارەیەوە بە قەبوڵ کردنی تکای چەتەکانی بارزان ئەوا رێگە نەدرێت خۆیان کۆبکەنەوە، لە قوماندانیەتی بارزان فەرمان دراوە، ئەو مامەڵەیەی جێبەجێ دەکرێت راگەیەندراوە، لەم بارەیەوە بۆ چاودێری کردنی هێڵ و چالاکی، ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەت بریاری داوە، راگەیەندراوە، لە ٢٧ مایس ١٣٢٦.
محەمەد فازڵ والی و قوماندان


وێنە
لە رووداوەکانی بارزان تکاو پارانەوەی شێخ عەبدولسەلام و هاوەڵانی هەروەها فەرمانەکانی حکوومەت لەگەڵ خوێندنەوەیان کۆتایی پێهاتووە، لە بارەی ووتەکان و ناوەرۆکەکەی لەلایەن قوماندانی هێزی چاودێری بارزان سەفوەت بەگ تەلەگراف هاتووە، لەبارەی چۆنیەتی ناردنی بۆ لایەنی واڵای قوماندان ئاساییە، بۆ پۆلیسی ناوەخۆ و بەرزکردنەوە و نەهێشتنی کێشەکان دووبارە بۆ لایەنی سەروو نێردراوە، بە گوێرەی بارودۆخی ناوەخۆ جوڵە و کاری ئەو هێزە لەلایەن ناوبراو بە نووسراو وەڵام دراوەتەوە، ئەو دانیشتوانەی کە پێویستیان بە پارەیە بۆ هاوکاری کردن حکوومەتی عوسمانی ئاگادار کراوەتەوە، لەگەڵ هەموو تایبەتمەندیەکانی تردا بەیەکەوە پێش هەموو شتێك لە ویلایەت دابینکردنی هۆکارەکان داواکراوە.
٢٧ مایس ١٣٢٦
نازم قوماندان و والی بەغداد

وێنەکەی تر
لەسەر مەسەلەی بارزان لە ئاغاکانی زێبار کە لە موسڵ دەستبەسەرە، سەبارەت بە ئاغاکان مستەفا ئاغازادە حەسەن سدیق کوڕی محەمەد ئەمین کوڕی حەسەن محەمەد ئاغا کوڕی مستەفا فارس کوڕی محەمەد مەحمود کوڕی محەمەد بابەکر کوڕی عوسمان عەبدو کوڕی عوسمان قەتعون کوڕی عەلی چاودێری پێویست ئەنجام دەدرێت، ئەوانەی ماونەتەوە لە خێزان و ماڵومنداڵ بۆ دەستبەسەرکردنیان ئەوەی پێویستە جێبەجێ بکرێت.
٢٦ مایس ١٣٢٦
سەفوەت قوماندانی هێزی چاودێری بارزان


وێنەکەی تر
قائیمقام سەفوەت بەگ قوماندانی هێزی چاودێری بارزان، لە شوێنێکی نزیکی چیای شیرین کە سێ کاتژمێر لە بارزان دوورە، لەگەڵ شێخی بارزان بە چاوپێکەوتن ئەوەی باسکراوە دوو رۆژ پێش ئێستا لە بارزان ئەو سەربازە عوسمانیانەی کە خۆیان حەشار داوە بۆ دەورووبەر دەرچوون، دوای ئەوە گوندیان چۆڵ کردووە، شێخی زیاندار لەگەڵ ٥٠٠ چەکدار لە هاوکارانی چوونەتە ناو بارزان، ٢٠٠ چەتە لە ناوچەی بارزان لە شوێنی قایم خۆیان حەشار داوە و ئەوەی ماوەتەوە لەلای خۆی ماوەتەوە، هەروەك ئەو زانیاریانە لە ووتەی بەرێوەبەری زێبار و سەربازەکانی دەورووبەر و دانیشتووان روون بۆتەوە کە ووتەکانیان وەکو یەك بووە و باسیان کردووە، لەلایەن چەتەکانی دیوانیە رێگری کراوە لە رووباری زاب بپەرنەوە و ژمارەی خەڵك و ئاژەڵەکانیان لەناوبردراون، هەروەك راگەیەندراوە، هێشتا فرقەی مەندانی هۆزی هەرکی لە بارودۆخێکی پەرێشان و رێگریان لێ دەکرێت، لەم حاڵەتە ماونەتەوە و لە هۆزی ناوهاتوو و لە قەبیلەی مامش خان کەسێك بە ناوی سۆفی کوڕی فارس کوژراوە، لێکۆڵینەوەکان ئەنجام دەدرێن، لە ٢٥ مایس ١٣٢٦.
قائیمقامی عەقرە




DH.MUİ..00001.11.00015.005



DH.MUİ..00001.11.00015.005



DH.MUİ..00001.11.00015.005

هەواڵنامەی کێژ


| جەمادی کۆتایی 1328 7 | 00001.11.00021 | DH.MUI. |
|---|---|---|

- فەرمانگەی ئەرکانی گشتی
یەکەی سێیەم
٧٣٢
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بۆ جەنابی دەوڵەت
ماوەیەکە لە ناو ویلایەتی موسڵ لە دەوروبەری عەقرە و موسڵ خەریکی چەتەیین، بۆیە لە ژێر چاودێرین، لە ئەنجامی ئەوە شێخی بارزان عەبدولسەلام ملکەچی خۆی راگەیاندووە، بە گوێرەی هەموو ووتەکان لە قوماندانیەتی لەشکری شەشەمی هومایۆن وێنەی تەلەگرافنامەیەك بە هاوپێچ بۆ نەزارەتپەناهی نێردراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٧ جەمادی کۆتایی ١٣٢٨ و ١ حوزەیران ١٣٢٦.
نازری جەنگی


- فەرمانگەی ئەرکانی گشتی
یەکەی سێیەم
بەپەلەیە
وێنەی تەلەگرافنامەی والی بەغداد و قوماندانی لەشکری شەشەم فەریقی یەکەم جەنابی نازم پاشا کە لە مێژووی ٢٦ مایس ١٣٢٦ بۆ نەزارەتی جەنگی جەلیلە نێردراوە
لە دەوروبەری موسڵ بۆ ئەوەی ئەنجامێك لە رووداوەکانی بارزان بدرێت بە دەستەوە لێرە لەشکرێکی چاودێر ئەرکی پێ بدرێ، قائیمقام سەفوەت بەگ بەیەکەوە لەگەڵ ئەو ئەفسەرانەی کە دێت لە شوێنی ناوهاتوو بە دامەزراندن بۆ شوێنەکە رۆیشتووە، هەروەها تا ئێستا ئەو جموجۆڵە چاودێریەی کە کراوە لەگەڵ رووداوەکانی ناوهاتوو ئەنجامی داوەتە دەست، لە شێخەکان عەبدولسەلام و ئەحمەد ئاغای شێروان و هەموو ئاغاکانی تر بە ملکەچ بوون بە تایبەتی ملکەچبوونی عەبدولسەلام ئاغا، دوای ئەوەی بارزان دەبێتە مەرکەزی قەزا لەگەڵ قۆناغی حکوومەت یەك بلۆك سەرباز جێگیر دەکرێت، قشلە و تەلەگراف خانە بونیاد دەنرێت و بۆ حکوومەت بەجێ دەهێڵدرێت، هەروەها ئەوانە لە ئەنجامی ملکەچ بوونیان بە گشتی بێ دەنگ دەبن و لەوێ ئاسایشی تێکچوو، باشتر دەبێت، ئەمەش لەلایەن ناوبراوەوە بە تەلەگراف راگەیەندراوە، لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆرە ئەو ناوچەیە ناجێگیرە و جموجۆڵی سەربازی تێدا روو دەدات، بۆیە ١٣٢٧ خانە و ٤٤ مزگەوت و کلیسا گەیشتوونەتە حاڵەتێکی وێران بوو، پارەوپول و کەلوپەلێکی زۆریش لەناوچوونە، بە تەواوەتی بێ شوێن و لە نانی رۆژانە بێبەش بوونە، بۆ بەرقەرار بوونی ئەمنیەت و ئاسایش هەندێك ئامادەکاری سەربازی زیاتر جێبەجێ کراوە، بەم شێوەیە کۆتایی بە رووداوی بارزان هێنراوە.

- بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
قەڵەمی نووسراو
٨٥٧
نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بۆ جەنابی دەوڵەت
لە ئەنجوومەنی تایبەتی بریکارەکان خوێندراوەتەوە بە نووسراوی سەروو مێژووی ٦ حوزەیران ١٣٢٦ ژمارە ٨٨٢ راگەیەندراوە، لە ناو ویلایەتی موسڵ دانیشتووانی بارزان زۆر زیاد لە سنووری خۆی دووچاری پەرێشانی و نەهامەتی بوونەتەوە، پێویستیان بە هاوکاریە، ئەمەش بە ئاماژەی ناوەخۆ دەرکەوتووە، بۆیە لە خەزینەی دارایی لە خەرجی چاوەروانەکراو ١٠٠٠ لیرە رێکخراوە، نەزارەتی دارایی جەلیلەش ئاگادار کراوەتەوە، نووسراو کراوە بۆ جێبەجێ کردنی، لە ١٢ جەمادی کۆتایی ١٣٢٨ و ٧ حوزەیران ١٣٢٦.
راوێژکار بە ناوی سەدری ئەعزەم


هەواڵنامەی کێبڕ




DH.MUİ..00001.11.00021.009




DH.MUİ..00001.11.00021.016





DH.MUİ..00001.11.00021.014

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MUI. | 00001.11.00026 | 6 شەعبان 1328 |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
١٢٩٨
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
راگەیەندراوی بەندەتانە
شـێخی بـارزان و ئاغاکانـی تـر داوای پاراسـتن و ملکـەچ بوونیـان کـردووە، لـە بـارەی قەبـوڵ کردنـی ملکـەچ بوونەکەیـان بـە ئاماژەی ویلایەتـی بەغـداد لـە بـارەی پرسـیاری قەبـوڵ کردنەکـە وەڵام لـە ١٢ تەممـوز ١٣٢٦ ژمارە ١١٠٠ وەڵام هاتـووە، بـە گوێـرەی نـووسراوی سـەدری ئەعـزەم، شـێخی ناوبـراو و ئاغاکانـی تـر ئێسـتا لـە بەرامبـەر حکوومـەت دەرکەوتـوون، وا باشـترە چاوپۆشـیان لـێ بکرێـت، بـە گوێـرەی جموجـۆڵ و رەفتارەکانیـان مامەڵەیـان لەگـەڵ بکرێـت، حاڵـی حـازر ناوبـراوان چاودێـری نەکرێـن، لەگـەڵ ئـەو جموجـۆڵ و رەفتارانەشـیان بـە بریـاری ئەنجوومەنـی تایبەتـی بریـکارەکان وا بـە پێویسـت زانـراوە حکوومـەت بـەردەوام چـاوی لەسـەریان بێـت، بـەم بریـارەش فەرمـان و ئاماژە دەرچـووە، لـە ویلایەتـی ناوهاتـوو و بـە وەکالەتـی ویلایەتـی موسـڵ چۆنیەتـی جێبەجێ کردنیشـی راگەیەنـدراوە. لـە قـەزای گـەوار ناحیـەی ئۆرامـار، لەبـەر ئـەوەی کورەکانی سـەبنو کە یەکێکە لە سـەرۆك هـۆزەکان پەیوەندیـان بـە مەسـەلەی بارزانـەوە هەیـە، لـە ویلایەتـی موسـڵ چاودێـری دەکرێـن، لەسـەر ئامـۆژگاری و ئـاگادار کردنـەوەی ئـەم دواییـە هاتوونەتـە مەرکـەزی ویلایـەت و پاراونەتـەوە، هەروەهـا لەسـەر رووداوی بـارزان شـێخ بەڵێنـی داوە ئاشـتیخواز بێـت، جگـە لەمـە ناوبـراو لەگـەڵ کورەکانـی سـەبنو لەمـەودوا ملکەچـی بریارەکانـی حکوومـەت دەبـن، تـا بەڵێـن و بیمـەش دەدۆزنـەوە خۆیـان سـەردانی موسـڵ دەکـەن، ئەمجـارە لـە ویلایەوتـی وان بـە تەلەگرافنامـە وەڵامەکـەی هاتـووە، ئـەم وێنەیـە لـە نـەزارەت بـە گونجـاو زانـراوە، لـە بـارەی شـێخی بـارزان و ئاغاکانـی تـر ئـەو بریـارەی لـە بارەیانـەوە دراوە، بـۆ چاوپۆشـی کـردن لـە چاودێـری کردنیـان پێویسـتی بـە هـاوکاری سـەرووە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە بریـار دەردەکات، لـە ٦ شـەعبان ١٣٢٨ و ٢٩ تەممـوز ١٣٢٦.
راوێژکار بە ناوی نازری ناوەخۆ




DH.MUİ..00001.11.00026.007


| | | |
|---|---|---|
| DH.MUI. | 00092.1.00034 | 29 سەفەر 1328 |

- بۆ جەنابی نازری ناوەخۆی جەلیلەی دەرسەعادەت
نامەی بەزەیی و فریادی دانیشتووانی ناحیەکانی بارزان و شێروان و مزوری باڵایە، بەزەییتان بە حاڵمان و دادپەروەرانە ئاورمان لێ نەدرێتەوە، خێزان و منداڵەکانمان و ٣٠ هەزار کەس وون دەبن.


ڕاگەیەندراوی بەندەکانمانە
سەر بە دەوڵەتی عالیەی ویلایەتی موسڵ دانیشتووانی ناحیەکانی زێبار و مزوری باڵا و شێروان لەبەر چەندین خراپەکاری حکوومەتی پێشوو و لەگەڵ هەندێك دوژمن بە داخەوە گەندەڵی کراوە، لەو هەڵانەی کە کردوومانە دانی پێدادەنێین، ئەوەی ببورێ خوا لێی دەبوورێت، دوای حکوومەتی مەشروتیەت چاوەڕێی ویژدان و بەزەیی و دادپەروەری دەکەین و لە ئێمەشەوە بێ لایەنی و ملکەچ بوون چاوەڕێ بکرێت، بە پارە و جەستەوە لەو بێداری و تەنگانەیەی کە بەسەرمان هاتووە، تکا دەکەین حکومەت بە میهرەبانیەوە کۆتایی پێ بهێنێت، چالاکی فیتنەکەری ڕاستەقینە فەقی عەبدولرەحمان و فیتنەچییەکان سوپاس بۆ خوا نەماوە، ئێمەش لە ئاژاوەی ئەوان ڕزگارمان بوو، ئەم دینە هی ئەحمەدە، کە لە بنەرەتدا میهرەبان و دادپەروەرە، جەنابی خالقی جیهان تۆبە قەبوڵ دەکات، ئێمەش یەك زمان و یەك دەست بە هەموو دڵەوە تۆبەمان کرد و ئیستغفارمان کرد، بە هاوکاری خوا ئاوا خزمەتی حکوومەت دەکەین بگاتە ئاستی ئەوەی حکوومەت کارە خراپەکانمان لەبیر بکات، تەنیا بە خوێندنمان لەسەر سەرچاوەی ڕووناکی و چاکسازیمان کار بکەن، کە دەوڵەت و میللەت سوودمان لێ وەربگرێت، چونکە کاری خوێندن و فێرکردن نەکرێت، ئەوا ئەو تاریکی و نەزانیەی کە بەسەر هۆزگەرایەتی زاڵ بووە لەناوناچێت، ئەگەر تۆبەمان قەبوڵ نەکرێت، دیسان بۆ لەناوبردنمان کار بکەن لە بەرامبەر پەروەردگاری جیهان بەرپرسن، چونکە لەسەر دین و ناموس و ویژدانمان بەڵێن و پەیمان دەدەین ئیتر بە مەبەست زیان بە کەس ناگەیەنین، هەروەها بۆ حکوومەتی مەشروتیە دڵسۆز و فیداکار دەبین، ئەو تۆبە و تکاوپارانەوەمان قەبوڵ نەکەن، بە شیاوی نازانن لە مەمالیکی عوسمانیە نیشتەجێ بین، ئەوا بە ناوی دیانەت و ئیسلامیەت ڕێگە بدەن لەگەڵ خێزان و منداڵەوە بچینە خاکێکی تر، لە ڕۆیشتنمان یەك پارە نەدەن و مەبەست چاکسازی نەبێت و لەناوبردنمان بێت بە ووتنی انا للە و انا الیە راجعون، لێرەدا بۆ بەرگری کردن لە خۆمان ناچارین بە گوێرەی شەرع پارێزگاری لە خۆمان بکەین، تا یەك تاك دەمێنێتەوە ناچارین هەوڵی خۆمان بدەین، لەمەوپێش بە فەرمانی فازڵ پاشا ١٠٠٠ قۆناغی ئێمەیان سووتاند، پارەوپول و کەلوپەل و جۆرەها شتومەکمان بە کۆمەڵ تاڵان کرا، ئەو چەکانەی میریش کە دەستمان کەوتووە، هەر هەمووی بە ڕەزامەندی خۆمان داومانەتەوە، ئەوەش نیشانەی دڵسۆزی و نیەت باشی خۆمان و تۆبەی تەواوی خۆمان دەسەلمێنێت، ئیتر لە حکوومەتی مەشروتیە داوای بەزەیی و میهرەبانی دەکەین و پەنا بۆ دەرگای دادپەروەری دەبەین و تکا دەکەین، خواش شایەدی ئەوەیە، لە ٢٧ شوبات ١٣٢٥.
فەقی ئەحمەد/ یاسین/ ئیسماعیل/ خالید/ حەسەن/ محەمەد/ عەبدولسەلام شێخی بارزان

- بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
قەڵەمی شیفرە
ژمارە ٤٦
ئەو شیفرەیەیە کە لە ویلایەتی موسڵ هاتووە
لە ٢٤ نیسان ١٣٢٦ لەسەر مەسەلەی بارزان ئەوانەی دەستگیرکراون لەگەڵ ئەوانەی دەستیان هەیە، بۆ دادگاییکردنیان دیوانی عورفی ڕێکخراوە، بۆ قەبوڵ کردنی تکاوپارانەوەی شێخی بارزان و هاوەڵانی گونجاو نییە، بۆ ئەوانی تریش دەبێتە نموونەیەکی خراپ.

لە ٢٥ نیسان ١٣٢٦
فازڵ والی و قوماندان



DH.MUİ..00092.1.00034.004


DH.MUİ..00098.2.00005.004

OSMANLI ARŞİVİ
DH.MUİ
98-2 | 5

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MUI. | 00098.2.00005 | 19 جەمادی یەکەم 1328 |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
قەڵەمی شیفرە
ئەو شیفرەیە لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە
بەپەلەیە

لە ١٢ مایس ١٣٢٦ ئەو شیفرەیەی بەسەرکەوتوویی ئەنجامی هەبووە، بەڵام بە دەستگیرنەکردنی عەبدولسەلام چاودێری کردنی بارزان بە ناتەواوی ماوەتەوە، لە چاودێری سەرەتایی لەگەڵ پاراستنی شێخی ناوبراو بۆتە هۆی بە ئاسانی رابکات، دووبارە دێتەوە مەیدان، لە رووداوەکەی ئەم دواییە و ئەوەی هۆکاری داوەتە دەست بۆ درێژکردنەوەی مەسەلەکە ئاغای چاڵ، سەعید ئاغایە، کە ئاسایشی مەملەکەتی تێک داوە، لەبەر ئەوەی دەستی لەم مەسەلەیەدا هەیە، لەسەر داواکاری دیوانی جەنگی عورفی، ئاغای ناوبراو بۆ موسڵ بنێردرێت، لە هەر حاڵەتێکدا لەسەر رای خەلافەتپەناهی وەستاوە، لە ١٦ مایس ١٣٢٦.
فازڵ والی




DH.İD.00123.00004.002

هەواڵنامەی کتێب

| DH.ID. | 00123.00004 | 14 ڕەمەزان 1328 |
|---|---|---|


بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
قەڵەمی شیفرە
ئەو شیفرەیەیە کە لە ویلایەتی موسڵ هاتووە
هاوپێچی تەلەگرافنامەی ١٥ ئۆغستۆس ١٣٢٦، ماوەیەکە باڵیۆزی ئینگلیز لەگەڵ وەرگێڕەکەی لەلایەنی زاخۆ و عەمادیە دەسوڕێتەوە، تا قەزای چۆلەمێرگی ویلایەتی وان ڕۆیشتوون، دواتر هاتۆتە شارۆچکەی عەمادیە و بیرۆکەی ئەوەی هەیە مەکتەبێك لە مەرکەزی قەزا دروست بکات، یەکێك لەگەڵیەتی بە ناوی مستەر ویگرام وەکو ماموستا لە مەکتەبەکە دایدەمەزرێنی، پێویستە لە ئێستاوەش بۆ ئەو ماموستایە خانەیەك دابین بکرێت، ئەمەش بە قائیمقامی قەزا ڕاگەیەندراوە، هەروەها بۆ دامەزراندنی مەکتەبێکی ئاوا، پێویستە مۆڵەت لە حکوومەت وەربگیرێت، لەسەر وەڵامی قائیمقامی قەزا، ناوبراو ماموستاکەی لە شارۆچکەکە بەجێ هێشتووە و دوای ئەوەی دوو ڕۆژ لە شارۆچکەی بیباو کە یەك کاتژمێر دوورە لە شارۆچکە ماوەتەوە، دواتر گەڕاوەتەوە موسڵ، بە هاتنی بۆ عەمادیە و بارزان لەگەڵ شێخ عەبدولسەلام بە درێژی گفتوگۆی کردووە، دواتریش هاتۆتە نزیك مەرکەزی قەزای عەقرە، دوای یەك ڕۆژ مانەوە، بە ڕێگەی ناحیەی شێخان بۆ موسڵ ڕێگەی گرتۆتەبەر، هەروەها بە قائیمقامیەتی عەقرە ڕاگەیەندراوە لەگەڵ شێخی بارزان و سەرۆك هۆزەکانی شکست خواردوو پەیوەندی بەستوە، ناوبراو یەکەم ڕۆژ لە کاتێکی درەنگ بۆ مەرکەزی ویلایەت ڕۆیشتووە و دوێنێ هاتۆتە فەرمانگەی حکوومەت وەرگرتنی ووتەکانیشی هەر لەم مەرکەزەدا هەیە، زانیاری یەك مانگ ڕاگەیەندراوە.
لە ٦ ئەیلول ١٣٢٦
میری لیوا تۆفیق بریکاری والی

| BEO. | 003715.278595 | 19 سەفەر 1328 |
| --- | --- | --- |

فەرمانگەی گشتی ئەرکانی جەنگی
یەکەی سێیەم
٥٠٠٢
پوختە: مامەڵەی ڕەزامەندی ئەو تەوراتە کۆنەی کە بەردەست کەوتووە.
ڕاگەیەندراوی بەندەیە


لە نـاو ویلایەتـی موسـڵ لەگەڵ یاخیبوونەکەی شـێخ عەبدولسـەلام لە ناوچـەی بارزان، ئـەو کاتەی گونـدی ناوهاتوو لەلایـەن هـۆزەکان و کەسـایەتیە گشـتیەکان داگیرکـراوە، کەوتۆتە بەردەسـت و لە بازاری عەقرە کڕین و فرۆشـتنی پێ کـراوە، هەروەهـا لەلایـەن کاتیبـی تابـور تۆفیـق ئەفەنـدی لـە بەرامبـەر سـێ لیـرە کڕیویەتـی، یـەك دانە تـەورات بە بەهـا و کـۆن کـە ماوەتـەوە، ئەگـەر شـایەنی پێشـکەش کردن بێـت ئەوا بەمەبەسـتی هەڵگرتـن و پارێـزگاری لێکردن ئـەو کاتـەی لەسـەر ڕەوان کـردن بـوو، دوا جـار قوماندانیەتـی هێـزی بەدواداچوونـی بـارزان میـری لیـوا محیەددیـن پاشـا لـە تەلەگرافنامـەی مێـژووی ١٦ کانوونـی یەکـەم ١٣٢٥ مۆڵەتـی داوە کـە تەوراتـی باسـکراو بگەڕێندرێتـەوە بـۆ خاوەنەکـەی، بـۆ ئەمـەش لەگـەڵ تەلەگرافنامـەی مێـژووی ٢٦ کانوونـی یەکـەم ١٣٢٥ نـووسراوی بـۆ قوماندانیەتـی والـی موسـڵ و دەورووبـەری کـردووە، لـە والـی و قوماندانـی ناوبـراو لـە مێـژووی ٢٨ کانوونـی یەکـەم ١٣٢٥ وەڵام هاتـووە، لـەو شـیفرەیەدا باسـکراوە کاتێـك سـەربازی عوسـمانی چوونەتە ناو بـارزان لەبەر ئـەوەی دانیشـتووانەکەی لایەنگـری شـێخ عەبدولسـەلامن، لەگـەڵ ناوبـراو ڕایانکـردووە، لـەوێ ١٥ خانـە موسـەوی نیشـتەجێیە، ئەوانیـش بـە فەرمانـی شـێخ بەیەکـەوە ڕایانکـردووە، لـەو کاتـەدا لـە باخچەیەکـدا لـە نێـو تاشـەبەردەکان لەلایـەن ئەندامێکـەوە دۆزراوەتـەوە، دواتـر بـۆ خـۆی بـردووە، بینیویەتـی سـێ پارچـە تـەورات لەسـەر پێسـتی کـۆن نووسراوەتەوە لـە دوو تەختـە قوتـودا پارێـزراوە، لـە کۆتاییدا بۆ ئـەوەی ئەوانـە بدرێنـەوە خاوەنەکانیان ڕادەسـتی قائیمقامی عەقـرە کراوە، لـە کۆتاییشـدا لـە ئەنبـار تەوراتـی باسـکراو وون بـووە، بۆیە بە تونـدی فەرمـان دەرچووە کـە تەوراتەکـە بدۆزرێتەوە و بدرێتـەوە خاوەنەکـەی، جگـە لەمـە خاخامـی عەقـرەش ئـاگادار کراوەتـەوە و چۆنیەتیەکـەی پـێ ڕاگەیەنـدراوە، ئـا لـەو کاتـەی کـە بـە خاخـام ڕاگەیەنـدراوە، لەلایـەن ناوبـراوەوە وەڵامـی (ئێمـە دۆزیمانـەوە و کڕیـمان) هـات، بـە تێروانیـن لـەم حاڵەتـەدا دەرکەوتـووە ئـەو کەسـەی تەوراتەکـەی دزیـوە فرۆشـتویەتیە موسـەویەکان، هەروەهـا لەلایـەن محیەددیـن پاشـاوەش تەوراتەکـە دۆزراوەتـەوە، ئـەو تەوراتـەی کـە لەلایـەن خاخامـەوە گەڕێندراوەتـەوە و دەرکەوتـووە لـە بەشـێك پێـك نەهاتـووە، جگـە لەمـە لەلایـەن محیەددیـن پاشـاوە بـە پۆسـتە نووسراوەتـەوە ئەگەر بزانرێـت خاوەنەکـەی کێیـە ئـەوا هـەروەك لەسـەر ئامـاژەی بەنـدە دەدرێتـەوە خاوەنەکـەی، ئەمجـارە بـە نـاوی نـەزارەت بـە پۆسـتە نێـردراوە، هـەر یەکەیـان ٦٣ سـانتیمەتر پانیەکەیەتـی بـە کۆکراوەیـەش ١٦ مەتـر دەکات و درێژیەکەشـی ٨٧ سـانتیمەتر دەبێـت و لـە پێنـج پارچـە پێـك هاتـووە، لەسـەر پێسـتی مامـز بـە زمانـی عیبرانـی نووسراوەتـەوە، لـەو دەسـت بـۆ ئـەو دەسـت سـوڕاوەتەوە، بـە مەبەسـتی لەناونەچوونـی ئێسـتا لـە نەزارەتـی عاجیزانـە بـە ئەمانـەت پارێـزراوە، تەوراتـی باسـکراو یـا ئەوەتـا بدرێتـەوە خاوەنەکـەی خـۆی، یاخود لـە مۆزەخانەی هومایـۆن بپارێزرێـت، شـایەنی ئەوەشـە لـە مۆزەخانـە بپارێزرێـت، بۆیـە بـە ڕەزامەنـدی خاوەنەکـەی وەربگیرێـت و لـە مۆزەخانـە بپارێزرێـت، بـۆ ئەمـەش فەرمانبەرێکـی شـارەزا تەرخـان بکرێـت و بـەم کارە هەڵسـێت، چۆنیەتـی ڕۆیشتنیشـی بـە فەرمـان و حەواڵـەی نەزارەتـی گشـتی مەعاریفەوە دەبێـت و ئەنجامەکەشـی بە لایەنـی عاجیزانەم ڕابگەیەندرێـت، ڕاوبۆچـوون بـۆ سـەدارەتپەناهیە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابی ئەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.

لە ١٩ سەفەری خێر ١٣٢٨ و لە ١٦ شوبات ١٣٢٥
نازری جەنگی





BEO.003715.278595.003

هەواڵنامەی کتێب



| BEO. | 003784.283727 | 18 رەجەب 1328 |
|---|---|---|

١٨ رەجەب ١٣٢٨
١٢ تەمموز ١٣٢٦
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بە کۆتایی هێنان بە مەسەلەی بارزان، شێخی بارزان لەگەڵ ئاغاکانیان داوای پاراستنیان کردووە، بەڵێنیان لێ وەرگیراوە، لە بارەی قەبوڵ کردنی ملکەچ بوونیان، دوای گفتوگۆکردن تەلەگرافنامەی قوماندان و والی بەغداد جەنابی نازم پاشا، هاتۆتە نەزارەتی جەلیلە لەوێشەوە نێردراوە، لە ئەنجوومەنی بریکارەکان خوێندنەوەی بۆ کراوە، لەم بارەیەوە سەرەتا هاتۆتە لای ناوبراوەوە، بە تێروانین لە نووسراوی مێژووی ٣ حوزەیران ١٣٢٦ هاوپێچ لەگەڵ تەلەگرافنامەکە، بە قەبوڵ نەکردنی ملکەچ بوونی بارزانیەکان روون بۆتەوە بەدواداچوون و چاودێری کردنیان لەلایەن لەشکری شەشەم و سەربازانی موسڵ هیچ سوودێکی نابێت، هەروەها ئەگەر بە هێزێکی ناتەواو بەدواداچوون و دوورخستنەوە بۆ ناوبراوانی ملکەچبوو بکرێت، ئێستا لە بەرژەوەندی ئێمەدایە و وا باشترە چاوپۆشیان لێ بکرێت، بە گوێرەی بارودۆخ و خوەکانیان مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و ناوبراوان نەخرێنە تەنگانە و چاودێری نەکرێن، لەگەڵ ئەوەش بە گوێرەی بارودۆخ و جولەیان لەلایەن حکوومەتی خۆچێیەوە بەردەوام لەبەر چاوان بن و چاودێری بکرێن، بە ئاگادار کردنەوەی ناوبراو جێبەجێ کردنی حەواڵەی نەزارەتی جەلیلە کراوە، بە نووسینی نووسراو هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.


T.C. BAŞBAKANLIK OSMANLI ARŞİVİ DAİRE BAŞKANLIĞI (BOA)

OSMANLI ARŞİVİ
DH.İD
121 | 5 | 11


DH.İD.00121.00005.011

هەواڵنامەی کتێب

| DH.ID. | 00121.00005 | 14 موحەررەم 1329 |
|---|---|---|

نەزارەتی دارایی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی داهات
یەکەی چوارەم
١٦٠٤٨ گشتی
١٨٥١/٤٦٠ تایبەتی
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

سەبارەت بە درێژکردنەوەی هێڵی تەلەگرافی عەقرە و بارزان بە پێویست زانراوە پەلە بکرێت لە دامەزراندنی، پشت بەستن بە نووسراوی نەزارەتپەناهی لە مێژووی ١٦ تشرینی یەکەم ١٣٢٦ ژمارە ١٧٤٢ دوای گفتوگۆ لە وەڵامی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆستە و تەلەگراف و تەلەفۆن نووسراو وەرگیراوە، تێدا هاتووە خەرجی دامەزراندن و درێژکردنەوەی هێڵی عەقرە لە بودجەی ئەم ساڵ ناکرێت، لە بودجەی ساڵی داهاتوو بە پێشنیار تۆمار دەکرێت، پەسەند کردنی لەگەڵ نزیک بوونەوەی ئینجا جێبەجێ دەکرێت، بە ڕێزەوە ڕاگەیەندراوە ئەفەندم.
لە ١٤ موحەررەم ١٣٢٩ و لە ٢ کانوونی دووەم ١٣٢٦
بە ناوی نازری دارایی





BEO.003884.291250.007


هەوالنامەی کتێب

| BEO. | 003884.291250 | 1 سەفەر 1329 |
|---|---|---|

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
فەرمانگەی هەواڵگری گشتی
یەکەی دووەم
٢٥٢٥
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
لە بارەی بارزانیەکانەوە
راگەیەندراوی بەندەیە

بارزانیەکان و هەمەوەندەکان تکاوپارانەوەی خۆیان راگەیاندووە، هەرچی بەدواداچوون و دوورخستنەوەیانە، شێوازی ئەو ملکەچبوونەی کە نیشانی دەدەن ئەوا بریار لەسەر چاوپۆشی کردنیان دەدرێت، هەروەها بە گوێرەی بارودۆخ و جموجۆڵەکانیان مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، بۆیە بەدواداچوون و تەنگ پێهەڵچنینیان لەگەڵ نەکرێت، لەگەڵ ئەوەش بە گوێرەی بارودۆخ و جولەکانیانەوە هەمیشە لە لایەن حکوومەتی خۆچێیەوە لە ژێر بەدواداچوون و چاودێری دابن، ئەمەش بە بریاری ئەنجوومەنی تایبەتی بریکارەکان بە نووسراوی سەدارەت فەرمان و نووسراو نووسراوەتەوە، ویلایەتەکانی بەغداد و موسڵ لەم رێگایەوە ئاگاداریان راگەیاندووە، هەروەها هەمەوەندەکان و بارزانیەکان سەر لە نوێ دووچاری هەڵغەڵەتاندن نەبنەوە، بۆ لێبووردنیان ئەگەر پێویست بکات ماددەی یاسایی رێك بخرێت و بۆ قەبوڵکردن و پەسەند کردنیشی جێبەجێ بکرێت و لە وەڵامی ویلایەتی بەغداد ئاماژەی پێکراوە، لەسەر ئەمە لە ١٨ کانوونی یەکەم ١٣٢٦ ژمارە ٢٢٥٦ نووسراوی بەندە راگەیەندراوە و نێردراوە، لەبەر مەسەلەی بارزان ئەو کەسانەی دەستبەسەرن لە بەدواداچوونی یاسایی دەستگیرکردنیان بە گوێرەی ئاگادار کردنەوە ئێستا ئازادکردنی ئەوانە ئەگەر بە بەڵگەوەش بێت،ئەوا دیوانی جەنگی داوای روون کردنەوە دەکات، ئەمجارە لە ویلایەتی موسڵیش تەلەگرافنامە هاتووە وێنەیەکی هاوپێچ پێشکەش کراوە، بە تێروانین لە راگەیەندراو و ئاماژە پێکراوەکانی پێشوو جێبەجێ کردنی لەسەر فەرمانی سەدارەتە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١ سەفەر ١٣٢٩ و لە ١٨ کانوونی دووەم ١٣٢٦.
نازری ناوەخۆ





هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 03949.296171 | 22 شەوال 1329 |
| --- | --- | --- |

٢٢ شەوال ١٣٢٩
٢ تشرینی یەکەم ١٣٢٧
بۆ نەزارەتی جەنگی جەلیلە

بارزانیەکان و هەمەوەندەکان لەگەڵ راگەیاندنی تکا و پارانەوەیان، سەبارەت بە چاودێری کردنیان و دوورخستنەوەیان لەبەرژەوەندی هەموو لایەك دایە چاوپۆشیان لێ بکرێت و بە گوێرەی بارودۆخ و ئەو رەفتارەی نیشانی دەدەن مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، کە بەدواداچوونیان بۆ نەکرێت و نەخرێنە تەنگانەوە لەگەڵ ئەو حاڵەت و رەفتارانە کە هەیە لەلایەن حکوومەتی خۆچێیەوە هەمیشە لە ژێر چاودێریدا بن، ئەمەش بە گوێرەی ئەو بریارە دەبێت کە پێشووتر هاتووە، بۆ ئاسانکاری لەسەر ئەو شوێنەی کە لێی دەمێننەوە بەو ماددەیەی کە دەبەخشرێن پێویستە ماددەیەکی یاسایی رێك بخرێت و مامەڵەی پەسەند کردنی ئەنجام بدرێت، لەسەر مەسەلەی بارزان و بەغداد ئەو کەسانەی کە دەست بەسەرن، ئەگەرچی لە ئێستادا بۆ ئازادکردنیان بەبەڵگەوە جێبەجێ بکرێت، ئەوا لەم لایەنەوە دیوانی جەنگی بە پێویستی زانیوە روون کردنەوە بکرێت، ئەمەش لە ویلایەتی موسڵ راگەیەندراوە، بۆ پرس و راش لە نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە سێ پارچە نووسراو لە ئەنجوومەنی بریکارەکان دوای خوێندنەوە دەرکەوتووە، هەمەوەندەکان هەر لە کۆنەوە بە ئاسوودەیی نەوەستاون و تا ئێستاش رسوماتی هاتوچۆ لە بازرگانەکان وەردەگرن، بە ئاماژەی ناوەخۆ لە ژمارەی ئەوانەی دەستبەسەرن دەرکەوتووە، هەروەها بەدواداچوون لە بارەی بارودۆخی بارزانیەکان دەکرێت، کە ئاخۆ ئەمرۆ لە چ بارودۆخێکن، بە لێکۆڵینەوە ئەو وەڵامەی وەردەگیرێت دواتر خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، دواتریش بە گوێرەی ئەو وەڵامەی لە ئاگادارکردنەوەی پێشوو هاتووە، بۆ ئازادکردنی ناوبراوان ئەو وەڵامەی بە نووسراو لە نەزارەتی ناوهاتوو لە مێژووی ٢٩ ئەیلوول ١٣٢٧ ژمارە ١٨٦٥ هاتووە، هاوپێچ بۆ سەروو نێردراوە، بە تێروانین لە بابەتەکە خوێندنەوەی بۆ بکرێت و هەواڵەکە و هاوپێچەکانی بنێردرێتەوە.

| I.HB. | 00165.00001 | 3 ڕەبیعی یەکەم 1333 |
|---|---|---|


- نەزارەتی جەنگی
دەرسەعادەت
پوختە: لەسەر بابەتی یاخیبوون لە حکوومەت، تاتار بەگ و محەمەد ئەمین ئاغا لەسێدارەدەدرێن.
بۆ فەرمانگەی تۆمارگا (نووسراو)

چەتە عەبدولسەلام شێخی بارزان لەگەڵ هاوەڵانی عەبدی ئاغا و محەمەد ئاغا لەگەڵ عەلی کوڕی محەمەد ئەمین هەروەها تاتار بەگ و محەمەد ئەمین ئاغا لەسەر یاخیبوون لە حکوومەت بە ئامادەبوونیان لە دادگا سزای لەسێداردانیان بۆ دەرچووە، لەسەر هاوەڵانی تریش ئەوا بە پلەی جیاواز بە ئامادەبوون و ئامادەنەبوون لە دیوانی جەنگی عورفی بریاری سزایان بەسەردا سەپێنراوە، بریاری ناوهاتوو بە بریارنامەوە تەلەگرافنامەی بە شیفرە لە ٧ تشرینی دووەم ١٣٣٠ لە قوماندانیەتی لەشکری قول هاتووە، لەم تەلەگرافە عەبدولسەلام و محەمەد ئاغا و عەلی کوڕی محەمەد ئەمین و عەبدی ئاماژە بە جێبەجێ کردنی مامەڵەی لەسێدارەدانیان کراوە، چۆنیەتیشی لە راپۆرتی ٩ تشرینی دووەم ١٣٣٠ نووسراوەتەوە، لە ١٣ تشرینی دووەم ١٣٣٠ فەرمانی پاشای جەنابی ملوکانە لەگەڵ فەرمانی عالی دەرچووە و بۆ قوماندانیەتی لەشکری قول نێردراوە و راگەیەندراوە، ئەمجارە لە قوماندانیەتی لەشکری قولی ناوهاتوو لە وەڵامدا نووسراو هاتووە، ئەوانەی یاخیبوونە عەبدولسەلام و هاوەڵانی بە ئامادەبوونیان دادگایی کراون، لەوانەی سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووە تاتار بەگ و محەمەد ئەمین ئاغا هەر چەندە ناویان لە ناو چوار ناوەکەی تر هاتووە، بەڵام لە تەلەگرافخانەدا بە هەڵە ناویان نەهاتووە و ناوەکان کەموکوری تێدایە، لەم بارەیەوە لە کاتی پێداچوونەوە دەرکەوتووە تاتار بەگ و محەمەد ئەمین ئاغا سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووە لە جێبەجێ کردنی ئەم مامەڵەیەدا وێنەیەکی بریارنامەی پەسەند کراوی دیوانی جەنگی عورفی نێردراوە، هەروەها بریارنامەی ناوهاتوو بە هاوپێچ کردنی ئەو بریارەی لە بارەی ئەوانەوە دراوە، تایبەت بە جێبەجێ کردنی بریارەکە هێشتا بە هیوای راگەیەندراوی عالین.


- نەزارەتی جەنگی
فەرمانگەی نووسین
قەڵەمی نووسین
٢٦١٢
فەرمانی پاشا

لەبەرامبەر حکوومەت یاخیبوونی خۆیان راگەیاندووە و بەرامبەر بە هێزی سەربازی چەکیان راکێشاوە و هۆکار بوونە بۆ شەهیدبوونی هەندێك ئەفسەر و ئەندامانیان هەروەها چەندین تاوان و زوڵمیان ئەنجام داوە، بۆیە لە دیوانی جەنگی عورفی موسڵ بریار لە ١٣ تشرینی دووەم ١٣٣٠ پەسەند کراوە، تێدا هاتووە عەبدولسەلام شێخی بارزان لەگەڵ هاوەڵانی بە سزای یاسایی مولکیە ماددەی ٥٥ دەستەواژەی ٢ بە پشت بەستن بە ماددەی ٥٧ بە ئامادەبوونیان سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووە، ناوەکانیان لە تەلەگرافنامەی بە شیفرە نێردراوە، بەڵام لە تەلەگرافخانەدا ناوەکان بە هەڵە نێردراوە، لە کاتی ووردبینی دەرکەوتووە تاتار بەگ کوڕی عەلی خەڵکی گوندی نیروە و محەمەد ئەمین ئاغا کوڕی عەزیز خەڵکی گوندی باب سیفا بریاری سزاکەیان لە بریارنامەکە پەسەند کراوە.
بۆ جێبەجێ کردنی ئەم فەرمانە پاشاییە، نازری جەنگی پێی هەڵدەستێت، لە ٣ ڕەبیعی یەکەم ١٣٣٣ و لە ٦ کانوونی دووەم ١٣٣٠.

وەکیلی نازری جەنگی/ سەدری ئەعزەم



I.HB.00165.00001.002




I.HB.00165.00001.003

هەواڵنامەی کتێب

| 16 شەوال 1330 | 004094.307034 | BEO. |
|---|---|---|


نەزارەتی دادوەری و مەزهەب
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری سزا
ژمارە ٤٦٢
ڕاگەیەندراوی بەندەیە
لـە دیوانـی جەنگـی عورفـی سـلێمانیە، بـە ناتـەواوی ماوەتەوە، بابەتـی تاوان ئـەوەی پەیوەسـتە بە مامەڵەی یاسـایی نێردراوەتـە لایەنـی دادوەری خەریکـە جێبەجـێ دەکرێـت، لـە دیوانـی ناوهاتـوو لە بارەی ئەوانەی دەسـت بەسـەرن بـە جێبەجـێ نەکردنـی بەدواداچوونـی یاسـایی لەسـەر بڕیـاری ئەنجوومەنـی بریـکارەکان بـە ئاماژەی نەزارەتـی ناوەخـۆی جەلیلـە لـە ویلایـەت بـە نـووسراو ئـاگاداری نێـردراوە، بـۆ بەدواداچوونـی ئـەو کاغەزانـە و ئـەو کەسـانەی کـە دەستبەسـەرن بـۆ ئـازاد کـردن و نەکردنیـان، لـە ویلایەتـی موسـڵ مامەڵەی پـرس و ڕا لـە داواکاری گشـتی دادگای پێداچوونـەوە وەرگیـراوە، لـە کۆتاییـدا لەسـەر ئـەو تەلەگرافنامەیـەی کـە دووپاتکراوەتـەوە، ئەمجـارە لـە نەزارەتـی ناوهاتـوو لـە نـووسراوی مێـژووی ١٠ ئەیلـوول ١٣٢٨ سـەرەتا سـەبارەت بـە تـکا و پارانـەوەی هەمەوەنـدەکان و بارزانیـەکان، لـە ئەنجامدانـی بەدواداچـوون بـە گوێـرەی ئـەو ڕەفتـار و کاردانـەوەی کـە دەیانبێـت چاوپۆشـیان لـێ دەکرێـت، لەسـەر ئـەو بـارودۆخ و بەرژەوەندیـەی کـە هەیـە ئـەو کاردانـەوە و خـوەی نیشـانی دەدەن مامەڵەیـان لەگـەڵ دەکرێـت، بەدواداچـوون و تەنـگ پێداهەڵچنینیـان لەگـەڵ ناکرێـت، لەگـەڵ ئـەو حـاڵ و جموجۆڵەشـیان بـەردەوام لـە ژێـر چاودێـری دابـن، ئەمـەش بـە بڕیـاری ئەنجوومەنـی بریـکارەکان جێبەجـێ دەکرێـت، هەروەهـا چۆنیەتـی کارەکـەش بـۆ نەزارەتـی بەندەمـان نووسراوەتەوە لەگـەڵ نووسراوی سـەدری ئەعزەمـی سـەدارەتپەناهیش بـۆ ئاگادارکردنـەوە بـە ڕێـگای ویلایەتـی موسـڵ ئاگاداریـەکان نێـردراوە، هەروەهـا هەمەوەندەکان چاودێـری کردنیان لەلایـەن حکوومەتـەوە چاوپۆشـی لێکـراوە، بـەڵام کاغـەزەکان لـە دیوانی جەنگـی عورفی بـۆ داد نێردراون، بە پشـت بەسـتن بـەم کاغەزانـە، ناردنـی نامـەکان لە چاودێـری داد نەبینراوە بەمـەش دووچاری بێـزاری و نائومێـدی بوونەتەوە، بـەم نائومێدیـەش تووشـی تێکچوون دەبن، بەتایبەتی تا ئێسـتا لە سـەدارەتپەناهی یـەك ئاگاداری جێبەجـێ نەکراوە، لـە کاتـی خۆیـدا دیوانـی جەنگی بخرێتە ژێر دەسـت، ئەمـڕۆ لەلایەنـی دادەوە کاری بەدواداچوون ئەنجـام دەدرێت، لـە وێنـەی ئاماژە پێکردنـی داواکاری گشـتی ئیسـتیناف بـە ڕوونـی دەرکەوتـووە، کـە ئـەو مامەڵەیـەی لـە بارەیانەوە جێبەجـێ دەکرێـت بـە پەلـە فەرمـان و ڕاگەیاندنـی لـە جەنابـی سـەدری ئەعزەمـی سـەدارەتپەناهی دەربکرێـت، ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ١٦ شـەوال ١٣٣٠ و ١٥ ئەیلـوول ١٣٢٨.
ڕاوێژکار بەناوی نازری دادوەری

هەواڵنامەی کورد




BEO.004094.307034.002

هەواڵنامەی کتێب





BEO.004118.308812.002

هەواڵنامەی گێژ

| BEO. | 004118.308812 | 18 زیلحیجە 1330 |
|---|---|---|

- لە موسڵ بۆ دەرسەعادەت
١٣ تشرینی دووەم ١٣٢٨
لە قوماندانی مەرکەزی نیزامیە جەنابی سەفوەت بەگ ئەفەندی بۆ سەدارەتی پایەبەرز
بۆ هەندێك كار لە عەقرەم، لە فەرمانبەرانی خۆجێی گوێ بیستی شەڕی بەلقان بووم، زیاد لە پێویست حەز دەکەم هاوکار بم، بەیەکەوە لەگەڵ موریدەکان کە گوێ بیست بووین، بە جۆش و خرۆشێکی زۆرەوە ئامادەی هەموو جۆرە فیداکاریەکین، ئەو برایانەمان کە ئاینیان ئیسلامە ناخیان خوێنی لێ دەبارێ و دەروونیان لە لای شەڕە، زۆر حەز دەکەم بەشداری ئەو شەڕە بکەم، بۆچی داعیەکانی ئاوا ئاسودە ئاسوودە دانیشتوون و ماینەوە، بە پشت بەستن بە چ هۆیەك زانیاریتان بە ئێمە نەداوە، بە توندی رادەگەیەنم کە بیرۆکەی ئەوەم هەیە لەم شەڕە بەشدار بم، ئەوە بزانن من بەندەیەکم بۆ نیشتمانە ئازیزەکەمان گیانم فیدا دەکەم، ئیتر بە رێگەی موسڵ حەلەب یاخود بتلیس یاخود وان و ورمێ هەروەها بە ١٢٠٠٠ نەفەر بەبێ کەموکوری بە زیادەوە پێداگری دەکەم دێم، ئەگەر رەزامەندی بدرێت ئەفسەرێك لەگەڵ ١٠ سەرباز وەکو رێبەر بەیەکەوە بە فەرمانی قوماندانی لەشکر جەنابی ئەسعەد پاشا بفەرموێت دێین، بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانەکەش بە رەزامەندی وەلی نەعیم هەروەها بە وەڵامی ٥٠ ووشە بەڵێن دەدەم کە لە عەقرە چاوەرێ دەکەم.
داعی عەبدولسەلام شێخی بارزان

- ١٨ زیلحیجە ١٣٣٠
١٥ تشرینی دووەم ١٣٢٨
لە موسڵەوە بۆ شێخی بارزان عەبدولسەلام ئەفەندی
لەو تەلەگرافنامەیە دەرکەوتووە کە بە ١٢٠٠٠ کەسەوە ئامادەی شەڕکردنن، خوێندراوەتەوە، بەڵام لەبەر دووری شوێنەکە لەوێوە ناردنی هێز ناکرێت و نابێت، سوپاس بۆ سەروو.




هەواڵنامەی کتێب

| MV. | 00174.00045 | 11 رەبیعی یەکەم 1331 |
| --- | --- | --- |

١١ رەبیعی یەکەم ١٣٣١
٥ شوبات ١٣٢٨
پوختەی دارایی
نووسراوی هاوپێچی نەزارەتی داد لە مێژووی ٢٣ کانوونی دووەم ١٣٢٨ ژمارە ٦٩٥ خوێنرایەوە


بریار
لە نووسراوی ناوهاتوو نیشانی داوە، بە راگەیاندنی تکا و پارانەوە، داوا دەکەن پارێزگاریان لێ بکرێت، سەرۆکەکانی هەمەوەند و بارزانیەکان و شێخی بزێنی نیشانی دەدەن، بە گوێرەی بارودۆخ و ئەو خوەی نیشانی دەدەن بەدواداچوونیان بۆ ناکرێت و ناخرێنە تەنگانەوە، پێشەکی ئەو بریارەی دەرچووە بۆ راگەیاندن و بە گوێرەی وەڵامی راگەیاندنی پێشوو کە دەرچووە، لە نووسراوی داواکاری گشتی ئیستینافی موسڵ هاتووە، بۆ ئەو تاوانانەی کە ئەو هەمەوەندانەی رایانکردووە لەگەڵ هۆزەکانی تر و دانیشتوان بە گشتی دوو دڵن لە جێبەجێ کردنی بەدواداچوون و ئازادکردنی دەستبەسەرەکان، دوای گومان کردن لە کوشتنی خەڵك، قرتاسوك کوڕی محەمەد دەستبەسەرکراوە، هەروەها شێخی بارزان عەبدولسەلام ئەفەندی لەم کوشتنە بەشدار بووە، هەشت کەسیش لە عەقرە بەشدارن لەم کارە، دوای روون بوونەوە ئەگەر قرتاسوکی دەستبەسەرکراو دادگایی کردنی گونجاو بێت ئەوا ئەوانی تریش هەمان مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، بە بریاری پێشوو ئەو تاوانە بە گشتگیری شێخ عەبدولسەلام ئەفەندی و هەشت کەس لە هاوەڵانی بەدواداچوون دواکەوتووە، لە بەر بابەتی کوشتنەکەش بە گومان قرتاسوك دەستبەسەر کراوە و دادگاییکردنەکەی گونجاو بینراوە، بۆ جێبەجێ کردنی کارەکە لە نەزارەتی ناوهاتوو وەڵام هاتووە، نووسراویش بۆ راگەیاندنی کراوە.




هەواڵنامەی کتێب

| .BEO | 004175.313096 | 13 جەمادی کۆتایی 1331 |
| --- | --- | --- |


بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
یەکەی چوارەم
٣٧٦ تایبەتی
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
راگەیەندراوی بەندەیە
مێژووی ٢٨ نیسان ١٣٢٩ ژمارە ٣٤٨ وەڵامی نووسراوی سەدارەتە، بڵاوبوونەوەی پروپاگەندەی تاڵانکردن و دەست بەسەرکردن کە لەلایەن شێخی بارزان کراوە، لە ویلایەتی موسڵ بە نووسراو زانیاریەکان دراوە، لە بارەی دەستبەسەرکردەکاندا لە ویلایەت زانیاری نییە، هەروەها کار دەکرێت بۆ گەرانەوەی کەلوپەل و مەروماڵاتە تاڵانکراوەی تەیاریەکان و کلیسای کەندك و ئەوانی تر، بۆ ئەمەش لە کاتی دامەزراندنی قۆمیسیۆنێکی تایبەت و ناردنی، لە کاتی راگەیاندنی ئەنجامی کارەکە لە وەڵامدا ئاماژە بە چۆنیەتی راگەیاندن و بڵاوکردنەوەی دەکرێت، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٣ جەمادی کۆتایی ١٣٣١ و لە ٧ مایس ١٣٢٩.
راوێژکار بە ناوی نازری ناوەخۆ


OSMANLI ARŞİVİ
BEO
4192 314393

هەواڵنامەی ڕێژ

| | | |
|---|---|---|
| 1 شەعبان 1331 | 004192.314393 | BEO. |

١ شەعبان ١٣٣١
٢٣ حوزەیران ١٣٢٩
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
هاوپێچی نووسراوی ٢٢ حوزەیران ١٣٢٩، دوای لێکۆڵینەوە روون بۆتەوە، بە درێژکردنەوەی گفتوگۆ لەگەڵ ویلایەت هیچ ئەنجامێك نادات بە دەستەوە، بۆیە بە دابین کردنی هۆکاری گواستنەوە لەگەڵ فەرمانبەرانی سەربازی بە هێزی رێکخراو بۆ رواندز رۆیشتوون، هەروەها شێخی بارزان رۆژ بە رۆژ دەسەلاتی زیاتر دەبێت، بەها بۆ دەسەلاتی حکوومەت دانانێت، سەرەتا لەلایەن هەندێك شێخەکان ئەو نووسراوەی کە بۆ لایەنی قوماندانیەتی لەشکری قولی نێردرا بوو، لەگەڵ تەلەگرافنامەی هاوپێچ. تایبەتمەندیەکانیش نیشان دراون، جگە لەمە بۆ لێکۆڵینەوە هاوکار دەنێردرێت، شیفرە بۆ قوماندانیەتی لەشکری قولی یانزەهەم دەرچووە، وێنەیەك لەم تەلەگرافنامەیە نێردراوە، لەگەڵ ئەویش نوسراوی هاوپێچی نەزارەتی جەنگی جەلیلە لە مێژووی ٢٠ حوزەیرانی ١٣٢٩ ژمارە ٥١٦ بۆ لایەنی سەروو نێردراوە، بە تێروانین لە نووسراوەکان و ئاماژەی پێشوو جێبەجێ بکرێت و هیممەت بکرێت لە ناردنەوەی هاوپێچەکان.




04200.314954.001

| 1331 شەعبان 23 | 004200.314954 | BEO. |
| --- | --- | --- |

٢٣ شەعبان ١٣٣١
١٤ تەمموز ١٣٢٩
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
هاوپێچـی نـووسراوی مێـژووی ٧ تەممـوز ١٣٢٩یـە، دوای رووبەرووبوونـەوەی سـەید تەهـا لەگـەڵ عەبدوڵـڵا بـەگ، ئـەوا عەبدوڵـڵا بـەگ هەڵاتـووە، دوای وەرگرتنـی هـاوکاری لـە بەگزادەکانـی برادۆسـت و بـە نـووسراو داوای لـە شـێخی بـارزان کـردووە پارێـزگاری لـێ بـکات و هـاوکاری بـکات، لـەلای ئێمـەوە گونجـاو نییـە و ناکـرێ لـە دەرەوەی سنووری ئێمـە لـە شـوێنێکی تـر داوای یارمەتـی بـکات، لەبـەر مەترسـی کارەکـە ئێسـتا رێگـری لـێ کـراوە، هەروەهـا عەبدوڵـڵا بـەگ دووبـارە چۆتـە لای شـێخی بـارزان و داوای کـردووە یـا ئەوەتـا هـاوکاری بـکات یاخـود خانەکـەی بگوازێتـەوە بـارزان، ئەمـەش جێگـای قەبـوڵ نییـە، بۆیـە نیشـتەجێ کردنیـان لـە نـاو سـنووری حکوومەت گونجـاوە سـەردانی حکوومەتـی خۆچێـی بکـەن، بـە ئامـاژەی قوماندانیەتـی لەشـکری دوانـزەی قـول ئەمجـارە لـە نەزارەتـی جەنگـی جەلیلـە نـووسراو کـراوە، بـە تێروانیـن لـە ئاگادارکردنـەوەی پێشـووش ویلایـەت ئـاگادار بکرێتـەوە و ئـەو وەڵامـەی کـە وەردەگیرێـت خوێندنـەوەی بـۆ دەکرێـت و هیممـەت بکرێـت لـە راگەیاندنـی.

بۆ لایەنی سەرووی نەزارەتی دەرەوەی جەلیلە
هاوپێچـی نـووسراوی ١ تەممـوز ١٣٢٩، بـۆ پاراسـتنیان لـەو زوڵمانـەی کـە لێیـان کـراوە، بـەردەوام سـەردانی شـێخی بـارزان دەکـەن، بـۆ پاراسـتنی هاوڵاتیانـی عوسـمانی لـە دەوروبـەری شـنۆ و دەسـتەبەرکردنی مافەکانیـان پێویسـتە لـە رووی سیاسـییەوە ئامـادەکاری بکرێـت، بـۆ ئەمـەش بـە ئامـاژەی قوماندانیەتـی لەشـکری دوانـزەی قـول ئەمجـارە لـە نەزارەتـی جەنگـی جەلیلـە نـووسراو کـراوە، هەروەهـا بـە تێروانیـن لـە ئاگادارکردنـەوەی پێشـوو دەبـێ جێبەجـێ کرابێـت و لەگـەڵ بەدواداچـوون و پشـتگیری کردنیـش ئەنجامەکـەی رابگەیەندرێـت، هیممـەت.

هەواڵنامەی کتێب

| DH.KMS. | 00025.00052 | 19 شەعبان 1332 |
| --- | --- | --- |


- تەلەگرافنامە
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی دەرسەعادەت
لە بارەی سەقامگیری و جێگیر بوونی ئاسایش سوپاسی هیممەت و کارەکانتان دەکەین، جگە لەمە خزمەتی زانستی کردووە و کاری نۆژەن کردنەوەی ئەنجام داوە، لە دوور خستنەوەی بارزانیە چەتەکان سەرکەوتنی بەدەستهێناوە و دڵسۆزی ویلایەتە، هەروەها لە رووی ئاسایشی گشتییەوە ویلایەتەکەمان زیندوو بۆتەوە، بۆیە لادانی والی سلێمان لەتیف بەگ جێگەی قەبوڵ نییە، بە گشتی بۆ وولات جێگای میهرەبانییە.
لە ئەشرافی رواندز عەبدوڵلا پاشازادە سەعید


- بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
قەڵەمی شیفرە
ئەو شیفرەی لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە
١ تەمموز ١٣٣٠
عەبدولقادر ئەفەندی ئەو کەسە زیاد لە سەروو بەرێزە، بۆیە بە دامەزراندنی وەکو موتەسەرفی کەرکوك سوپاستان دەکەم، لەبەر ئەوەی لە نەزارەتی ناوەخۆ یەك هەڵەو کەموکوری بیبرێت، ئەو کەسە بەلاوە دەنرێت، ماوەیەك بە پێی یاسا، دامەزراندنی موتەسەرف لەلایەن والیەکانەوە دەردەچوو، لەم چوارچێوەیە پرسیار دەکرێت، رێز لە چی ئەو چوارچێوەیە نەگیراوە، مافی خۆمە بیزانم، بارودۆخی کەسی خۆم مەبەستم زیان نییە ئەگەر هەیە، ئەوا .............. ئاڵۆز و پەرێشان دەبێت. لەمەودوا ئەوەی دێتە ویلایەت داوا دەکەم مامەڵەی باشتر ئەنجام بدات.
والی نەزیف
لە ٣٠ حوزەیران ١٣٣٠


- بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
قەڵەمی شیفرە
وێنە
حەمزە بەگ لە موتەسەرفی کەرکووك دوور خراوەتەوە و کۆتایی بە کارەکەی هێنراوە، لەبەر زەحمەت بەرێوەبردنی کارگێری، ئەو خورەوەشتەی کە لە موتەسەرفی ئەو سانجەقە داوا دەکرێت، هەمووی لە حەمزە بەگ دا هەیە، پێم ووتن. نیشتیمان پێویستی بە نەوەی فیداکارە، هەروەها سەردەمانێك پێویستی بە هەوڵی ئەو کەسانە بووە، یەکێکی وەکو حەمزە کە هەرگیز شوێنی کۆشك نەبووە، بەڵکو چیاکانی کوردستان و سنووری ئێرانە، بێ سوود کاتی بۆ ئەو خزمەتە قەبوڵ کردووە، هەروەها بە بابی عالی ئاگاداریتان ناردووە، ئەگەر بەهانە بدۆزێتەوە و لەم کارە رابکات، لە ئیستەنبوڵ بە بیانووی کەسێکی دۆراو هەژماری دەکەم، تا هەتاهەتایە ناوبانگی بەمە دەردەکات لە ١٣ حوزەیران ١٣٣٠.


TELEGRAMME

ADMINISTRATION DES TÉLÉGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN


داخلیه نظارتی


داخلیه نظارتی





هەواڵنامەی کێتێ

| A.DVN.MKL. | A.00098.00058 | 30 شەعبان 1332 |
|---|---|---|

لە ناو ویلایەتی موسڵ لە بارەی یاسای گۆرینی ناحیەی زێبار بۆ قەزا
راگەیەندراو: ٢٥ جەمادی یەکەم ١٣٣٢/٨ نیسان ١٣٣٠ (١٧٩٧ ت) یاسا: ٣٠ شەعبان ١٣٣٢/ ١٠ تەمموز ١٣٣٠
ساڵی کۆبوونەوە: ١٣٢٩-١٣٣٠
ئەنجوومەنی نێردراوان
کۆبوونەوە: ٤ (١٠ مایس ١٣٣٠) رۆژنامەی زابت (ضبط جریدەسی): ص: ٢١
کۆبوونەوە: ١٥ (٢ حوزەیران ١٣٣٠) رۆژنامەی زابت (ضبط جریدەسی): ص: ٢٢٣،٢٢٤


ئەنجوومەنی ئەعیان
لیستی یاسایی و بریارنامەی ئەنجوومەنی دارایی قەبوڵ کراوە
کۆبوونەوە: ١١ (٧ مایس ١٣٣٠) رۆژنامەی زابت (ضبط جریدەسی): ص: ٧٥
کۆبوونەوە ١٧ (٢٨ حوزەیران ١٣٣٠) رۆژنامەی زابت (ضبط جریدەسی): ص: ١٧٨-١٧٩



هەواڵنامەی کتێب


| | | |
|---|---|---|
| DH.EUM.EMN. | 00074.00021 | 25 جەمادی کۆتایی 1332 |

نەزارەتی جەنگی
فەرمانگەی نووسراوەکان
قەڵەمی شیفرە
بە پەلە و بەوپەڕی توندی ئەو شوێنانە تەمبێ بکرێن و بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوە تێدا قەدەغە بکرێت، لە بنکەکانی پۆلیس ژاندارمە و هێزی ڕێکخراو نیشتەجێ بکرێن، قائیمقامەکانی قەزا و بەڕێوەبەری ناحیەکان و ئەفسەرانی ژاندارمەی سەیار بوونیان هەبێت، ئەوانەش پەیوەستن بە لایەنی مولکیە و سەر بە لایەنی مولکیەن، بلۆکەکانی سەر سنوور ڕێگە نەدەن چەتەکان سنوور ببەزێنن، بۆ ئەمەش ئەوەی پێویستە لایەنی سەربازی ئەنجامی بدەن، بە گفتوگۆ تابورەکانی وان و هەکاری و کەواش و شەمدینان لە کەموکوری تەواو بکرێن، هەروەها لە مەرکەزەوە ئەو دوو تابورەی بۆ بارزان نێردرابوو لە سانجەقی هەکاری بەجێ بهێڵدرێت، جگە لەمە یەك تۆپ لە مەرکەزی هەکاری دابنرێت، ئەگەر چی ئەو بابەتانە بۆتە بریار و دەرچووە، بەڵام تا وەرنەگرتنی ڕەزامەندی جێبەجێ ناکرێت، بۆ ئەوەی لە داهاتوو تووشی کێشەی زیاتر نەبن، هەرچی زووە فەرمان بدرێتە فرقە، هەروەها بە نەزارەتی ناوخۆش راگەیەندراوە، لە ناو مەملەکەت بۆ ماوەی سێ چوار مانگ لە ئەرزوروم سێ تابوری نیزامیە بنێردرێت، راگەیەندراوە.
لە ٨ مایس ١٣٣٠
تەحسین والی


باب عالی
داخلیه نظارتی
شیفره قلمی
صورتدر
OSMANLI ARŞİVİ
DH.EUM.

| DH.EUM.EMN. | 00091.00016 | 8 شەوال 1332 |
|---|---|---|

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
قەڵەمی شیفرە
وێنە
لـەم ماوەیـەدا شـێخی بـارزان لـە خـوی لەلایـەن جەنەراڵـی رووسـیە، هێنانـی سـەید تەهـاش بـۆ خـوی، لەلایـەن جەنەراڵـی ناوبـراوەوە بـووە، لـە کۆتاییـدا ئەمـرۆ چـاوم بـە خـۆی کـەوت، کۆکردنـەوەی سـەربازی عوسـمانی لەسـەر سـنوور، ئەرکانـی جەنگـی رووس میـری ئـاڵای ئاندریـە فسـکی تووشـی گومـان و دڵەراوکـێ کـردووە، هەروەهـا وەکـو میـر حیشـمەت هەندێـك ئاژاوەگێـری ئێـران لـە ئیسـتەنبوڵ و شـوێنەکانی تـر هاتوونەتە سـنووری دەوڵەتـی عوسـمانی، دەیانەوێـت بچنـە نـاو خاکـی ئازربێجانـەوە، وەرگرتنـی هەندێـك هەواڵـی ئـاوا تووشـی دڵەراوکێـی کردوویـن، پێویسـتە هـەردوو لا هێـور بکرێنـەوە، هەروەهـا تـا یـەك دوو رۆژ لـە قەفقاسـیاوە بـۆ رۆژئـاوای ئازربێجـان هێـز دێـت و ئەمـەش لەلایەنـی عوسـمانیەوە ئـەوەی بیـنراوە بـە بەندەکانـی راگەیانـدووە.





هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| DH.UMVM. | 00128.00046 | 18 رەجەب 1332 |

ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی نووسین
١٢٥ تایبەتی
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
پوختە: لە بارەی ڕێگای بارزان
بۆ جەنابی ئەفەندم

هاوپێچ نووسراوی مێژووی ٢٣ نیسان ١٣٣٠ ژمارە ٦٥ ی بەندە هاتووە، بۆ ئەو ڕێگایەی کە لە چیاکانی عەقرە و پێرس بونیاد دەنرێت، لە نەزارەتی نافیعە ئەو دەرماڵەیەی دابین دەکرێت بە گوێرەی یاسا ناکرێت، بەڵام خەرجی دروست کردنی لە بودجەکانی ویلایەت بە ناوی هاوکاری و بە زیادکردنی بودجەی ناوەخۆ جێبەجێ کردنی گونجاو دەبێت، لە وەڵامی ئەو ئاماژەیەی کە کراوە، بە نەزارەتی ناوهاتوو ووتراوە، هەروەها لە بارەی ڕێگەی ناوهاتوو دووپاتکراوەتەوە کە دروست کردنی لە رووی کارگێری و سەربازیەوە سوودی هەیە، هەرچی زووە دروستکردنی پێویستە، ئەو دەرماڵەی بۆی تەرخان کراوە بەبێ دواکەوتن بدرێت، ئەمەش بە هاوکاری نەزارەتپەناهی جەلیلە دەبێت، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.
لە ١٨ رەجەب ١٣٣٢ و لە ٢٩ مایس ١٣٣٠
والی موسڵ


TELEGRAMME

تلغرافنامه

دولت علیهٔ عثمانیه تلغراف اداره‌سی

ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN


L'état n'accepte aucune responsabilité à raison du service de la télégraphie


OSMANLI ARŞİVİ

DH.İD

DH.İD.00169.00011.006

<table dir="rtl">
<tr><td>DH.ID.</td><td>00169.00011</td><td>10 جەمادی یەکەم 1332</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ناوەخۆ<br>نزیکەی ٣٠ کیلۆمەتر رووبەری نێوان عەقرە بۆ بارزانە، لەم نێوەندەدا لە عەقرەوە تا بارزان یەك هێڵی تەلەگراف هەر ئێستا نوێ بکرێتەوە، بۆ نەزارەتی پەیوەندیدار نێردرا، بوونی ئەم هێڵە، زۆر بە پێویست زانراوە، لە نەزارەتی جەلیلەش پەلەی لێ بکرێت و بەدواداچوونی بۆ بکرێت.<br>لە ٢٤ مارت ١٣٣٠<br>لە عەقرە سلێمان نەزیف والی موسڵ</td></tr>
</table>





| I.MMS. | 00182.00028 | 25 جەمادی یەکەم 1332 |
|---|---|---|


- بابی عالی
ئەنجوومەنی‌تایبەتی
٤٢٣
لە نەزارەتی ناوەخۆ نووسراو خوێندراوەتەوە، ناحیەی زێبار دەگۆردرێت بۆ قەزا و گوندی بارزایش دەبێتە مەرکەزەکەی، داهاتی ئەمنیەت و ئاسایش و تێچووی میری پارێزراو دەبێت و ئاسانکاری تێدا دەکرێت، هەروەها بۆ ڕێکخستنی قەزایەك لە چینی سێیەم داهاتەکەی لە بودجەی ساڵی ٣٣٠ لە بەشی هەشتەم لە ناو دابینکراوی قەزادا ڕێك دەخرێت، لەم بارەیەوە لیستی یاسایی ڕێکخراوە و نێردراوە، لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی گشتی خەریکە بە یاسایی دەکرێت، لە ئێستاوە لە ڕووی شوێن و دروست کردنی نووسراو کراوە و لەگەڵ لیستی ناوهاتوو پێشکەش کراوە و ڕاگەیەندراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٣ جەمادی یەکەم ١٣٣٢ و لە ٦ نیسان ١٣٣٠.
نازری دەریایی/ نازری داد/ نازری ناوەخۆ/ نازری جەنگی/ نازری ئاوقافی هومایۆن و شێخی ئیسلام/ نازری دەرەوە و سەدری ئەعززەم

- بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی کارگێری گشتی ناوەخۆ
٤٢٣ تایبەتی
لیستی‌یاسایی
مادده ١/ لە ناو ویلایەتی موسڵ ناحیەی زێبار بۆ قەزا دەگۆردرێت و گوندی بارزانیش دەکرێتە مەرکەز.
مادده ٢/ بۆ ئەم کارە لە مێژووی بڵاوکردنەوەی هەژمار دەکرێت،
مادده ٣/ بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارە نازری ناوەخۆ ئەم ئەرکەی پێ دەسپێردرێت.
ئەم لیستە یاساییە لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی گشتی بە یاسایی دەکرێت، بۆ شێوەیەکی کاتیش شوێنی ستراتیژی و ئامادەکردنی هەروەها یاساکانی دەوڵەت بە فەرمانی من دەبێت.
لە ٢٥ جەمادی یەکەم ١٣٣٢ لە ٨ نیسان ١٣٣٠


DH.İD.00183.2.00041.003

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><th>13 جەمادی یەکەم 1332</th><th>00183.2.00041</th><th>DH.ID.</th></tr>
<tr><td colspan="3">رسومی مانگانە<br>١٥٠٠ مووچەی قائیمقام<br>٤٠٠ مووچەی کاتیبی نووسین<br>٤٠٠ موچەی فەرمانبەری ناسنامە<br>٢٥٠ مووچەی کاتیبی ناسنامە<br>٢٥٥٠<br>١٠٠ مووچەی ژووریچی (ئۆدەچی)<br>٢٦٥٠<br>پێویست دەکات لە چینی سێیەم قەزای زێبار رێکبخرێت کە مەرکەزەکەی گوندی بارزان دەبێت، بۆ خەرجی ساڵانەی ناوەخۆی فەرمانبەرانی، ٣٢٨٠٠ قوروش لە بودجەی ساڵی ٣٣٠ لە دابینکراوەکانی قەزا بە داهاتی ناوەخۆ رێک دەخرێت، بە تۆمار روون بۆتەوە.<br>لە ٢٧ مارت ١٣٣٠</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| MV. | 00189.00053 | 23 رەجەب 1332 |

پوختەی دارایی

لە قەزای کوار ناحیەی ئورامار، چەندین ساڵە سەرۆك هۆزەکەی لەگەڵ عەبدولسەلام شێخی بارزان لە نێوانیان رووبەرووبوونە و شەڕ بەردەوامە، لەبەر ئەم هۆکارەوە بە تاوان تاوانبار کراوە و بە ئامادەنەبوونی سزا دراوە، ماوەی پێنج ساڵە هەڵاتووە و ئەمجارە دوژمنەکەی سینو ئاغا لەلایەن حکوومەتەوە تەمبێ کراوە، دڵسۆزی خۆی و بێ لایەنی خۆی بۆ حکوومەت راگەیاندووە، هەروەها دەرکەوتووە لەلایەنی تۆماری ناسنامە و رێکخستنی کارگێری لە هەموو لایەنێك هاوکاری حکوومەت دەکات، سەبارەت بە لێبووردنی ئەو سزایەی کە لە ئامادەنەبوونی بەسەریدا سەپێنراوە، بە گوێرەی ئەو پرس و رایەی کە پێشوتر کراوە لە وەڵامدا نووسراوی نەزارەتی داد لە ١ حوزەیران ١٣٣٠ ژمارە ١٦١ هاتوو خوێندرایەوە.

بریار

لە نووسراوی ناوهاتوودا تۆمار کراوە، سەبارەت بەم سزایەی کە لە ئامادەنەبوونی سەپێنراوە، لەبەر ئەوەی بریاری کۆتایی نییە، لێبووردنی ناوبراو جێگەی قەبوڵ نییە، بەڵام لەبارەی ئەو جۆرە کەسانەوە بە پشت بەستن بەم مامەڵانەی کە دەکرێت، لە یاسای چاودێری مافی کەسێتی دەمێنێتەوە، بۆیە دواخراوە، بە گوێرەی ئەوە جێبەجێ کردنی حەواڵەی نەزارەتی ناوهاتوو کراوە، هەروەها بۆ ئەوەی زانیاری بدرێتە نەزارەتی ناوەخۆ نووسراو کراوە.




هەواڵنامەی کتێب


| DH.EUM.MH. | 00253.00046 | 18 رەجەب 1332 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە
٣١

ساڵی رابردوو لە سەرەتایی مایس فرقەی مام شێخان لە هۆزی هەرکی لە کاتی رۆیشتنیان بۆ دەشتایی لە ناو ناحیەی زێبار لەسەر پرد بۆ گوندی سوری پەریونەتەوە، لەو کاتە لەلایەن دێوانەکانی شێخی زیانداری بارزان دووچاری هێرش بوونەتەوە، سەرۆکی فرقەکە پیرو ئەفدال بریندار بووە، بەم شێوەیە تاکەکانی هۆزەکە پەرشوبڵاوبوونەتەوە، لەم ناوە زیاتر لە ٥٠٠٠ سەر ئاژەڵ ماوەتەوە، تەنیا ٥٠٤ سەر مەڕ و بزن لەگەڵ ٤٤ بارگیر و مایین هێنراونەتە عەمادییە، دەرکەوتووە قەزاکانی عەمادیە و عەقرە دواکەوتوون لەم دەستدرێژیە، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی تەواو ئەنجام بدرێت و هەرچی زووە راستیەکان ئاشکرا بکرێن، ئەمجارە بۆ قەزایە ناوهاتووەکان ئیسماعیل بەگ ئەفسەری دووەمی پۆلیس دادەمەزرێت و رەوان بکرێت، بە ناچاری بۆ خەرجی و دابینکراوەکانی ٢٠٠٠ قوروش دەدرێتە خودی خۆی، بۆ رێکخستنی برە پارەی ناوهاتوو حەواڵەنامە نێردراوە، شایەنی ئەوەشە نەزارەتپەناهی هاوکار بێت، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٨ رەجەب ١٣٣٢ و لە ٢٩ مایس ١٣٣٠.
بەڕێوەبەری کشتوکاڵ/ سەر موهەندیس/ بەڕێوەبەری مەعاریف/ نووسەر/ دەفتەردار/ قازی/ والی موسڵ




DH.ŞFR.00422.00092.001




DH.ŞFR.00422.00092.001

هەواڵنامەی کتێب


| DH.ŞFR. | 00422.00092 | 7 رەجەب 1332 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
لە قائیمقامیەتی شەمدینان شیفرەی تەلەگرافنامە وەرگیراوە، وێنەی زانیاری راگەیەندراوە، لە ١٩ مایس ١٣٣٠

بۆ والی تەحسین
وێنە، یەکێك لە پیاوەکانی شێخی بارزان لەگەڵ چوار لە دێوانەکانی بە رێگەی رواندز چۆتە راژان، بۆ ئەوەی چاوپێکەوتن لەگەڵ سەید تەها بکەن، پیاویان ناردووە، بەڵام رێگە نەدراوە، بۆ وەرگرتنی تفەنگ و جبەخانە لەو خانەوادانەی کە لە بارزان هێناویانە هەروەها بۆ پارێزگاری کردن لەمانە داوایانکردووە پارێزگاریان لێ بکرێت، ئەمەش بە دڵنیاییەوە هەواڵگری هاتووە و لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، ئەگەر ناردنی پیاو لەلایەن بارزانەوە راستیش نەبێت، ئەوە سەرهەڵدانی کاری چەتەگەریان لە ژێر ئەگەر دایە.





DH.ŞFR.00424.00088.001




DH.ŞFR.00424.00088.001

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><th>DH.ŞFR.</th><th>00424.00088</th><th>27 جەمادی یەکەم 1332</th></tr>
<tr><td colspan="3">لە عەقرە دەرچووە<br>شیفرە<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆ<br>ناوچـەی چەتەگەریەتـی شـێخی بـارزان قەزاکانـی عەقـرە و روانـدز و عەمادیەیـە، لـە نێـوان ئەوانـەدا زیاتـر دەسـەڵات و زوڵمەکانـی لـە عەقرەیـە، لـەم قەزایـە بەهـۆی تاوانـی ئاغاکانـی و لایەنگرانـی، ئـەو دێوانـە خراپەکارانـەی کـە لـە داد دەسـت بەسـەرن، لـە رۆژی ٢٨ی مـارت رۆژی هەیینـی لـە رووبەرووبوونەوەیەکـدا ٨ کەسـیان مـردوون، هەرچـی دێوانەکانـی نـاو روانـدزە ئـەوا خراپـەکاران لەلایـەن سـەربازان لەناوبـردراون، لـە ناحیـەی مـزوری بـاڵاش ئاغـا زیانبەخشـەکان لەگـەڵ ئاغاکانیـان بەیەکـەوە دەسـتگیر کـران، لـە ئەنجوومەنـی کارگێـری قـەزای عەمادیـەش ئەوانـەی نزیکـن و لایەنگـرن دوورخراونەتـەوە، لـەم قەزایـەش بـەم رێگایـە هەمـوو شـتێك رێـرەوی خـۆی گـرت، لەبـەر ئـەوەی لایەنـی سـەربازیش چـاو و گوێچکـەی کـراوە نییـە، شـێخ هەڵاتـووە، ون و شکسـت خـواردووە، لـە رانیـە تێپەریـوە و بـۆ ئێـران رۆیشـتووە، ئەمـرۆ لەلایـەن شـنۆیە، بـۆ ئـەوەی لێکۆڵینـەوە لەسـەر بابەتەکـە بکـەم و کۆتایـی بـەم جـۆرە چالاکیانەیـان بهێنـم، ئەمـرۆ دەگەڕێمـەوە موسـڵ.<br>لە ١٠ نیسان ١٣٣٠<br>لە عەقرە والی موسڵ نەزیف</td></tr>
</table>


TELEGRAMME


تلغرافنامه

دولت علیهٔ عثمانیه تلغراف ادارهسی

ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN


DH.ŞFR.00425.00112.001

<table>
<tr><td>DH.ŞFR.</td><td>00425.00112</td><td>8 جەمادی کۆتایی 1332</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>بـۆ چاودێریکردنـی بـارزان ئـەو دوو تابـورەی لـە وان نێردراوەتـە شـەمدینان، لـە نـاو پەرێشـانی دان و نەبوونـی دەچێـژن، ئەمـەش بـە گوێـرەی ئـەو زانیـاری و هەواڵانـەی هاتـووە روون بۆتـەوە، هـەر لـە سـەرەتاوە ئەگەرچـی رامگەیانـدووە بـۆ شـێخی تونـدرەو پێویسـت بـەم هەمـوو جموجۆڵـە نـاکات، بـەڵام بـۆ ئـەم مەسـەلەیە رازی کردنـی ئەسـعەد پاشـا قوماندانـی لەشـکری قـول ئەسـتەم بـووە، بـۆ ئـەم جـۆرە رووداوانـە پێویسـتی بـە پشـتگیری نەبـووە، بـە گەرانـەوەی ئـەو تابورانـە بـۆ شـوێنەکانی خۆیـان و رزگارکردنیـان لـە نەبوونـی و هـەژاری نەزارەتـی جەنگـی ئـاگادار کراوەتـەوە، رەزامەندیـش دەگەرێتـەوە بـۆ نەزارەتپەناهـی سـەروو.<br>٢١ نیسان ١٣٣٠<br>نەزیف والی</td></tr>
</table>


TELEGRAMME
تلغرافنامه
دولت علیهٔ عثمانیه تلغراف اداره‌سی
ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN
DH ŞFR 426/96


DH.ŞFR.00426.00096.001

<table>
<tr><td>DH.ŞFR.</td><td>00426.00096</td><td>18 جەمادی کۆتایی 1332</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ناوەخۆ<br>شێخی بارزان عەبدولسەلام لە خاکی ئێرانە و لە سنوورەکەمان نزیکە، ئا لەم کاتەدا بۆ لەناوبردنی کار بکرێت، توندرەوی ناوبراو بەم شێوەیە سزاکەی خۆی دەبینێ، هەروەها بۆ ئێران و حکومەتی روسیاش دەبێتە بابەت تا گفتوگۆی لەسەر بکەن، شێخی ناوبراو لە سنوور دەسورێتەوە، هەندێك لە هۆزەکان لە دەرەوەی هیوا و هەڵبژاردنی حکوومەتەکەمان بۆ خۆی سنووری گرتووە و لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدایە، ئەمەش لە تەلەگرافنامە لە بەرامبەر ئەگەرێکی لەم جۆرە نارەزایی دەربریوە و پێشکەشی بابی عالی کردووە، لە ١ مایس ١٣٣٠.<br>والی نەزیف</td></tr>
</table>




DH.ŞFR.00426.00104.001

| DH.ŞFR. | 00426.00104 | 19 جەمادی کۆتایی 1332 |
|---|---|---|
| بۆ نەزارەتی ناوەخۆ<br>لە ١ مایس ١٣٣٠ هاوپێچی دوو پارچە تەلەگرافنامەیە، ئەسعەد پاشا هێشتا لە پلەی قوماندانیەتیە، ئەو خیانەتەکەی کە کردوویەتی دیارە، هەروەها ئەگەر چی بێت و چی نەبێت بۆ سەرهەڵدانی مەسەلەیەك لە بیانو دەگەڕێت، گوایە ئەو سەربازانەی بۆ بەدواداچوونی بارزانیەکان ئەرکی پێیان سپاردووە، لە کاتی خوێندنەوە ئەوانە لە مانەوە و گەڕانەوەیان دیسان لە دەستنیشان کردنی ئەرك و چالاکیان زوڵمیان لێکراوە، رامگەیاندووە.<br>لە ٢ مایس ١٣٣٠<br>نەزیف والی | | |



TELEGRAMME
تلغرافنامه
دولت علیهٔ عثمانیه تلغراف ادارهسی
ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN
DH ŞFR 429/105

هەواڵنامەی کتێب

DH.ŞFR.00429.00105.001

| DH.ŞFR. | 00429.00105 | 16 جەمادی كۆتایی 1332 |
|---|---|---|


بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
لـە ٢٧ مایـس ١٣٣٠ لـە هەڵاتووانـی سـینوب تەنیا ٤ كەس نییە، تەنانەت ٦٠ تا ٧٠ كەسـیش بێت، بۆ ئـەم دەورووبەرە هاتـوون، بـەڵام لەلایەنـی عەمادیـە و بارزان هێڵی تەلەگراف نییە، بۆیە هەواڵی ئەو نـاوە لە كاتی خۆیدا وەرناگیرێت، ئەوانـی تـر لـە خۆچێـی جێبەجـێ دەكرێـت، لـە سـمێڵ بـۆ شـارۆچكەی دهـۆك بـروات لەوێشـەوە بـۆ عەمادیـە، هەروەهـا لـە عەقـرە بـۆ بـارزان هێڵـی تەلەگـراف درێـژ بكرێتـەوە، دووبـارە رایدەگەیەنـمـەوە، لـە ٢٨ مایـس ١٣٣٠.
نەزیف والی موسڵ


TELEGRAMME تلغرافنامه
دولت علیهٔ عثمانیه تلغراف اداره‌سی
ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN

DH.ŞFR.00436.00011.001

| DH.ŞFR. | 00436.00011 | 16 رەمەزان 1332 |
| --- | --- | --- |

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لـە هەمـوو لایەکـی ئێـران بـەدوای شـێخی بـارزان گـەراون، دەرنەکەوتـووە لـەلای ئێوەیـە، هەروەهـا هیـچ پروپاگەندەیەکیش لەسەر مردنـی بـڵاو نەبۆتـەوە، ئەگەرچـی تـا ئێسـتا هیـچ یەکێـك پەسـەند نەکـراوە، لەسـەر رێکخسـتنی کارگێـری قـەزای بـارزان تەنیـا لەسـەر دامەزراندنـی قائیمقـام ماوەتـەوە، نـە ناردنـی مەفـرەزەی ژاندارمـە و نـە دامەزراندنـی فەرمانبەرانـی قـەزا کـراوە، تەنیـا هێڵـی تەلەگـراف نوێکراوەتـەوە، ئـەو پـردەی کـە تـەواو بوونـی گەیشـتۆتە کۆتاییەکـەی چەنـد مانگێکـە بـێ کارە، ئەگـەر بێتـو شـێخی بـارزان بمرێـت ئـەوا قەزاکـە لـە نـاو ئـەو بارودۆخـە بەجـێ ناهێڵدرێـت، ئـەو تابـورە نیزامیـەی لەوێیـە، گونجـاو نییـە هەڵبگیرێـت، بـە تێروانیـن لـە نەزارەتـی جەنگـی داواکـراوە تێروانینـی بخاتـە سـەر ئـەو ناوچەیـە، لـە ٢٦ تەممـوز ١٣٣٠.
والی نەزیف


T.C. BAŞBAKANLIK OSMANLI ARŞIVI DAIRE BAŞKANLIĞI (BOA)

TELEGRAMME تلغرافنامه


دولت علیهٔ عثمانیه تلغراف ادارەسی

ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN

L'état n'accepte aucune responsabilité à raison du service de la télégraphie


| | | |
|---|---|---|
| 27 شەوال 1332 | 00441.00040 | **DH.ŞFR.** |

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لە ٤ ئەیلوول ١٣٣٠، لەبەر تاوانەکانی شێخی بارزان، چەندین کەس دەستگیرکراوە، نێردراوەتە دادگای داد، مامەڵەی یاسایی لەوێ جێبەجێ دەکرێت، بەڵام ئەو دیوانانەی دوای بڵاوبوونەوەی سەفەربەرلیك، چوونەتە ناو بارزان، بێگومان دەدرێنە دادگای جەنگی عورفی، لەم نێوەندە ئێستا ئەوانە هیچ سزایەکیان نەدراوەتێ، بە گوێرەی یاسا ئەو نەفەرتیانە سزای خۆیان دۆزیوەتەوە، ئەویش لە سێدارەدانە، بۆ ئەوەی بە زووترین کات ناوبراو بە شێوەیەکی پارێزراو رەوانی موسڵ بکرێت، ئەوا پێویستە فەرمان بدرێتە ئەوانەی کارەکە جێبەجێ دەکەن.
نەزیف والی




DH.ŞFR.00442.00100.001

| DH.ŞFR. | 00442.00100 | 11 زیلقەعدە 1332 |
| --- | --- | --- |
| بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>شێخی بارزان لە وان دەستگیر کراوە، ئەمەش والی موسڵ داوای کردووە، لێرە لە دیوانی جەنگی سزاکەی وەربگرێت، ئەگەر ئەوە هیوای ویلایەتی موسڵ بێت، با چاودێری یاسایی دوابخەین، ئەو شێخە لە گوندنشینێکی شوان زیاتر هیچی تر نییە، رادەگەیەنم لە بارودۆخێکی نەخۆش و رەزیل و پەرێشانیدا نییە.<br>لە ١٨ ئەیلوول ١٣٣٠<br>تەحسین والی | | |


دائرهٔ صدارت امور مهمه قلمی

OSMANLI ARŞİVİ
BEO
4323 / 324222

هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| BEO. | 004323.324222 | 10 موحەررەم 1333 |

١٠ موحەررەم ١٣٣٣
١٦ تشرینی دووەم ١٣٣٠
بۆ نەزارەتی جەنگی جەلیلە
نووسراوی ١١ تشرینی دووەم ١٣٣٠ ژمارە ٦٩١ وەڵامە بۆ سەروو
چەند ساڵێك دەبێت جۆرەها کەس و دانیشتوانی نەزانی خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، هێزێکی چەکداری دروست کردووە و خەریکی کوشتنی خەڵکی هەژار و تاڵان کردن و سووتاندنە، چەندین کارەسات و تاوانی ئەنجام داوە، بوێری کردووە کاروکردەی زۆر ئەنجام بدات، لە کاتی دادگایی پشت راست کراوەتەوە کە شێخی بارزان عەبدولسەلام لە خانەکەی کۆبوونەتەوە و بۆ یاخی بوون لە دژی حکوومەت سوێندیان خواردووە، بەراستی قوماندانیەتی یاخی بووەکان دەکات، ئەمرۆ ئەوانەی دەستگیرکراون بە ئامادە بوونی عەبدی خەڵکی گوندی بیکول و محەمەد ئاغا و عەلی کوڕی محەمەد ئەمین ئاغا خەڵکی گوندی نێروە و بە ئامادەنەبوونی سەعید کوڕی فەقی عەبدولرەحمان و خەڵکی گوندی مزوری خۆشەوی کوڕی عەبدو خەڵکی شێروان، حاجی دورین سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووە، لەگەڵ ئەوەش لە پلەی دوو ئەو کەسانەی کە ناویان دیارە لە سەرکردە و خاوەن دەسەڵاتدارەکان بەراستی بەرامبەر حکوومەت چەکیان بەکارهێناوە، بە پلەی جیاجیا سزا دراون، جگە لەمە ئەوانەی دەرنەکەوتووە لە تاوانی باسکراو بەشدار بوونە، بۆ ئازادکردنیان و ئەوانەی ئەو کاتەی دەستبەسەربوونە مردوون، لە دیوانی جەنگی عورفی موسڵ لە بارەیانەوە بریاری مافی گشتی دراوە، لە کاتی راگەیاندنی لەلایەن جەنابی عالی پەسەند کراوە، وێنەی پەسەند کراوی فەرمانی پاشا و لەگەڵ فەرمانی لە سێدارەدانی عەبدولسەلام و عەبدی و محەمەد و عەلی فەرمانی عالی هاوپێچ بۆ لایەنی سەروو نێردراوە. بۆ جێبەجێ کردنی.

| I.HB. | 00166.00056 | 16 رەبیعی کۆتایی 1333 |
| --- | --- | --- |


نەزارەتی جەنگی
فەرمانگەی تۆمار
قەڵەمی تۆمار
٢٩٠٣
فەرمانی پاشا

